دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤١١

٣١ی خاکەلیوەی ١٣٨٤

٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٥

١٥٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز کاك مستەفا هیجری بۆ بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی بە بۆنەی هەڵبژێرانی بۆ پۆستی سەرکۆماریی عێراق

**برای بەڕێزمان مام جەلال!**

**وێڕای سڵاوێکی گەرمی برایانە**

هەڵبژاردنی جەنابتان بە سەرکۆماری عێراق، جێگای دڵخۆشی‌و سەربەرزیی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرە. بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لە بەڕێزتان‌و هەموو گەلی کورد دەکەم.

بەو هیوایە لەو ئەرکە قورسەدا کە لە هەلومەرجی حاستەمی عێراق دا کەوتۆتە سەر شانتان، سەرکەوتوو بن.

**براتان مستەفا هیجری**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**پاریس ٧ی ئاوریلی ٢٠٠٥**

# بە یەکیەتی‌و هاوپشتی، گەلی کورد لە عێراق دەتوانێ دەستکەوتی لەمە زیاتریش وەدەست بێنێ

وتاری ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، لە کۆڕیادی پێشەوا قازی محەممەد لە سلێمانی ٢

دیدارو چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزب ٣

ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟ ٨

رووناکبیـــرو دەســـەڵات ٩

پەڵەیەکی رەش‌تر بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ١٠



## پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی بە بۆنەی هەڵبژێرانی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماریی عێراق

**زۆر بەڕێز جەنابی مام جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆك کۆماری عێراق!**

بە ناوی دەفتەری سیاسی‌و کۆمیتەی ناوەندی‌و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەبۆنەی هەڵبژێرانتان بە سەرۆك کۆماری عێراق، پیرۆزبایی‌یەکی گەرمتان پێشکەش دەکەین.

هەڵبژێرانی بەڕێزتان بە سەرۆك کۆماری وڵاتی دۆست‌و دراوسێمان عێراق، بەرهەمی خەباتی چەندین ساڵەی کوردو یەك هەڵوێستیی رێبەرایەتیی کورد لە قۆناغی ئێستا دایە، هەر لەو کاتەدا نیشانەی ئەوەیە کە عێراقی نوێ نیشتمانی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بە ئەرك‌و مافی بەرامبەرەوەیە.

ئاواتەخوازین عێراقی فیدراڵ لە ژێر رێبەرایەتیی بەڕێزتان دا بەسەر هەموو کۆسپەکانی سەر رێگای پێشکەوتن‌و بەختیاری‌دا سەرکەوێ‌و بەزوویی جێگای شیاوی خۆی لە کۆمەڵگای جیهانی‌دا پڕ بکاتەوە.

بەو هیوایە کە عێراقی نوێ ببێتە نموونەیەك لە دێموکراسی‌و ئازادی‌و پێشکەوتن بۆ هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

ئەوپەڕی سەرکەوتنتان لە بەجێهێنانی ئەرکە پیرۆزو نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌یەکان دا بە ئاوات دەخوازین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەفتەری سیاسی**

## بەولاوەتر لە زیندە خەوێك

**قادر وریا**

چوارشەمە، ٦ی نیسانی ٢٠٠٥ی زایینی، کاتژمێر ١١:٢٠ بە کاتی بەغدا، ساتێکی بێ‌وێنە لە مێژووی عێراق‌و گەلی کورد بە گشتی دابوو. لەو ساتە وەختەدا، ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراتیك دا کوردێکی بەسەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە هەڵبژاردو بەم جۆرە زەنگی دەست پێکرانی سەردەمێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی ئەو وڵاتەدا بۆ جارێکی دیکە زرینگایەوە.

کوردێك کە ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق بە٢٢٧ دەنگ لە کۆی ٢٥٧ دەنگی ئەندامانی ئامادەبووی ئەنجومەن، بە سەرکۆماری هەڵبژارد، مام جەلال خەباتگێڕی دێرین‌و یەکێك لە سەرکردە بەئەزموونەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بوو. هەڵبژاردنی مام جەلال بە سەرکۆماری عێراق، ئەگەر ئەو لایەن‌و رەهەندانەش لەگۆڕێ‌دانەبان کە ئاماژەیان پێ‌دەکەم، دیسانەکە رووداوێکی گرنگ لە مێژووی عێراق دابوو. چونکە بێگومانم لەوە کە وڵاتی عێراق لە مێژووی ٨٠ ساڵەی خۆی‌دا، رێبەرو سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی ئەوتۆی نەبووە کە لە ئەزموونی سیاسی، دیپلوماسی‌و رێبەری‌و لە بڕوا بە دیموکراسی‌و پلۆرالیزم‌و ماف‌و ئازادی‌یە جۆراوجۆرەکان دا، هاوشانی مام جەلال بووبێ. هەر بۆیە بوونی رێبەرێك بەو تایبەتمەندی‌یە کەسیيانەوە کە مام جەلال هەنی، لە چڵەپۆپەی دەسەڵاتدارەتیی وڵاتێکی وەك عێراق دا، بۆخۆی شتێکی گرنگ‌و بێ‌وێنەیە. بەڵام گرنگیی ئەو رووداوە لەمە زۆر بەولاوەترە، چونکە:

هەڵبژاردنی کوردێك بە سەرۆك کۆماری عێراق لە لایەکەوە بەرهەمی یەکڕیزیی گەلی کوردو یەکیەتیی بڕیارو ئیرادەی سیاسیی ئەو گەلە لە کوردستانی عێراقەو، لە لایەکی دیکەشەوە نیشانەی دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ لە هاوژیانیی نەتەوەو ئایین‌و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ئەو وڵاتە دایە. لە بارەی گرنگیی یەکیەتیی بڕیارو ئیرادەی سیاسیی سەرکردایەتیی کورد لە عێراق دا هەر ئەوەندە دەڵێم: ئەگەرچی درێژترین مێژوو لە بەرەنگاری لەگەڵ دیکتاتۆری‌و زۆرداری‌داو، زۆرترین قوربانی‌و گرانترین نرخ لە خەباتی ئازادیخوازانە لە چوارچێوەی عێراق دا، هی گەلی کورد بووە، هەروەها لەگەڵ ئەوەش دا کە ئەم گەلە بە حوکمی ئەزموونی دەوڵەمەندی لە خەبات داو تێکەڵاویی لە مێژینەی لەگەڵ بیروڕای پێشکەوتنخوازانەو مرۆڤدۆستانەو، مێژوو و کەلتووری دەوڵەمەندی خۆی، لە چەند دەیە لەمەوپێشەوە رۆڵەی لێوەشاوەی بۆ رێبەری‌و سەرۆکایەتی لە ئاستی وڵات دا هەبووە، بەڵام ئەو رۆژەو، زۆر کەمتر لەو دەسکەوتانەشی بەخۆوە نەدەدی، ئەگەر یەکڕیزی‌و یەکیەتیی بڕیارو ئیرادەی سیاسیی لە نێوخۆی‌دا دابین نەکردبا. هەر وەك سەرکۆماری هەڵبژێردراوی عێراق لە یەکەم وتووێژی خۆی لەگەڵ "الشرق الاوسط"دا ئاماژەی پێ‌کرد، پێشنیاری کاندیداتۆریی ئەو بۆ یەکێك لە پۆستە هەرە بەرزەکانی دەسەڵاتی عێراق، یەکەمین جار لە لایەن بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هێنرایە گۆڕێ. وەك لە چەند مانگی رابردووش دا شاهید بووین رێزدار بارزانی، پارتی دیموکرات‌و لایەنەکانی دیکەی نێو هاوپەیمانیی کوردستان، لە سەر پێداگرتن‌و پشتیوانیی خۆیان لەم بارەوە مکور مانەوەو، سەرئەنجام بە یەکیەتی، هاودڵی‌و هاوکاریی بێدریغ توانیان کوردێك بەم پۆستە بەرزو گرنگەی وڵاتی عێراق بگەیەنن.

هەڵبژێرانی مام جەلال بە سەرکۆماری عێراق، وەك گوترا نیشانەی دەست پێکردنی سەردەمێکی نوێ لە پێکەوە ژیانی نەتەوەو ئایین‌و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ئەو وڵاتە دایە. لە عێراقی نوێ‌دا ئیدی دەسەڵات بە گشتی‌و بە تایبەتی پوستە سەرەکی‌و بەرزەکان لە پاوانی یەك نەتەوەو ئایین دا نین. دەسەڵات، لەمەودوا، رەنگدانەوەی ئەو جۆراوجۆرییانە دەبێ کە عێراقیان پێك هێناوە. نەریتی لەمێژینەو هەر لەو کاتەدا ناتەبا لەگەڵ رێوشوێن‌و بەهاکانی دیموکراسی‌و هاووڵاتیەتی، یانی دابەشکردنی هاونیشتمانان بە سەر پلە یەك‌و پلە دووو پلە سێ‌دا کە میراتی رێژیمە شۆڤینیست‌و دیکتاتۆرەکانە، لە عێراقی نوێ‌دا خەریکە دەخرێتە زبڵدانی مێژوو. لە عێراقی نوێ‌دا بەیەك چاو سەیرکردنی هاونیشتمانان‌و دابینکردنی مافی یەکسان بۆ ئەوان، خەریکە دەبێتە دەستەبەری یەکپارچەیی وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئایین‌و، بەردی بناغەی هاوژیانیی بە ئاشتی‌و دڵخوازانەی لەسەر دادەنرێ.

هەروەك چەند جاری دیکەش مام جەلال‌و کاك مەسعوودو رێبەران‌و نوێنەرانی گەلی کورد لەم مانگانەی دوایی‌دا بە حەق گوتوویانە، دەسکەوتی گەلی کورد لە عێراقی نوێ‌دا، بەوەدەستهێنانی پۆستێکی ئاوا بەرز، کۆتایی نایە. چەسپاندنی دەسکەوتەکانی چەند ساڵی رابردووی ئەو گەلە لە یاسای نوێی عێراقی فیدراڵ‌و دیموکرات‌و پلۆرال داو، چارەسەرکردنی رەواو دادپەروەرانەی هێندێك کێشەی وەك کەرکووك‌و ناوچەکانی دیکەو هێزی پێشمەرگەو هتد، بەشێکی دیکە لەو دەسکەوتانەن کە گەلی کورد داوایان دەکاو بە هاتنە دییان گەشبین‌و هیوادارە.

گرنگی‌یەکی دیکەی ئەم رووداوە بێ‌وێنەیە، کاریگەریی لەسەر خەباتی گەلی کورد لە وڵاتانی دراوسێی عێراق‌و شوێندانانی لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ئەم وڵاتانەیە. بە ئاکام گەیشتنی خەباتی دەیان ساڵەی کوردەکان لە عێراق بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان‌و، هاوبەشیی کاریگەریان لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا، هیچ قسەی تێدا نیە کە خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان‌و لە وڵاتانی دەوروبەردا بەگوڕتر دەکا. تەنانەت کار دەکاتە سەر بۆچوون‌و روانینی هاونیشتمانانی ئەو گەلە لە تورکیەو ئێران‌و سووریەدا. چونکە ئەزموونی کێشەی کورد لە عێراق، نیشانی دا ئەگەر ئەو گەلە بە بیانووو ناوی جۆراوجۆرەوە لە هاونیشتمانەکانی هەڵناوێردرێ‌و سەرکوت نەکرێ‌و بە مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆی بگا، بە حەزو ئۆگری‌یەوە لە بنیاتنانی سیستمێکی دیموکرات‌و فیدراڵ‌و لە پاراستنی یەکپارچەیی وڵات لەسەر بناغەی پێکەوە ژیانی تێکەڵ بە یەکسانی‌و رێز لێك گرتن دا هاوبەشی دەکا. بەڵام ئایا دەسەڵاتبەدەستانی ئەم وڵاتانە کە ئەم گۆڕانە قووڵانە لە دراوسێیەتیی وڵاتی ئەوان دا روو دەدەن‌و خەریکن رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتەننەوە، دەرسێك وەردەگرن یا چارەنووسی رێژیمی گۆڕکراوی عێراق بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن؟

بەم سەرنجانەوە، بەبۆنەی هەڵبژێرانی مام جەلال بە سەرکۆماری عێراق، پیرۆزبایی لەو بەڕێزە، لە خەڵکی عێراق، لە گەلی کورد لە عێراق‌و لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەکەین‌و بۆ جەنابی، سەرکەوتن لەم پۆستەی‌داو، بۆ عێراق‌و گەلی کورد لەم وڵاتە، گۆڕان‌و سەرکەوتن‌و دەسکەوتی بەنرخ لە ماوەی سەرکۆماریی سەرکۆماری کورددا بەئاوات دەخوازین.

## راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتی‌دەربڕینی گەلی عەرەب لە ئێران

پاش لەقاودانی نێوەڕۆکی نامەی نهێنیی دەفتەری سەرۆك کۆماریی ئێران کە لەودا بۆ تێکدانی پێکهاتەی حەشیمەتی عەرەب لە ماوەی دە ساڵدا گەڵاڵەڕێژی کراوە، سەعات ٩ی بەیانیی رۆژی جومعە ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٨٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٥ی ئاوریلی ٢٠٠٥ی زایینی، هەزاران کەس لە رۆڵەکانی گەلی عەرەب لە شاری ئەهوازو باقی شارەکانی ئوستانی خوزستان رژانە شەقام‌و شوێنە گشتی‌یەکان‌و، بێزاریی خۆیان لە سیاسەتی دژی‌گەلی‌یانەی رێژیم بەرانبەر بە گەلی عەرەب لە ئێران دەربڕی. ئەو حەرەکەتە ئیعترازی‌یە لەگەڵ سەرکوتی بێ‌بەزەییانەی هێزە دژی‌گەلی‌یەکانی رێژیم بەرەوڕوو بوو و تا ئێستا نیزیك بە بیست کوژراوو سەدان کەس بریندار لێ‌کەوتۆتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی نەفرەت‌و بێزاریی خۆی لە سیاسەتی دژی‌گەلی‌یانەی رێژیم‌و مەحکوومکردنی سەرکوتی گەلی عەرەب لە ئێران، پشتیوانیی خۆی لە خەباتی گەلی عەرەب‌و لەو حەرەکەتە ئیعترازی‌یە ئازادیخوازانەیە دەردەبڕێ. لە هەمان کات دا سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری شەهیدانی ئەو رووداوە دڵتەزێنە دەکاو، چاکبوونەوەی هەرچی زووتری زامهەڵگرتووەکانی ئەم رووداوە خوێناوی‌یە بە ئاوات دەخوازێ.

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**١٣٨٤/١/٢٨ی هەتاوی**

## تەرخانکردنی بودجە لەلایەن ئەمریکاوە بۆ پشتیوانی لە دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ لە ئێران دا

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە رەسمی، دانی بەوەدانا کە دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بودجەیەکی ٣ میلیون دولاریی بە مەبەستی پشتیوانی لە دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ لە ئێران دا، تەرخان کردوە.

ریچاردباوچێر وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، وێڕای رەتکردنەوەی ئەو ئیددیعایەی ئێران کە ئەم بڕیارە لەگەڵ بەیاننامەی ئەلجەزایێر لە دژایەتی دایە، رای‌گەیاند کە رێکخراوە نادەوڵەتی‌یەکان کە لە بواری فێرکردن، چاپەمەنی‌و مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێران دا، تێکۆشانیان هەیە، دەتوانن بۆ کەڵکوەرگرتن لەم بودجەیە، لەگەڵ یەك رکابەری بکەن. لە دوای شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ەوە، ئەوە یەکەم جارە دەوڵەتی ئەمریکا بە شێوەیەکی رەسمی بودجەیەك بۆ دامەزراوەکان یان هێندێك کەس لە نێوخۆی ئێران دا تەرخان دەکا. هەر بۆیە ئەم هەنگاوە بێ وەبەرچاوگرتنی رادەی تەرخانکراوی پووڵەکە، گرنگی‌یەکی سەمبولیکی هەیە.

B.B.C

## رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان دامەزرا

رۆژی ٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٤، "رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان" وەك دامەزراوێکی سەربەخۆو نائایینی کاری خۆی لە کوردستانی ئێران دەست پێ‌کرد. وەك لە بەندی ٢ی بەیاننامەی راگەیاندنی رێکخراوی ناوبراو دا هاتوە: "مەنشووری ئەو رێکخراوەیە بریتی‌یە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤو، ئامانجەکەشی هەوڵدانە بۆ بەڕێوەچوونی بێ‌ئەملاوئەولای هەموو مافەکانی مرۆڤو سەرجەم ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکان کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤو پەیمانە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان‌و مافە کۆمەلایەتی، ئابووری‌و کەلتووری‌یەکان‌و، هەروەها لە کۆنوانسیۆنەکان‌و پرۆتۆکۆلەکانی سەر بەوان دا هاتوون. بەگشتی ئەم رێکخراوەیە بۆ داکۆکی لە ماف‌و ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران پێك هاتوە."

لە بەندی ٣ی بەیاننامەی راگەیاندنی ئەو رێکخراوەدا هاتوە: "شێوەو رێبازی رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بریتی‌یە لە برەوپێدان‌و بەهێزکردنی کەلتووری مافی مرۆڤ، تەبلیغ لە بارەی بەرنامە ئینسانی‌یەکان‌و پێویستیی رەچاوکردنی ئەو مافانە، لەقاودانی شێلگیرانەی نموونەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤو ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکان‌و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی پێویست لەو بارەوەو ئامادەکردنی راپۆرت‌و ناردنیان بۆ ناوەندە خاوەن سەلاحییەتەکان لەنێوخۆی وڵات‌و، ئەگەر پێویست بوو بەڕێکردنیان بۆ ناوەندە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و، هەروەها هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەکان‌و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئاستی ئێران، ناوچەو جیهان دا."

لە بەندەکانی دیکەی بەیاننامەی راگەیاندنی ئەو رێکخراوەدا، ئاماژە بە ئاشکرابوونی تێکۆشانی جۆراوجۆری ئەو رێکخراوە، مەرجەکانی وەرگرتنی ئەندام‌و سەرچاوەی داهاتی ماڵیی رێکخراوو کاتی بەڕێوەچوونی کۆڕی گشتیی رێکخراوی ناوبراو کراوە. بە پێی ئەو بەیاننامەیە لە ئێستاوە تا ١ی بانەمەڕی ١٣٨٥ کە کۆڕی گشتیی رێکخراوی ناوبراو بە بەشداریی هەموو ئەندامان پێك دێ، محەممەد سەدیق کەبوودوەند، وەك دەبیری ئەو رێکخراوەیە ناسێندراوە.

اخبار روز

## ئێران هێزەکانی خۆی لە لوبنان دەباتە دەر

رۆژنامەی "آفتاب" لە زمانی واشنگتۆن پۆستەوە نووسیویەتی: ئێران زۆربەی هێزەکانی خۆی کە نزیك بە دوو هەزار کەس دەبوون، لە لوبنان بردۆتەدەر. ئەم هێزەی رێژیمی ئێران لە ساڵی ١٩٨٢وە رەوانەی لوبنان کرابوون‌و یارمەتییان بە پێکهاتنی حیزبوڵڵای لوبنان کردبوو. کاربەدەستە ئەمریکایی‌یەکان گوتوویانە تەنیا ٥٠ ـ ١٢ کە لە هێزە بەسیجی‌یەکانی ئێران لە لوبنان ماونەوە. ئەم رەوتە بەشێکە لە بەرنامەیەك کە لە ٥ ساڵ لەمەوبەرەوە دەستی پێ‌کردو بووە هۆی سەرسوڕمانی کاربەدەستانی دەوڵەتی بووش‌و دەوڵەتی ئەوکاتی کلینتۆن. واشنگتۆن پۆست هەروەها نووسیویە: کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ئەمریکا، پێیان وایە ژمارەی هێزەکانی ئێران لە لوبنان ٨٠٠ کەس دەبێ. بەڵام ئەم ژمارەیە هی مانگی رابردوو، ئەو کاتەیە کە کۆشکی سپی خوازیاری وەدەرکەوتنی هێزەکانی سووریەو ئێران لە لوبنان بوو.

کاربەدەستانی ئەمریکا پێیان وایە سەرەڕای چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئێران لە لوبنان، ئێران کاریگەریی لەسەر حەشیمەتی شیعەی ئەو وڵاتە دەمێنێ‌و نابێتە هۆی کەم بوونەوەی پشتیوانیی ماڵی‌و سوپایی ئێران لە حیزبەڵڵا. کاربەدەستێکی گەورەی ئەمریکا گوتی: "ئێران رۆڵێکی گرنگی لە پشتیوانیی لوجستیکی، سیاسی‌و ماڵیی نەیارانی رەوتی ئاشتی دا هەیە."



# پێشنیار دەکەم ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ببێتە ڕۆژی شەهیدان بۆ هەموو کوردستان

## وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، لە کۆڕیادی پێشەوا قازی محەممەد لە سلێمانی

**ڕۆژی ١١ی خاکەلێوە کۆڕێکی ڕێزگرتن لە کەسایەتیو تێکۆشانو بیروباوەڕو ئامانجەکانی سەرکۆماری کوردستان لە هۆڵی تەندروستیی شاری سلێمانی بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو کەسایەتییە سیاسیو ڕووناکبیرو نووسەری کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان لە سلێمانی بەڕێوە چوو. ئەوەی لە خوارەوە خراوەتە بەرچاو دەقی قسەکانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتیی سیاسیی کوردو سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆڕیادە دایە.**

دۆستانی خۆشەویست!

دەگەڵ سڵاوو ڕێز پێش هەموو شتێك بە پێویستی دەزانم لە لایەن خۆمو هەموو هاوڕێکانم لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا سوپاسو تەقدیر پێشکەش بە بەڕێز مام جەلالو ڕێبەرایەتیی یەکیەتیی نیشتمانی، حکوومەتی هەرێمی کوردستانو لیژنەی ئامادەکردنی یادی ڕێزلێنان لە پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێکانی بکەم. سوپاس بۆ پێکهێنانی ئەم ڕێوڕەسمە لە شاری شێخ مەحموودی نەمر، شاری سلێمانی شاری هەڵمەتو قوربانیدانو نوێخوازیو نوێبوونەوە. سوپاسێکی تایبەتیشم بۆ ئەوە کە بۆ ئەو یادە قوتابییەکانی قازی محەممەدو کۆماری کوردستانیان لە بیر بووو بانگهێشتنیان کردین.

٥٨ ساڵ لەمەوبەر، لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٣٠ی مارسی ١٩٤٧، حکوومەتی حەمەرەزاشای پەهلەوی پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستانو سەرکۆماری کوردستان، قازی محەممەدی نەمری لەگەڵ محەممەد حوسێن خان سەیفی قازی وەزیری بەرگریی کۆماری کوردستانو ئامۆزای قازی محەممەدو ئەبولقاسم سەیفی قازی برای پێشەواو نوێنەری کوردستان لە مەجلیسی شووڕای میللیدا ئێعدام کرد. حکوومەتی شا بەم کارە هەم تیری خەلاسی لە سەری کۆماری کوردستان دەدا. (کۆمارەکە ڕووخابوو، بەڵام بۆ ئەوەی تیری یەکجاریی لێ بدا سەری پێشەوای نیشانە گرتو تیری یەکجاریی لێ دا)، هەم بە فکری خۆی تیری خەلاسی لە بیروباوەڕی ئازادیخوازانە لە نێو میللەتی کورد دا دەدا. بیری نەتەوایەتی، بیری ئازادیخوازانەی دەکوشت. بەڵام، مێژوو سابیتی کرد خەباتو قوربانیدانی میللەتی ئێمە سابیتی کرد کە ئەوان وەك هەموو دیکتاتۆرەکانی زەمان بە هەڵەدا چوون. ئاڵای دەستی پێشەوا قازی محەممەد ٥٨ ساڵ دوای شەهادەتی وی دەستو دەست کردوە، بە هەزاران ڕۆڵەی قارەمان هەر لە کوردستانی ئێرانو لە حیزبەکەی پێشەوا لە ژێری دا شەهید بوون کە لە سەرووی هەموومانەوە سەرداری ناوداری کورد قاسملووو تێکۆشەری بەوەجی کورد دوکتور شەرەفکەندی دەبینین. ئەو ئاڵایە هەروا شەکاوەیەو هەروا شەکاوە دەمێنێ نە لە کوردستانی ئێران بە تەنیا بەڵکوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا.

ئەمڕۆ ئەو کۆڕەمان گرتوە بۆ وەبیرهێنانەوەی کارەساتی ١٠ی خاکەلێوە، لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد. قسەکردن لە سەر پێشەواو لە سەر کۆماری کوردستان لە فرسەتێکی کورتدا کە لێرە هەڵکەوتوە، هەروا بۆ کەسێکی وەکوو من کە خۆم بە پسپۆڕو تاریخزانو تاریخناس ناناسم کارێکی موشکیلە. بە جۆرێکی دیکە بلێین ئەم کۆڕە بۆ تەجلیل لە پێشەوای گیراوە نە بۆ تەحلیل لە پێشەواو حەرەکەتەکەی. کەوابوو لێرە دەبێ بە کورتی بدوێین. لە سەر پێشەوا قازی محەممەدو شەخسییەتەکەی بە ڕاستی دەبێ تەحقیقو لێکۆڵینەوەی زۆرتر بکرێ. تا ئێستا ئەگەر ئەمن بزانم تەنیا دوکتورایەك لەسەر کۆماری کوردستانو پێشەواکەی وەرگیراوە. بۆیە دەبێ زۆری دیکەی لەسەر بنووسرێ بەڵام، لەسەر قازی ئەمن تەنیا یەك شت دەڵێم: پێشەوا چەندین دەساڵ پێش زەمانی خۆی هاتبوە سەر دنیا. ئەگەر پێشەوا ئەمڕۆ زیندوو بوایە سەری لەنێو هەموو سەرانی کوردو هەموو سەرانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو تەنانەت ڕێبەرانی دنیای موتەمەدینی ئەمڕۆش دا دیار بوو. کۆماری کوردستانیش دەبێ لە بواری جۆراوجۆردا لەسەری بنووسرێو قسەی لەسەر بکرێ، پسپۆڕانو مێژوونووسان دەبێ وەدوای کەون، خوێندکارانی دانیشگاکان دەبێ لە ئایندەدا لەسەری بنووسنو تەحقیقی لەسەر بکەن. ئەزموونەکانی، هۆیەکانی پێکهاتنی، سەرکەوتنەکانی، تێشکانەکانی، نوختەلاوازو بەهێزەکانی، دۆستو دوژمنەکانی، هەمووی ئەمانە بۆ ئەوە دەبن هەریەکەی بکرێتە باسی تێزێکی دوکتورا. بەڵام، ئەمن لێرە تەنیا یەك لایەن لە گیانی بەرزی حاکم بەسەر کۆماری کوردستان دا باس دەکەم کە بە شێوەیەکی گشتیو لە بەشی هەرە زۆریدا ئەو گیانە بەرزە لە ڕوحی بەرزی پێشەواداو لە فکری وەسیعو بەربڵاوی پێشەوا سەرچاوەی گرتبووو ئەویش ڕوحی نەتەوایەتییە. دەزانین کە کۆماری کوردستان لە بەشێکی بچووکی کوردستان دا پێك هاتبوو، هەموو کوردستان نەبوو. بەڵام، کۆماری کوردستان حکوومەتی ڕەئیس عەشیرەتێك، شێخێك، ئاغایەك، چینێك، توێژێك، مەنتیقەیەکی تایبەتی نەبوو. حکوومەتێك بوو کە بۆ هەموو کورد دامەزرابووو دەیڕوانییە ئایندەی هەموو کورد. ڕاستە پێشەوا وەکوو ڕێبەرێکی زاناو بەتوانا لە چوارچێوەیەکی ئەو ئیمکاناتەدا کە بۆی پێش هاتبوو قسەی دەکرد، لەچوارچێوەی ئێراندا قسەی دەکرد. بەڵام، هەوڵەکانی پێشەوا لە داخلی کوردستانی ئێراندا بۆ یەکخستنی هەموو چینو توێژەکان بوو، هەوڵ بۆ ئەوە بوو ئەگەر بکرێ هەر وەکوو لە شێعرێکی هێمندا کە لێرەدا خوێندرایەوە هاتوە: بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ڕزگار بکرێن، لە چوارچێوەی کوردستانی ئێران دا ئەوە هەوڵی پێشەوا بوو، بەڵام لە چوارچێوەی کوردستانی گەورە، بەشەکانی دیکەی کوردستاندا ڕوحی حاکم بەسەر کۆماری کوردستاندا ئەوە بوو کە هەموویان بەشیان پێوەیە، ئەو ڕوحە تەنیبوویەوە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. بۆیە لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێ دەکرد. شاعیر چەند جوانی گوتوە، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانو شەهادەتی قازی محەممەد کە ڕوو دەکاتە پێتەختی کۆماری کوردستان (مەهاباد):

مەهاباد مەهاباد ئەی لانەی شێرانم
یادی تۆ ئاگرێ تاو ئەدا بۆ گیانم
مەهاباد دوێنێ بوو دەمیلیۆن گەلی
کورد بەرەوڕووت دەوێستان
سوجدەیان بۆ دەبرد قیبلەی هیوا بووی
سەنگەری ئازادی شەبەق بووی بۆ شەوی
تاریکی بێدادی

دەڵێ دە میلیۆن کورد. لە حاڵێك دا لەبیرمان نەچێ کە ئەو مەنتیقەیەی کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرابوو ڕەنگبوو بە زەحمەت لەو سەردەم دا لە میلیۆن تێ پەڕێ، لە دەوروبەری ١ میلیون حەشیمەتی هەبوو. ١٠ میلیۆن گەلی کورد، یەعنی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانو لە هەموو جێیەکی ئەم جیهانەدا.

بەشداریی کوردەکانی دەرەوە بە تایبەتی ئەوانەی خاوەنی توانا بوون لە کۆماری کوردستان داو ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لەوێ لێیان دەکراو ئەو باوەشە ئاوەڵایەی کە بۆیان کرابۆوە نیشان دەدا کە چ ڕوحێك بەسەر کۆماری کوردستان دا زاڵ بوو. لە موقابیل دا ئەوانیش هەرچی هەیان بوو لە پسپۆڕیو تەخەسوس بە قەولی ئێرانیان لە تەبەقی ئیخلاسیان نابوو بۆ کۆماری کوردستان. مامۆستاکان، ڕووناکبیران، ئەفسەرانو هەر کەسە لە مەجالی پسپۆڕیی خۆیدا. بە ئەمەگناسییەوە دەبێ لە هەر دوو لاوە یادی هاتنی مەرحومی مەلا مستەفا بارزانیو هاوڕێکانی بکەینەوە کە دەڵێم لە هەر دوو لاوە، بۆیەیە: ئەگەر مەلا مستەفاو یارانی لە کوردستانی عێراق بە وەزعێکی نامەتلووبەوە ئاوارە بوون، لە کوردستانی ئێران وەك قارەمان پێشوازییان لێ کرا. ڕەنگە جوان نەبێ پیاو هەموو شتێك بڵێ، بەڵام، تاریخ شتێك دەگێڕێتەوە کە هاتوونە دەروازەی مەهابادێ، پێشەوا چی گوتوە. کە دەبێ پێشوازییان لێ بکرێ، چەندە بەسەر بەرزییەوە وارید بن. لایەکەی دیکە ئەوەیە کە بارزانیو بارزانییەکان ئەوەی لە توانایان دا بوو بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان درێغییان لێنەکرد، ئەوان هەرچی هەیان بوو لە خزمەتی کۆمارییان دانابوو. کۆماری کوردستانیش ئەوانی بە بێگانە نەدەزانی، کافییە بڵێین کە لە ٥ کەس کە دەرەجەی ژێنراڵییان وەرگرت یەکیان مەلا مستەفا بارزانی بوو. لە سپاردنی مەسئوولییەتەکانیش دا قەت بیر لەوە نەکرایەوە ئەمە کوردی ئێرانە، ئەوە ئی عێراقەو ئەوەی دیکە ئی تورکیەیە، دانانی شەخسی لایەق لە شوێنی خۆی. ئەوە ڕووحی حاکم بەسەر کۆماری کوردستان دا بوو.

ئەو گیانە نەتەوەییە لە پاش کۆماری کوردستان بۆ هەموو کورد بە میرات بەجێما، کۆماری کوردستان وەکوو هەموو ئەزموونەکانی دیکەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد ئەزموونی بەنرخی لێبەجێماوە بەڵام، بەنرخترین ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان ئەو ڕوحە نەتەوەییەیە کە لەو وەختەوە تا ئێستە لە نێو کورددا حاکم بووە. ئێمە زۆرمان دیوە هەر وەکوو بەڕێز سەرۆکی حکوومەت ئیشارەی پێکرد ئەگەر لە بەشێکی کوردستاندا شتێك دەبێ بەشەکانی دیکە تێیدا بەشدارن. خاکی ئەم کوردستانە هەر بەشێکی شاهیدی تێکەڵبوونی خوێنی هەموو ڕۆڵەکانی بەشەکانی کوردستانە بەڵام، لێرەش دا بە ئەمەگدارییەوە یادی سەرچڵو سەرتۆپی ئەو هەمبەستەگییە بکەینەوە. ئەویش بەشداریی هێزی بەهێزو بەڕێزی پشتیوان لە کوردستانی ئێران بوو. هەر ئەمڕۆ ئێمە شاهیدی زیندووڕاگیرانی ئەو ڕووحە نەتەوەییەین لە سەرکەوتنەکان دا، لە مەینەتییەکاندا، کوردی ئەم بەشەی کوردستان (کە ئەمن هەموو جارێ ئەم تەعبیرە بەکار دێنم: دڵی بزووتنەوەی کورد ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقێ لێ دەدا). لێرە بەتەنێ نین، دەگەڵ هەولێرو سلێمانیو کەرکووکێ، دیابەکرو کرماشانو قامیشلوو دەجوولێن چ بۆ شادی چ بۆ ماتەم. ئەو هەموو کۆڕانە کە لە یادی جینایەتی هەڵەبجەو جینایەتی ئەنفال دا بە تایبەتی لە کوردستانی ئێرانو تەنانەت لە دانیشگاکانی دەرەوەی کوردستانیش گیراون. ئەو یادانە کە لە دیاربەکرو قامیشلوو دەکرێنەوە نیشانەی حاکم بوونی ئەو ڕوحە نەتەوەییەن کە میراتی بەنرخی کۆماری کوردستانە. ئەو هەموو کۆڕە بەنرخە کە لە هەولێرو سلێمانی بە بەشداریی هەموو کوردەکان دەگیرێنو یەکێکیان ئەم کۆڕەی ئەمڕۆیە کە بە بەشداریی بژاردەکانی کورد لە تورکیە، لە سووریە، لە ئێرانو لە وڵاتانی دەرەوە پێك دێ، دیسان شاهیدێکی زیندووی حاکم بوونی ئەو ڕووحە نەتەوەییەیە کە من دەڵێم پیرۆز بێو سەرکەوێ ئەو ڕووحە نەتەوەییە.

ئیزن دەخوازم لێرە شتێك بڵێم کە لە حەدی تەوەقوع دایە، بەڵام پێم وایە تەوەقوعێکی نیزیك بە یەقینە. ئەمڕۆ کە دانیشتووین بۆ یادی شەهید بوونو لە دەست چوونی سەرکۆماری کوردستان (سەرکۆماری بەشێکی کوردستان) هەموومان چاوەڕێ دەکەین کە ها ئەمڕۆ ها سبەینێ موژدەی بەسەرکۆمار بوونی ڕێبەرێکی دیکەی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردستان ببیستین، ئەویش نەك هەر تەنیا بۆ کوردستان بەڵکوو بۆ هەموو وڵاتەکەی، ئەوە نیشانەی ئەوجی عەزەمەتی خەباتو قوربانی دانی میللەتی کوردە، یەعنی کورد ئێستا نەك لە وڵاتەکەیدا تەعقیب ناکرێ بەڵکوو، دەبێتە غەمخۆری هەموو وڵاتەکەیو بە دەنگی موشتەرەکی کوردو عێراقییەکان کوردێك کە هەموومان دەزانین بەڕێز (مام جەلال)ە دەبێتە سەرکۆمار، ئیجازەم بدەن بڵێم ئەم سەرکەوتنەو هەموو سەرکەوتنەکانی تا ئەمڕۆو سەرکەوتنەکانی لەمەودواش لە ئێوە کوردەکانی ئەم بەشە ئازیزەی کوردستان پیرۆز بێ.

ئیجازەی شتێکی دیکەش بە خۆم دەدەم، ئیشەڵڵا ئێوەشم دەگەڵ دەبن. هەم بەداخەوە هەم بە شانازییەوە هەموو ڕۆژەکانی ساڵ ڕۆژی شەهیدانن، ئەمڕۆش لە کوردستان دا (تا ئێستا لە کوردستان) ڕۆژی جۆراوجۆرمان بۆ ڕۆژی شەهیدان هەن، تەنانەت لە هێندێ جێگا هەر حیزبەو ڕۆژێکی خۆی هەیە. ئەمن پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی ئەو ڕوحە نەتەوەییە جێگیر بێ (ئەم پێشنیارەم بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە هیوادارین بە زوویی یەك بگرنەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانە، بۆ حیزبەکانە بە هەموویانەوە) پێشنیارەکەم کە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ببێتە ڕۆژی شەهیدان بۆ هەموو کوردستان.

ڕۆژی شەهیدان زۆرن شەهیدی گەورەشمان زۆرن، هەموشیان جێی ڕێزو قەدرن هیچیشیان بەکەم ناگرین. بەڵام با لەبیرمان نەچێ کە لە باری ڕەسمییەوە تەنیا لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە دایە ئێمە سەرکۆمارمان شەهید بووە. بۆیە بە باوەڕی من بۆ ئەوە دەبێ کە موتالیعەی لەسەر بکرێو پشت بە خودا بڕیاریشی لەسەر بدرێ.

لە پەنجاوهەشتەمین ساڵوەگەڕی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦دا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی قازی محەممەدو هاوڕێکانی حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی، ئەبولقاسم سەدری قازیو بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان. سڵاو لە هەموو ئەوانە کە لە ڕێگای ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستانو ڕوحە حاکمەکەیدا فیداکارییان کردوە، شەهید بوون، دەربەدەر بوون، زیندانی بوون، بریندار بوون، نقوستان بوونو، هەر مەینەتێکی دیکەیان تووش بووە. ئێوەش هەر شاد بنو هەر بژین بۆ دیتنی سەرکەوتنی زیاتر.

زۆر سوپاس



## پەیامی پیرۆزبایی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ مام جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق

بەڕێزو پایەبەرز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ!

لەگەڵ ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستانو سەرانسەری عێراق کۆمەڵانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بە تایبەتی کوردستانی ئێران شاییان لەدڵ دا دەگەڕێ بە هەڵبژاردنی زۆر بەجێی بەڕێزتان وەك ڕێبەرو تێکۆشەرێکی کارامەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بە سەرکۆمار.

هەڵبژێرانی ئێوە کە بەرهەمی خەباتو خوێنو فرمێسکی دەیان ساڵەی کورد لە عێراقو ئاکامی یەکدەنگیو یەکهەڵوێستیی ڕێبەرایەتیی کورد لەم قۆناغەدایە، بۆ هەموو عێراقییەکانیش سەرکەوتنێکی گەورەیە، چونکە نیشان دەدا کە عێراق لە قۆناغی دیکتاتۆریو زۆرداریو جیاوازیدانانی ڕەگەزیو ئایینییەوە پێی ناوەتە قۆناغی ئاشتیو ئازادیو دێموکراسیو یەکسانی.

ئەم ڕووداوە مێژووییە هەروەها بۆ کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هیوابەخشو مایەی شانازیو سەربەرزییە. هەر بۆیەش هەموویان لە شادیی ئەم سەرکەوتنەدا بەشدارنو ئەم دەسکەوتە بە هی خۆیان دەزانن.

بەشارەزاییەك کە لە تواناو لێوەشاوەیی سیاسیو دیپلوماسیو زانستیی بەڕێزتانم هەیە، دڵنیام کە بە هاوکاریی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردو هەموو دڵسۆزانی عێراق وڵاتەکەتان بەرەوپێشکەوتنو سەقامگیری ڕێنوێنی دەکەنو عێراقی فیدراڵ دەکەنە پاڵپشتێك بۆ داخوازە ڕەواکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ناوچەو بە تایبەتی بزاڤی هەقخوازانەی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا.

لە کاتێکدا پڕبەدڵ پیرۆزبایی لە ئێوەو هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردو هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق دەکەم، ئەوپەڕی سەرکەوتنتان لە بەجێگەیاندنی ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییەکاندا بە ئاوات دەخوازم. تەمەنتان درێژو هەنگاوەکانتان پتەوتر بن.

**دڵسۆزتان، عەبدوڵڵا حەسەنزادە**
**٢٠٠٥/٤/٦**

### داوای لێبوردن

لە ڕاپۆرتێکدا کە ژمارەی پێشوو لەبارەی کۆڕیادی پێشەوا قازی محەممەد لە سلێمانی لە "کوردستان"دا بڵاومان کردەوە، ناوی کاك برایم فەرشی کە لەم ڕێوڕەسمەدا باسێکی لەبارەی گرنگیی شانۆی دایکی نیشتمان پێشکەش کرد، کەوتبوو. بەو بۆنەیەوە داوای لێبوردن دەکەین.

هەروەها لە پەراوێزی وتاری "کوردەکان سەر بۆ هیچ زۆردارێك نەوی ناکەن"دا، هەڵەیەکی چاپی ڕووی دابووو لە جیاتی "١٠ی خاکەلێوە دەکاتە ٣٠ مارس" نووسراوە "١٠ی خاکەلێوە بەرامبەرە لەگەڵ ٢٥ی مارس" کە بەم جۆرە ڕاستی دەکەینەوە.

"کوردستان"

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# دیدارو چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزب

## دیداری بەڕێز کاك مستەفا هیجری لەگەڵ سەرۆکی گرووپی سەناتۆرەکانی حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە لە سەنای ئەو وڵاتەدا

سەر لە بەیانیی ڕۆژی ٤ی ئاڤریلی ٢٠٠٥، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، چاوی کەوت بە خاتوو نیکۆل بۆربۆ، سەرۆکی گرووپی سەناتۆرەکانی سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە لە سەنای ئەو وڵاتەدا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە شاری پاریس بەڕێوە چووو، بەڕێز ژاك فات، بەرپرسی پێوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسەو بەڕێز خۆسرەو عەبدوڵڵایی یەکێك لە بەرپرسانی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکان حیزب ئامادە بوون، هەردوولا لەسەر ڕەوشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بەتایبەت ڕەوشی هەستیاری ئێرانو کوردستانو قەیرانی ناوکیی ئێران، ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لەو دیدارەدا بەڕێز هیجری، قامکی خستە سەر ناکارابوونی سیاسەتی یەکیەتیی ئورووپا لە ژێر ناوی "دیالۆگی ڕەخنەگرانە" لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. بەڕێزیان وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئەرکی هێزە دێموکراتو پێشکەوتنخوازەکانی ئورووپا بۆ پەردەلادان لەسەر ئەو سیاسەتە چاوپۆشیکارانەیە.

هەروەها سکرتێری حیزب، ئاماژەی بە گۆڕانی دروشمی ستراتیژیکی حیزب لە کۆنگرەی سێزدەهەمدا کردو گوتی: لە دوای کۆنگرەی سێزدەهەمەوە، ئێمە بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵ لە ئێراندا خەبات دەکەین.

بەڕێزیان لە درێژەی ئەو دیدارەدا، ئاماژەی بە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کرد کە لە لایەن حەوت حیزبو ڕێکخراوی سەر بە نەتەوەکانی ئێرانەوە دامەزراوەو گوتی:

"بەبێ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا، ناتوانین باس لە دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیك لەو وڵاتەدا بکەین."

شایانی باسە کە لەو دیدارەدا جەخت لەسەر پێوەندیی دۆستانەی هەردوولا کرایەوە.

❋❋❋

## دیدار لەگەڵ بەرپرسی دەفتەری پێوەندی نێونەتەوەیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە

ڕۆژی پێنجشەممە، ٧ی ئاوریلی ٢٠٠٥، بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب چاوی کەوت بە ڕێزدار موریس بڕۆ، بەرپرسی دەفتەری پێوەندی نێونەتەوەیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە.

لەم دیدارەدا بەڕێز کەریم پاکنژاد لە بەرپرسانی پێوەندی نێونەتەوەیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسەو کاك خوسرەو عەبدوڵڵایی ئەندامی دەفتەری پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزب بەشدار بوون. لەو چاوپێکەوتنەدا هەردوولا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر مەسەلەکانی ناوچە کردو هەروەها بە دەربڕینی خۆشحاڵی لە پێوەندی دۆستانەی نێوان هەردوو حیزب، سەبارەت بە هەڵوێستی خۆیان لە بارەی قەیرانی ناوکیی ئێرانو سیاسەتی یەکیەتیی ئورووپا سەبارەت بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە دوان. بەڕێز کاك مستەفا هیجری هاوکات لەگەڵ شرۆڤە کردنی هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەمبەر ڕێژیمدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە سیاسەتی یەکیەتیی ئورووپا بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی‌یەوە سەرکەوتوو نەبوە، بە تایبەتی لە بابەت گوشار هێنان بۆ ڕێژیم بۆ پاراستنی مافو ئازادی‌یە دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئێران، نەتەنیا دەسکەوتێکی نەبوە، بەڵکوو بە پێچەوانە بۆتە هۆی پەرەگرتنی هێزی دواکەوتووترینو کۆنە پارێزترین باڵی ڕێژیمو خراپتر بوونی بارودۆخ.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆك کۆماری ئێران بەڕێز سکرتێری گشتی گوتی کە ئەزموونو تەجروبە بە ئێمەی نیشان داوە کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا نە سەرۆك کۆمارو نە پارلمان، هیچ هێزو دەسەڵاتێکیان نیە، بەڵکو تەنیا بەناو مەقامی ڕێبەریو دەزگاکانی بەستراوە بە ئەوەوەیە کە سەرجەم لایەنەکانی دەسەڵاتیان لە دەست دایە، هەر بۆیە بە گۆڕینی کەسەکان چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕ بێ ئاکامە.

ئاڵوگۆڕ تەنیا بە گۆڕانی گشتیی ڕێژیم ئیمکانی هەیەو ئەمە شتێکە کە خەڵکی ئێران بە ئەزموونو بە تایبەتی لە دوای هاتنە سەرکاری خاتەمی‌یەوە بە دروستی بۆیان روون بۆتەوە.

## دیداری شاندێکی حیزب لەگەڵ بەڕێز عوسمان ئۆجەلان، سەرۆکی پارتی وڵاتپارێزی دێموکرات

دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٣٨٤/١/١٧، (٢٠٠٥/٤/٦) هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان کاك عەلی مێهرپەروەرو محمد نەزیف قادری ئەندامانی دەفتەری سیاسی و هاوڕێیان ڕۆستەم جهانگیریو حسین نازدار ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیو کاك ئیبراهیم ئیبراهیمی کادری پێوەندییەکانی حیزب، سەردانی بەڕێز عوسمان ئۆجەلان سەرۆکی پارتی وڵاتپارێزی دێموکراتی کوردستانیان کرد.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا باسێکی سیاسی لە سەر ڕەوشی کوردو ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مەسەلەی هەڵبژاردنی عێراق و ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە و بە تایبەت هەڵبژاردنی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆك کۆماری عێراق و ئاسۆی ئەو سەرکەوتنانە کرا و لە کۆتایی دانیشتنەکەدا هەر دوولا جەخدیان لە سەر دۆستایەتی و هاوکاریی برایانە کردەوە.

## سەردانی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی شیوعیی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ١٣٨٤/١/١٦، (٢٠٠٥/٤/٥)، هەیئەتێکی حیزبی شیوعیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی کاك کەمال شاکر سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعیی کوردستانو ئەندامەتیی بەڕێزان: سوبحی مەهدیو مامۆستا ڕەوەند ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو ئەحمەد شێروانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێز کاك حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو هەیئەتێکی دەفتەری سیاسی بە گەرمی پێشوازی‌یان لێ کراو لە دانیشتنێکی دۆستانەدا باسێکی سیاسی لە سەر وەزعیەتی عێراقو ئاکامی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانو عێراق کراو هەڵوێستی سەرکردایەتیی کوردیان لەم پرۆسەیەدا بەرز نرخاندو پێیان لەسەر پێوەندیی سیاسیو دۆستانەی هەر دوولا داگرتەوە.

## سەردانی بەڕێز د. مەحموود عوسمان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ١٣٨٤/١/١٧،(٢٠٠٥/٤/٦) سیاسەتمەداری ناسراوی کوردو دۆستی دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کاك د. مەحموود عوسمان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لە لایەن بەڕێز کاك حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌یەوە بەگەرمی پێشوازیی لێ‌کرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا د. مەحموود باسێکی سیاسی لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکانی عێراقو هەڵبژاردنی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی بە سەرۆك کۆماری عێراقو داهاتووی کورد پێشکەش کردو وەدەست هێنانی ئەو دەسکەوتانەی لە یەکیەتیو یەك ریزی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان دا بینیو دۆستایەتیو هاوکاری بە ڕەمزی ئەو سەرکەوتنانە زانی.

❋❋❋

## دیدار لەگەڵ وەزیری بێهداشت لە کابینەی "لیونید ژۆسپان"، سەرۆك وەزیری فەرانسە

ڕۆژی سێشەممە، ٥ی ئاڤریلی ٢٠٠٥، بەڕێز کاك مستەفا هیجری چاوی کەوت بە ڕێزدار دوکتور کوشنێر وەزیری بێهداشت لە کابینەی "لیونیل ژۆسپان"و کەسایەتیی ناوداری فەرانسەیی لە بابەت بەرگری لە مافەکانی مرۆڤو دۆستی وەفاداری گەلی کورد.

لەو چاوپێکەوتنەدا سەرەتا بەڕێز هیجری بە تێرو تەسەلی سەبارەت بە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا بە گشتیو لە کوردستان بە تایبەتی، دواو ئاماژەی بە سەرکوتی خوێندکاران، ڕۆژنامە نووسان، ڕووناکبیران، هەڵاواردنی جۆراوجۆر لە دژی ژنانو نەتەوەکانی لە ژێر چەوسانەوەدا بە تایبەت نەتەوەی کورد، کرد.

ڕێزدار د.کوشنێر، لە قسەکانی‌دا یادی شەهید د.قاسملووی بەرز ڕاگرت. لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا سەبارەت بە پێوەندی‌یەکانی ئێرانو ئورووپا گوتی: سیاسەتی یەکیەتیی ئورووپا سەبارەت بە ئێران سەرکەوتوو نەبوو. ئەم سیاسەتە کە بە سیاسەتی "دیالۆگی ڕەخنە گرانە" بەناوبانگە ئیتر ناتوانێ نەخشێك لە بەرەو پێش بردنی مافو ئازادی‌یە دێموکراتیکەکان لە ئێراندا بگێڕێ. لەبەر ئەوەی کە بە کردەوە دەبینین ئەم سیاسەتە لە قازانج، دەستەو تاقمی خامەنەیی واتە دواکەوتووترین باڵی ڕێژیمی ئاخوندی دایە.

د.کوشنێر دواتر ئاماژەی بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بە تایبەتی گۆڕانکاری‌یەکانی عێراق، هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق، گرینگی نەخشێك کە کوردەکان لە دێموکراتیزەکردنی عێراق‌داو لە پلەکانی دواتر کە لە تەواوی ناوچەدا دەی‌گێڕن، کردو گوتی کە بە سەقامگیر بوونی سیستمێکی دێموکراتیك لە عێراقدا، دەبێ چاوەڕوانی شوێندانانی ئەو سیستمە لە ناوچەدا ببین.

❋❋❋

## بە پێی ڕاپرسیی سایتی "کوردستان میدیا"،

### فیدراڵیزم گونجاوترین دروشمە بۆ بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌دا

بە پێی ڕاپرسی‌یەك کە سایتی کوردستان میدیا ( سایتی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ) بەڕێوەی برد، ڕێگا چارەی فیدرالیزم لە کۆی ٢٤٨٣ دەنگ، توانی ١٥٣٨ دەنگ بە دەست بێنێتو ٦١/٩٤ی دەنگدەران سیستمی بەڕێوەبەریی فیدرالیستی‌یان بە گونجاوترین سیستمی بەڕێوەبەری نرخاند.

ئەو ڕاپرسی‌یە دەریدەخا کە شێوەی بەڕێوەبەریی فیدرالیستی، شێوە بەڕێوەبەری‌یەکە کە دەتوانێ وەك ئالتێرناتیڤێکی واقیعبینانە بۆ داهاتووی ئێران چاوی لێ بکرێو لە هەمانکاتدا ئاماژەیەکیشە بەو ڕاستی‌یە کە دروشمی بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا لەگەڵ بیروڕای خەڵك‌دا یەکانگیرە.

**خشتەی ڕاپرسی‌یەکە:**

| | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| سەربەخۆیی | ٧٥٦ | ٪٣٠/٤٤ |
| فیدرالیزم | ١٥٣٨ | ٪٦١/٩٤ |
| خودموختاری | ١٥٤ | ٪٦/٢٠ |
| مافی شارۆمەندی | ٣٥ | ٪١/٤٢ |
| کۆ | ٢٤٨٣ | ٪١٠٠ |

## دیداری نوێنەری کومیتەی حیزب لە فینلاند لەگەل ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسەتەکانی دەرەوەو بەرگریی پەرلەمانی فینلاند

بە مەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانی دەوڵەتو پەرلەمانی فینلاند بۆ پرسی دێمۆکراسیو کێشەی کورد لە ئێران لە قۆناغی سەرۆکایەتیی دەورەیی ئەنجومەنی ئەو وڵاتە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٥/٤/٦ دەستەی نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە فینلاد دیدارێکیان لەگەڵ خاتوو لاور لۆدینیۆس، ڕاوێژکاری سیاسەتەکانی نەتەوایەتیو تەناهی فراکسیۆنی چەپو ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسەتەکانی دەرەوەو بەرگری پەرلەمانی فینلاند ساز کرد.

دەستەی نوێنەرایەتی حیزب لەو دیدارەدا وێڕای باسو گفتگۆ لەسەر وەزعی سیاسی، مافی مرۆڤو هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری، کۆماری ئیسلامی ئێران، دیالۆگی ڕەخنەگرانەی ئورووپاو ئێرانیان بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ناوەکی کۆماری ئیسلامیو گەشە کردنی ڕەوشی‌ی مافی مرۆڤ لە ئێراندا هیوای دەربڕی ئەنجومەنی ئورووپاو پەرلەمانی فینلاند هەڵوێستێکی لێبڕاوانەتر دەرحەق بە کۆماری ئیسلامی لە خۆیان نیشان بدەن.

بەشێکی دیکەی گفتگۆکان پێوەندی‌یان بە کێشەی کورد لە ئێراندا هەبوو، کە لەودا وێڕای باس لە شوێنی کورد لە یاسای بنەڕەتی ئێرانو سیاسەتی پاکاوتە کردنی ڕەگەزایەتیی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، نامەی نهێنی "دەفتەری" سەرۆك کۆماری کە لە سایتەکانی حیزبی‌دا بڵاو کراوەتەوە وەك بەڵگە نیشانی دا.

دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب هیوای دەربڕی کە فینلاند وەك ئەندامی دەورەیی کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو هەم وەك سەرۆکی دەورەیی داهاتووی ئورووپا ڕۆڵێکی چالاکانەتر لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانی لە بزافی دێمۆکراسیو فیدراڵی خوازی گەلانی ئێران بەڕێوە بەرێ. هەروەها نامەیەك بە مەبەستی هەڵوێست دەربڕینی پەرلەمانی فینلاند لەمەڕ ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندابە خاتوو لاورا لۆدێنیوس، درا. خاتوو لاور لۆدینیۆس وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لە دیدار لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب، هیوای دەربڕی پەرلەمانی فینلاند بتوانێ ئەو کات ریزە سمینارو باسێك لە پێوەندی لەگەڵ ئێران کە لە ڕۆژەڤی کێشە نێونەتەوەیی‌یەکاندا ساز بکرێو لەو بارەوە هیوای دەربڕی کە هێزەکانی ئێرانی هەنگاوی هاوبەش پێکەوە بهاوێن بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگاو ڕای گشتی فینلاند بتوانێ پشتیوانی لە بزافی دێمۆکراسی خوازی‌یان بکا.

## ئاگاداریی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!

بە ئاگاداریی هەموو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەیەنین کە بە هۆی هەلومەرجی سەختی خەباتی حیزبەکەمانو ڕاگواستنی بنکەو بارەگاکانی حیزبو تۆپ بارانکرانی سەنگەرەکانی خەبات لەلایەن ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، بە داخەوە وێنەی هێندێ لە شەهیدانی سەربەرزی نەتەوەکەمان تێ‌دا چوون. هەر بۆیە داوا لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەکەین کە لە هەر ڕێگەیەکەوە بۆیان دەست دەدا، وێنەی شەهیدانو ژیاننامەکانیانمان بۆ ڕەوانە بکەن تا لە نێو پەروەندەی شەهیداندا تۆمار بکرێو لە پێشانگای شەهیدانی سوورخەڵاتی نەتەوەکەماندا جێگای خۆیان بگرن.

کڕنۆش دەبەین بۆ فیداکاریی شەهیدانو بنەماڵە سەربەرزەکانیان

**کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**١٣٨٤/١/٢٧**

## کانادا ـ وانکۆوێر

### بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدانو ساڵرۆژی بۆمبارانی هەڵەبجە

بەبۆنەی ساڵرۆژی شەهید بوونی پێشەوای نەمری گەلەکەمان، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و کارەساتی جەرگ بڕی کیمیابارانی هەڵەبجە و بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی سوور خەڵاتی گەلەکەمان، بە هاوکاریی کومیتەی حیزبی دێمۆکرات، پارتی دێمۆکرات و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٣/٣١ کۆڕێکی ماتەمین بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتووی شاری وانکۆوێر بەڕێوەچوو.

کۆڕەکە بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد و دوای خوێندنەوەی پەیامی لێژنەی ئامادەکردنی کۆڕەکە، پەیامی تایبەتی کومیتەی حیزب بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرا.

لە درێژەی کۆڕەکەدا چەند پارچە شێعر و پەخشان لەلایەن بەشداربووانەوە پێشکەش کرا.

# هەواڵەکانی کوردستان

### بەڕێوەچوونی کارو چالاکیی تەبلیغاتی لە لایەن ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبەوە لە سنە

شەوی ٢٥لەسەر ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٨٤، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سنەدا بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ‌و تراکتی حیزبی لەم شوێنانەی خوارەوەدا کارو چالاکیی تەبلیغاتی‌یان بەڕێوە برد:

شەقامەکانی فەرەح، سەلاحەدین ئەیوبی، سیرووس، نمەکی، فەلەستین، حەسەن ئاوا، سەفەری‌و شارۆچکەی سەعدی، بازاڕی "سەرتەپۆڵە"، ڕێگای کێو پێوانی ئاویەر.

شیاوی باسە کە خەڵك بە تامەزرۆیی‌و خۆشحاڵی‌یەوە پێشوازی‌یان لەم چالاکی‌یانە کرد.

### ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری نەغەدە کۆمەڵێك کارو چالاکیی تەبلیغاتی‌یان بەڕێوە برد

ڕۆژی ١٣٨٤/١/٢٦، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری نەغەدە کۆمەڵێك کارو چالاکیی تەبلیغی‌یان لە شێوەی بڵاوکردنەوەی تراکت‌و دروشمی حیزبی‌و نەتەوەیی‌و وێنەی ڕێبەرانی شەهید لەم شوێنانەی خوارەوەدا بەڕێوە برد:

شەقامی بەناو ئیمام، شەقامی فتوحی، مزگەوتی حەزرەتی مێهدی، شەقامی فەرمانداری‌و ترمینالی شار.

شیاوی باسی کە ئەم چالاکی‌یانە لەگەڵ پێشوازی‌و خۆشحاڵیی خەڵکی شاری نەغەدەدا بەرەوروو بوون.

### دەستەیەك چەکداری نەناسراو لە ناوچەی بۆکان‌دا، ژمارەیەك لە خەڵکیان ڕووتاندەوە

ڕێکەوتی ١٣٨٤/١/٢٥، تاقمێك چەکداری نەناسراو کە زۆربەیان جلوبەرگی نیزامی‌یان لەبەردابوو، سەر ڕێگای نێوان گوندەکانی "گەنمیانی" و "مووسێ"" لە ناوچەی بۆکاندا دەگرن‌و هەر ماشین‌و ڕێبوارێك کە لەو ڕێگایەوە هاتوچۆی کردبێ، تالان‌و ڕووتی دەکەنەوەو هەر شتێك کە پێیان بێ، لێیان وەردەگرن.

خەڵکی گوندی "بێورانی سەرێ" ناوچەی بلڤەت، بەرپەرچی دەست درێژیی هێزە دژی گەلی‌یەکانی ڕێژیم بۆ سەر ئەموالی کاسبکارەکان دەدەنەوە

شەوی ٢٦ لەسەر ١٣٨٤/١/٢٧، هێزە دژی گەلی‌یەکانی ڕێژیم لە گوندی "بێورانی سەرێ" سەر بە ناوچەی "بلغەت" دەست بەسەر ٢٠بار دەرمانی کاسبکاراندا دەگرن. بەڵام خەڵکی گوندی ناوبراو بە توندی بەرهەڵستکاری دەست درێژیی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەبنەوەو لە ئاکامدا ١٥ بار لە ٢٠ باری دەستبەسەر داگیراو لە هێزەکانی ڕێژیم وەردەگرنەوە.

### بە هۆی تەقەی کاسبکاران لە هێزی ئینتیزامی لە ناوچەی ڕەبەت‌دا ٤ کەس لەو هێزانە بریندار بوون

شەوی ١٣٨٤/١/٢٣، ژمارەیەك لە کاسبکارەکان بە ماشینەوە لە نزیك پردی "بریسوێ" سەربە ناوچەی ڕەبەت دەکەونە کەمینی هێزە دژی گەلی‌یەکانی ڕێژیم. بەڵام کاسبکارەکان لە هێزەکانی ڕێژیم وەدەست دێن‌و دوایی دەنە بەر دەستڕێژ کە لە ئاکامدا ٤ کەس لە هێزی ئینتیزامی بریندار دەبن.

### لە ئاکامی هەڵسانی لافاو لە مەهاباد، دووکەس گیانیان لەدەست‌داو چەند خانوو ڕووخا

شەوی هەینی ١٣٨٤/١/٢٦، بە هۆی بارینی بارانێکی زۆر لە شاری مەهاباددا، لافاو لە گەڕەکەکانی "ئەسحابە سپی" ، "پشت تەپ" ، "بەری مەدرەسە"و "ترمینال" هەڵدەسێ. بە داخەوە لە ئاکامی ئەو لافاوەدا لە گەڕەکی "ئەسحابە سپی"، کوڕێکی لاو گیانی لە دەست داو سێ خانوو ڕووخا. لە شەقامی "نبوەت"یش‌دا بەهۆی لافاوو ڕووخانی خانوویەکەوە، منداڵێکی ٧ تا ٨ مانگە دەخنکێ‌و باقیی کەسانی دانیشتووی ماڵەکەش بەڕێی نەخۆشخانە دەکرێن.

### ٣٠ تا ٤٠ کەس لە بەشداربووانی "ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە" لەسەر گڵکۆی پێشەوادا، لە لایەن ڕێژیمەوە دەستبەسەر کراون

لە ڕۆژەکانی ١٤و١٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٤دا، ٣٠ تا ٤٠ کەس لەو کەسانەی کە لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا چووبوونە سەر گڵکۆی پێشەوا قازی محەممەد لە لایەن هێزە دژی‌گەلی‌یەکانی ڕێژیمی ئاخوندی‌یەوە دەستبەسەر کران. تا گەیشتنی ئەم هەواڵە هیچ ئاگاداری‌یەك سەبارەت بە چارەنووسی گیراوەکان لەدەستدا نیە.

### هێزەکانی ڕێژیم لە ناوچەکانی "تەرگەوەر"و "مەرگەوەر"دا، کەوتوونەتە کۆکردنەوەی دەزگا ماهوارەیی‌یەکانی هاووڵاتیان

هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پاش بڵاوبوونەوەی رادیۆ "دەنگی کوردستانی ئێران"ەوە لەسەر ماهوارەی دیجیتال، لە ناوچەکانی "تەرگەوەر"و "مەرگەوەر"ی ورمێ‌دا تا ئێستا دەستیان بەسەر زیاتر لە پەنجا (٥٠) دەزگای ماهوارەیی هاووڵاتیاندا گرتووە.

جێگای ئاماژەپێ‌کردنە کە هێزەکانی ڕێژیم کە لە ئازادی ڕادەربڕین‌و گەیشتنی هەرچەشنە دەنگێکی ئازادیخوازانە بە خەڵك، ترسیان لێ‌نیشتووە، بە زۆرو گوشار دەچنە نێو ماڵی هاووڵاتیان‌و دەزگاکانی ماهوارە دەردێنن. هەروەها ئەم کردەوە زەبوونانەو بێ‌ئاکامانەیان لەگەڵ ناڕەزایەتی‌و کاردانەوەی خەڵك‌دا بەرەوڕوو بۆتەوە.

### هاووڵاتی‌یەکی کورد بە دەست فەرماندەی پاسگای "هەشتیان" لە ناوچەی ورمێ‌دا کوژرا

ڕۆژی یەکشەممە ٨٤/١/٢١، کاتژمێر ٤ی سەرلەبەیانی، هاووڵاتی‌یەکی کورد بە ناوی "کەماڵ" کوڕی عەبدووڵڵا، خەڵکی گوندی "سیدا"، سەر بە ناوچەی "سۆما"ی ورمی، لە کاتێك دا کە لە ماشینەکەی‌دا دانیشتبوو هیچ کردەوەیەکی لە خۆی نیشان نەدابوو، لە لایەن فەرماندەی پاسگای "هەشتیان"وەو دەدرێتە بەر گوللەو دەکوژرێ.

### پەیدابوونی تەرمی بەکرێگیراوێکی سەر بە ڕێژیم لە بازاڕچەی پیلەوەری‌یەکانی مەریوان‌دا

ڕۆژی دووشەممە، ٨٤/١/٢٢، تەرمی کەسێك بە ناوی "عومەرە چەتە"، خەڵکی گوندی "شایەر"ی مەریوان، کە ماوەی چەند ڕۆژ بوو بێ‌سەرو شوێن کرابوو لە نێو گۆمێکی ئاودا لە بازاڕچەی پیلەوەری‌یەکانی مەریواندا، دۆزرایەوە.

شیاوی باسە کە ناوبراو پێشتر (ساڵی ١٣٦٨)، لە هاوکارانی ئیتیلاعات بووەو لەم دواییانەشدا خەریکی کڕین‌و فرۆشتنی مەوادی موخەدێر بووو هەروەها تا ئێستا هۆی کوژرانی ڕوون نەبۆتەوە.

### بریندارکردنی سێ کەس لە کاسبکارەکانی ناوچەی سەردەشت لە لایەن هێزی دژی گەلیی ئینتیزامی‌یەوە

شەوی ٨٤/١/٢٢، تاقمێك لە کاسبکارەکانی ناوچەی سەردەشت، لە کێوی "دووپەزە"دا دەکەونە کەمینی هێزی دژی گەلیی ئینتیزامی‌یەوە. لە ئاکامی دەستڕێژی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئینتیزامی‌دا سێ کەس لە کاسبکارەکان بە ناوەکانی ١ـ عەبدوڵڵا ئێران‌نژاد، خەڵکی گوندی بێرورانی سەرێ، ٢ـ ئازاد، خەڵکی گوندی بنێوخەلێفی ناوچەی بولفەتی سەردەشت، ٣ـ هاووڵاتی‌یەکی خەڵکی گوندی تویێ کە ناوەکەی نەزانراوە، بریندار دەبن.

### کۆچی دوایی ئەندامێکی دڵسۆزو لەمێژینەی حیزب لە ناوچەی برادۆستی ورمێ

ڕۆژی ١٣٨٤/١/١٧، مام "حەمید ئیسماعیلی" خەڵکی گوندی "مانەران" لە ناوچەی برادۆستی ورمێ، لە تەمەن ٧٠ساڵی‌دا بە هۆی ڕاوەستانی دڵ، کۆچی دوایی کرد.

مام حەمید ئیسماعیلی، ساڵی ١٣٥٨ هاتە نێو ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و تا ساڵی ١٣٦٦ وەکوو پێشمەرگە درێژەی بە ئەرکی پیرۆزی حیزبی‌و نەتەوایەتی خۆی دا. بەڵام دواتر بە هۆی چوونە سەری تەمەن‌و بارودۆخی نالەبار لەسەر مۆڵەتی حیزب گەڕایەوە نێو بنەماڵەکەیی‌و تا کاتی ماڵئاوایی لە ژیان وەك ئەندامێکی دڵسۆز بە ڕێبازی حیزب‌و گەل وەفادار مایەوە. ئێمەش لێرەدا پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بە بنەماڵەی ئەو تێکۆشەرە ڕادەگەیەنین‌و ئاواتەخوازین کە ڕۆحی شادو ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت.

## پەیامی یەکیەتیی ژنان بۆ بەڕێز مام جەلال

**بەڕێزو تێکۆشەر جەنابی مام جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ!**
**سلاوی خەبات‌و کۆڵنەدان**

بە ناوی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و سەرجەم ئەندامان‌و لایەنگرانی ئەو یەکیەتی‌یەوە، بەبۆنەی هەڵبژاردنتان بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق جوانترین‌و گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین.

یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران وەك ڕێکخراوێکی داکۆکیکەر لە مافەکانی ژنی کورد، شانازی دەکا کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی خەباتی نەپساوەی گەلی کورد دا، بەڕێزتان وەك کوردێك بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری وڵاتێك هەڵدەبژێردرێن.

بەڕێزتان هەردەم پشتیوانێکی بەهێزلە داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان بوون هیواخوازین لە داهاتووشدا زیاتر لەوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان تێبکۆشن.

لەگەڵ ڕێزو پیرۆزبایی دووبارەمان

**عیسمەت نستانی، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٠٠٥/٧/٤**

## پەیامی پیرۆزبایی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بۆ بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی، سەرکۆماری عێراق

**بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق!**

هەڵبژێرانی ئێوە خەباتکاری ماندوویی نەناس بۆ پۆستی سەرکۆماریی وڵاتی دراوسێمان، عێراق، کە لەگەڵ ئێرانی ئێمەدا لەزۆر بواردا، بە تایبەت لە بوارەکانی کەلتووری‌و فرەنەتەوەیی بووندا، خاوەنی گەلی خاڵی هاوبەشە، بوە هۆی ئەوپەڕی خۆشحاڵیمان.

بە ناوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانەوە کە لەم دواییانەدا لە لایەن حەوت حیزب‌و ڕێکخراوی سەر بە نەتەوەکانی ئێرانەوە دامەزراوەو ئامانجی سەقامگیر کردنی سیستەمێکی دێموکراتیك‌و فیدراڵ لە ئێران دایە، بە بۆنەی ئەم هەڵبژێرانە شیاوەوە، پیرۆزبایی دەکەین لە پارلمانی نیشتمانیی عێراق‌و گەلانی عێراق‌و بەڕێزتان‌و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین بۆ خزمەت بە خەڵك‌و سەقامگیر کردنی سیستەمێکی دێموکراتیك‌و فیدراڵ لە عێراقدا.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، پێکهاتوو لە: ١ـ بەرەی یەکگرتووی بەلووچستانی ئێران، ٢ـ بزاڤی فیدراڵ دێموکراتی ئازەربایجان، ٣ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ٤ـ حیزبی خەڵکی بەلووچستان، ٥ـ حیزبی هاوپێوەندیی دێموکراتیکی ئەهواز، ٦ـ ڕێکخراوی پشتیوانی لە مافەکانی گەلی تورکمەن، ٧ـ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسم لە شارەکانی کوردستان، بەبۆنەی هەڵبژێرانی بەڕێز مام جەلال بە سەرکۆماری عێراق

**پیرانشار**

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ١٣٨٤/١/١٧، هەزاران کەس لە خەڵکی بەهەست‌و ئازادیخوازی پیرانشار بۆ دەربڕینی شایی‌و خۆشی بە بۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێز مام جەلال بە سەرەك کۆماری عێراقی فیدراڵ، ڕژانە سەر شەقامەکان.

هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ئاپۆرەی خەڵك‌دا، لاوانی خەباتکاری پیرانشار بە گوتنەوەی دروشمی "بژی حیزبی دێموکرات"و چەندین دروشمی دیکە، ناڕەزایەتی خۆیان لە ڕێژیمی سەرەڕۆو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی، دەربڕی.

لە هەمانکات‌دا ڕێژیمی دژی‌گەلیی ئاخوندی، بۆ کاردانەوە لە هەمبەر شایی خەڵك‌و ناڕەزایەتی لاواندا هێزێکی زۆری هێنایە سەر شەقامەکان کە لە نێوان خەڵك‌و هێزە دژی‌گەلی‌یەکانی ڕێژیمدا تێکهەڵچوون، پێکهات.

هێزە بێ‌ورەکانی ڕێژیم لە ئاست ورەی پۆڵایینی خەڵك‌داو لە هەنگاوێکی زەبوونانەدا دەستیان کرد بە تەقەی ئاسمانی، بەڵام خەڵکی شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەری پیرانشار بە تێکشکانی دەرگاو پەنجەرەی ئیدارەکانی ڕێژیم وەڵامی خۆیان دایەوە.

شایانی باسە کە ئەم خۆشحاڵی‌و ناڕەزایەتی‌یە نیشتمانپەروەرانەیەی خەڵك تا کاتژمێر ١٠/٣٠ دەقیقەی شەو درێژەی کێشاو هەروەها لە ژمارەی گیراوان‌و زیان پێگەیشتووانی ئەم حەرەکەتە شۆڕشگێڕانەیە تا ئێستا هەواڵی باوەڕپێکراو لە دەستدا نیە.

**مەهاباد**

دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ١٣٨٤/٧/١٧، خەڵکی نیشتمانپەروەرو ئازادیخوازی مەهاباد، لەدوای ڕاگەیاندنی سەرۆك کۆماریی مام جەلال تاڵەبانی‌دا، ڕژانە سەر شەقامەکان‌و ئەم دەسکەوتە مێژوویی‌یەی کوردیان بە بڵاوکردنەوەی شیرینی‌و دەربڕینی شایی‌و خۆشی، جەژن گرت.

هەر لەو کاتەدا هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کە هەمیشە دژی شایی‌و دەستکەوتەکانی نەتەوەی کوردن، پاش کاتژمێرێك بە هاوکاری هێزی تایبەتیی (یگان ویژە) "میاندواو"و "ساین قەڵا"، پەلاماریان بردە سەر خەڵك‌و تەنانەت دەستیان لە لێدانی ژن‌و منداڵیشیان بە باتۆم‌و قۆناغە تفەنگ نەپاراست.

دوکاندارەکانی مەهاباد بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر ئەم کردەوە دژی‌گەلی‌یانەی ڕێژیمدا، ئێوارەی ئەو ڕۆژە، زووتر لە جاران (کاتژمێر ٦)، دووکان‌و بازاڕیان داخست.

**شنۆ، ورمێ‌و سەقز،**

دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ١٣٨٤/١/١٧، خەڵکی شارەکانی شنۆ، ورمێ‌و سەقز بە بیستنی هەواڵی هەڵبژێرانی "بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی" بە سەرەك کۆماری عێراق، ڕژانە سەر شەقامەکان‌و بە پێکهێنانی کۆڕی شایی‌و هەڵپەڕکێ‌و بڵاوکردنەوەی نوقڵ‌و شیرینی، شایی‌و خۆشحاڵیی خۆیان لە بەدیهاتنی ئەم دەستکەوتە مێژوویی‌یەی گەلی کورد دەربڕی.

هێزە دژی‌گەلی‌یەکانی ڕێژیم بۆ ئەوەی کە هەست‌و شعووری نەتەوایەتیی خەڵکی ئازادیخوازو شۆڕشگێڕی ئەم شارانە لە دژی خۆیان نەوروژێنن، کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان لە هەمبەر شایی‌و خۆشحاڵیی خەڵك‌دا نیشان نەدا.

**دۆستان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری دەربەندیخان**

ڕێکەوتی ١٣٨٤/١٠/٢٠ دۆستان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری دەربەندیخان بە بۆنەی هەڵبژێرانی بەڕێز مام جەلال بۆ سەرۆك کۆماری عێراق مەراسمێکیان پێك هێنا. لەم ڕێوڕەسمەدا ژمارەیەك لە خەڵکی شارو دامودەزگا دەوڵەتی‌یەکان‌و حیزب‌و لایەنەکان بەشدار بوون. هەر بەم بۆنەیەوە پەیامێك لە لایەن یەکێك لە کوردە ئاوارەکان بە ناوی کاك حەسەن یارحسێنی خوێندرایەوە.

## ڕێوڕەسمی جەژن‌و شایی بە بۆنەی هەڵبژێرانی بەڕێز مام جەلال بە سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ، لە دەرەوەی وڵات

**نورویژ**

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٠٠٥/٤/١٠، جەژنێکی بەشکۆ لە ناوچەی "لیلستروم" نزیك شاری "ئوسلۆ" پێتەختی نورویژ لە لایەن کومیتەی یەکیەتیی نیشتمانی کوردەوە لە نۆرویژ بە بۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ، بەڕێوە چوو. لەم ڕێوڕەسمەدا نوێنەرانی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستانی‌و عێراقی‌و نورویژی‌یەکان‌و جەماوەرێکی زۆر لە کوردەکانی دانیشتووی نورویژ بەشدار بوون.

هەروەها شاندێکی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نورویژ، کومیتە ناوچەیی‌یەکانی حیزب لە لیلسترۆم‌و کومیتەی ناوچەی ئۆسلو، بە سەرپەرستی کاك ساڵح وەلی زادە، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە نورویژ بەشداری‌یان لەم ڕێوڕەسمەدا کردو پەیامی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرا.

**ئامریکا ـ ویرجینیا**

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٥/٤/١٠، لە لایەن کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانەوە لە پارکی "باڵ ڕۆن" لە ئەیالەتی ویرجینیادا، ئاهەنگێك بە بۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی بە سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ، پێکهات.

لەم ڕێوڕەسمەدا کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان‌و کوردەکانی دانیشتووی ئەیالەتەکانی واشنگتۆن، ویرجینیاو مێریلەند بەشدار بوون. هەروەها پەیامی هاوبەشی هەر سێ کومیتەی حیزب‌و یەکیەتی و پارتی لە لایەن بەڕێز کاك دارا خەیلانی بە نوێنەرایەتیی لە لایەن هەر سێ کومیتەوە پێشکەش کرا کە لەواندا سوپاس‌و ئەمەگناسی لە هەستی نەتەوایەتی دانیشتوانی هەموو بەشەکانی کوردستان، بە تایبەتی کوردستانی عێراق‌و ئێران‌و سەرجەم خەڵکی کوردستان بە تایبەتیی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان‌و کەس‌وکاری پێشمەرگە کرا.

شیاوی باسە کە ڕێوڕەسمەکە کە تێی‌دا هەستی یەکگرتن‌و یەکسانی‌و شایی‌و خۆشحاڵی سەرتاپای بەشدار بووانی گرتبوو تا کاتژمێر ٦ی ئێوارە بە کۆڕی شایی‌و گۆڤەند درێژەی کێشا.

**ئوستراليا ـ ئادیلاید**

هەر بەم بۆنەوە، ڕۆژی ٢٠٠٥/٤/١٧، کومیتەی حیزبی دێموکرات لە شاری ئادیلادو کەرتی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌و کۆمەڵەی کوردی ئاشووریی ئوستراليا، ڕێوڕەسمێکی تایبەتیان بۆ کوردانی دانیشتووی ئەم شارە ڕێك خست. بەرنامەکە کە لە رایمل پارك "Raymill Park"بەڕێوە چوو، کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆ بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. دوابەدوای ئەو، پەیامی کومیتەی ئادیلادی حیزب‌و کۆمەڵەی کوردی ئاشووریی ئوستراليا پێشکەش کرا. پاشان هێندێك لە کوردانی بەشداری ڕێوڕەسمەکە پیرۆزبایی‌و هەروەها هەستی خۆیان لەسەر ئەم دەسکەوتە گرنگە دەربڕی.

لە بەشی کۆتایی بەرنامەکەشدا تیپی موسیقای کوردیی شاری ئادێلاید بە گۆرانی‌و موسیقای کوردی، جێژنەکەیان ڕازاندەوە. ❊

# وتووێژ لەگەڵ هاوڕێ سەلاح خزری،

## بەبۆنەی ڕزگاربوونی لە زیندانی کۆماری ئیسلامی

**هەڤپەیڤین: دارا ناتق**

**بەڕێز کاک سەلاح پێشەکی سەبارەت بە ڕزگاربوونتان پیرۆزباییت پێ دەڵێین؟**

و: ئێمەش سوپاستان دەکەین، زۆر خۆشحاڵم کە بۆ جارێکی دیکەش گەڕامەوە نێو هاوڕێیان‌و خۆشەویستانمان لە نێو ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و لەو هەلە کەڵک وەردەگرم‌و ڕێزو حورمەتی خۆم پێشکەش بە هەموو زیندانییانی سیاسی دەکەم‌و سوپاسی ئێوەو ڕۆژنامەی "کوردستان"یش دەکەم.

**پ: تکایە هێندێك لەسەر چۆنییەتیی ڕووداوی گیرانی خۆتان بۆمان باس کەن؟**

و: ئێمە لە پاییزی ١٣٧٨دا لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکە بۆ جەولەیەکی سیاسی گەڕاینەوە کوردستان‌و لە ١٣٧٨/٧/١٤دا لە گوندی قەڵات سەربە ناوچەی مەنگوڕایەتیی پیرانشار کەوتینە کەمینی هێزەکانی دوژمن‌و دەرگیر بووین. کاتژمێر ٣/٥ی دوانیوەڕۆ شەڕێکی نابەرامبەر لە نێوان ئێمەو هێزەکانی ڕێژیمدا دەستی پێکرد، کە بەداخەوە لەو شەڕەدا دوو هاوڕێمان بە نێوی عەولای تەبەرزەو موڕادی ڕەحیمزادە شەهید بوون‌و ئێمەش بە برینداری بەدیل گیراین.

**پ: کاتێك کە هاوڕێکانت شەهید بوون‌و تۆو هاوڕێیەکەت بە برینداری بە دیل گیران، چ هەستێکت هەبوو؟**

و: لە ڕاستی‌دا ئەو ڕووداوانە هیچکات تەوسیف ناکرێن، یانی ناتوانم بڵێم چۆن بوو. بەڵام دۆخێکی یەکجار ناخۆش بوو، چونکە دیار نەبوو ئێمە بۆ چ ماوەیەك لە هاوڕێیانمان جودا دەبین. لەو کاتەدا کە ئاگادار بووین کە دوو هاوڕێی خۆشەویستمان شەهید بوون‌و بە یەکجاری ماڵئاواییان لە ئێمە کردوە، بەڕاستی بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو.

**پ: ئایا ئێوە بەدوای گیرانتاندا ئەشکەنجە کران؟**

و: بەڵێ ئەشکەنجە هەبوو. دوای ئەوەی کە گیراین ـ هەر لە کاتی گیرانماندا کە ئێمە بریندار بووین ـ ئازارو ئەشکەنجەی ئێمە لە لایەن جاشەکانەوە بە قۆنداغە تفەنگ، بە شەق‌و بە مست دەستی پێ کرد. تەنانەت دەنگۆی جۆراوجۆر بۆ ئەوەی کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕوحیاتی ئێمە دابنێن، بە ئێمە دەگەیشت.

**پ: تکایە لەسەر چۆنیەتیی بازجوویی‌کردنی خۆتان بۆ ئێمە بدوێن؟**

و: ئێمە لە ماوەی ٨٠ ڕۆژ لە زیندانی ئیتیلاعاتدا ماینەوە، لە ڕاستی‌دا بازجوویی‌یەکانی ئێمە لەسەر وەزعییەتی نێوخۆی حیزب یان لەسەر ئەو کەسانەی کە بەهەرحاڵ هاوکاری ئێمە بوون لە نێوخۆی وڵاتدا یان ئێمەیان ناسیبوو، تأکید دەکرا. لەسەر ئەو مەسەلانە هەرکاتێك کە بازجوویی‌و ئەو شتانەی کە لە ئێمەیان دەویست یانی وەریان دەگرت لە ڕاستی‌دا دەستی دەکرد بە ئازارو ئەشکەنجەو سووکایەتی‌و بچووك کردنەوەی ئێمە.

**پ: بۆ چ ماوەیەك لە ژووری تاکەکەسی‌دا بەند کران؟**

و: بەڵێ ئێمە بۆ ماوەی ٨٠ ڕۆژ یانی نێزیك بە سێ مانگ لە زیندانی تاکەکەسی‌دا بووین.

**لە کاتی گیرانمان‌دا، جاشەکان بە قۆنداخە تفەنگ‌و شەق‌و مست ئازارو ئەشکەنجەیان داین**

**پ: هێندێك لەسەر چۆنییەتیی دادگایی‌کردنی خۆتان بۆمان بدوێن؟**

و: ئێمە بەدوای ئەو ٨٠ ڕۆژەدا کە بردیانین بۆ دادگا، لە دادگا نە تەنیا هەیئەتی مونسیفەی لێ نەبوو، تەنانەت بۆ بەرگری‌کردن لە خۆمان بێبەش کراین، ئێمە لە بوونی وەکیل بێبەش کراین، یانی لە ڕاستی‌دا دادگایەك بوو تەشریفاتی کە لەودا توانای هیچ جۆرە بەرگری‌کردنمان لە خۆمان نەبوو.

**پ: هەروەك دەزانین ئێوە دوای ماوەیەك لە زیندانی ورمێ‌ڕا نێردران بۆ زیندانی شاری کەرەج، مەبەستی ڕێژیم لەو کارە چ بوو؟**

و: هەر لە سەرەتاوە حوکمی ئێمە ٢٠ ساڵ تەبعید بۆ زیندانی کەرەج بوو، یانی لە ڕاستی‌دا حوکمەکەی ئێمە تەبعید بوو. لەو ماوەیەدا کە ئێمە لە زیندانی ورمێ بووین چەند جار ئێمەیان برد بۆ زیندانی کەرەج، بەڵام لەبەر تەواونەبوونی پەروەندە، لە زیندانی ڕەزای شاری کەرەج ئێمەیان وەرنەگرت، لە ڕاستی‌دا تەبعیدکردنی ئێمە زۆر ئاگاهانە بوو، هەرچەند کە حوکمی ئیعدامیان بە ئێمە نەدابوو، بەڵام لە ڕاستی‌دا حوکمێکی زۆر ئاگاهانەیان بە ئێمە دابوو. چوون دەبێ بڵێم زیندانی ڕەزای شاری کەرەج زیندانێکە کە تەبعیدگایە، یانی شوێنێکە



کە زیندانیی سیاسی زۆر بەکەمی لێ دەبێ. ئەو کەسانەی کە لەوێ دەبن، هەموویان لە شوێنەکانی دیکەوە تەبعید کراون. زیندانی‌یەکانی ئەوێ هەموو تێکەڵاون. (جورمەکان زیاتر) دزی، مەوادی موخەددیرو یان قەتڵن. بۆیە مانەوە بۆ زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان لە نێو ئەو زیندانییانەدا بەڕاستی زۆر دژوارە. نەبوونی کتێبخانە، نەبوونی ئیمکاناتی وەرزشی‌و...، شوێنێکی زۆر خەتەرناك بوو. ئەنواعی نەخۆشی لەنێو زینداندا هەبوو کە بە ڕاستی بۆ ئێمە زۆر سەخت بوو.

**پ: ڕوانگەو هەڵسوکەوتی زیندانییان سەبارەت بە ئێوە چۆن بوو؟**

و: دەبێ ئەو پرسیارەتان بە دوو بەش دابەش دەکەم. چونکە ئێمە ٣ ساڵ‌و نیو لە زیندانی ورمێ بووین، دوو ساڵیش لە زیندانی کەرەج بووین. لە زیندانی ورمێ ئەو زیندانییانەی کە لێی بوون (خەڵکی ناوچەکە بوون)و زۆربەیان زانیارییان لەسەر حیزبی دێموکرات‌و خەڵکی کوردو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات هەیە، بۆیە بە چاوی ڕێزەوە دەیانڕوانیە ئێمە، یانی زۆر ڕێزو حورمەتیان دەگرتین، نەك هەر هی ئێمە، بەڵکوو هی تەواوی بەندی‌یە سیاسی‌یەکانی زیندانی ورمێ. بەڵام لە زیندانی کەرەج‌دا بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو خەڵکانەی کە لەوێ‌دا بەند کرابوون، دەرك‌و ئاگاهیی ئەوتۆیان لەسەر حیزبی دێموکرات نەبوو، لەسەر مەسەلەی کورد بەگشتی هیچ ئاگاهی‌یان نەبوو، بۆیەش ئێمە لە لایەن ئەوانەوە بەگەرمی وەرنەگیراین. کەسێك کە جینایەتی کردوە لە ڕاستی‌دا ناتوانێ ئاگاهی‌یەکی ئەوتۆی لەسەر ئێمە هەبێ یان ڕێزو حورمەتی ئێمە بگرێ.

**پ: ڕێژیم بۆ بە چۆك‌داهێنانی زیندانییانی سیاسی لە چ شێوازگەلێك کەڵك وەردەگرێ؟**

و: لە ڕاستی‌دا کۆماری ئیسلامی بۆ بە چۆك‌داهێنانی زیندانییانی سیاسی لە نێو زیندانەکانی خۆی‌دا، هەر کارێك لەدەستی بێ ئەنجامی دەدا. بۆ نموونە واریدکردنی ئەنواعی مەوادی موخەددیر یان پەرەپێدان بە بێ ئەخلاقی‌و زۆر کاری نابەجێ لە نێو زیندانی‌یەکاندا، ئەوانەو زۆر شتی دیکە سیاسەتی کۆماری ئیسلامین لە زیندانەکاندا. بەڵام بە خۆشی‌یەوە زۆربەی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان ئەو پیلانەی ڕێژیمیان بەرپەرچ داوەتەوەو موبارزەیان لەگەڵدا کردوەو بۆ ڕوونکردنەوەی زیندانییانی دیکەش لەسەر ئەم پیلانانەی ڕێژیم هەوڵی خۆیان داوە.

**پ: ڕۆڵی ئێوە بە نیسبەت پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلانانەی ڕێژیم بە چ شێوەیەك بوو؟**

و: ئێمەش بە پێی توانا لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەگەڵماندا دەژیان، ئەوانەی کە دەمانزانی لە شتەکانی ئێمە تێدەگەن‌و دەرکی دەکەن، قسەمان دەکردو پێمان ڕادەگەیاندن کە کۆماری ئیسلامی مەبەستی لەو پیلانگێڕیانە لە نێو زینداندا چیە؟ تەنیا بە مەبەستی بە چۆك‌داهێنانی شۆڕشگێڕانی کوردو لاوازیی خۆڕاگرانی گەلی کورد لە نێو زیندانەکاندا ئەو کارانە دەکا. ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان داوە بۆ ئاشکراکردنی پیلانەکانی دوژمن.

**پ: کۆماری ئیسلامی زۆرجار ڕای‌گەیاندوە کە ئێمە زیندانیی سیاسیمان نیە. ئێوە وەك زیندانی‌یەکی تازە ڕزگاربوو، لەگەڵ ئەوەی بۆخۆت بەڵگەیەکی بۆ ناڕاستیی ئەو قسەیە، لەم بارەیەوە دەڵێی چی؟**

و: کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە، ئەوەی هەر گوتوە کە ئێمە زیندانیی سیاسیمان نیە. ئەو کاتەی کە زیندانەکانی ڕێژیم پڕ لە زیندانیی سیاسی بوون، هەمیشە گوتویەتی کە ئێمە زیندانیی سیاسیمان نیەو ئەوانەی کە لەسەر دژایەتی دەگەڵ حکوومەت گیراون، بە خراپکارو دزو جەردە لە قەڵەم دراون. لە ڕاستی‌دا (ئێستا) لەو هەلومەرجەی کە لە نێوخۆی ئێراندا پێك هاتوە، بە شێوەیەکی دیکە دەڵێن جورمی سیاسیمان نیە. دەڵێن جورمی سیاسی لە یاسای ئێمەدا شرۆڤە نەکراوە، کەواتە دەبێ بڵێم لە یاسای کۆماری ئیسلامی‌دا ئەو کەسانەی کە بە دژایەتی لەگەڵ حکوومەت دەجووڵێنەوە یان موبارێزە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکەن بە "مفسدفی‌الارض" دەناسرێن، یانی وەکوو تاوانبارێکی سیاسی چاویان لێ ناکەن. دەڵێن ئەوانەی کە موبارێزە لەگەڵ حکوومەتدا دەکەن، دژایەتی لەگەڵ خودا دەکەن‌و "مفسدفی‌الارض"ن. هەر بۆیە ئێمە تاوانی سیاسی‌مان نیە. ئەوانەی کە ئێوەش بە تاوانی سیاسی نێویان دەبەن ئەوانە "مفسدفی‌الارض" ن. ئەوانە شەڕیان لەگەڵ خواو نوێنەری خوا لەسەر عەرزدا هەیە.

**پ: ئایا قەت بیرت لەوە دەکردەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕزگار بی‌و جارێکی دیکە بگەڕێیەوە بۆ ئامێزی هاوڕێیان‌و هاوسەنگەرانت؟**

و: بەڵێ ئەو هیوایە هەمیشە لە دڵی ئێمەدا هەبوو، یانی نە بەو زوویانە کە ئێستا ڕووی داوە. ئێمە هەمیشە چاوەڕوانیی ئەوە بووین کە ١٠ تا ١٥ ساڵ دوای ئەو زیندانی‌کێشانە، بە ئاواتی خۆمان بگەین. بەڵام بە خۆشی‌یەوە هەل ڕەخساو ئێمە زووتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا گەیشتینەوە ئامێزی هاوڕێیانمان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا.

**پ: لە کاتی ڕزگاربوون‌و هاتنت بۆ نێو ڕیزی هاوڕێیانت، چ هەسێکت هەبوو؟**

و: یەکجار زۆر خۆشحاڵ بووم، هەستم دەکرد کە جارێکی دیکە لە دایك بوومەتەوەو ژیانێکی تازەم دەست پێ کردۆتەوە.

**پ: دوا وتەت چیە؟**

و: بەلەبەرچاوگرتنی بەرەوپێشچوونی ئاگاهی‌و هوشیاریی خەڵك، ئێمەش داوامان لە خەڵك هەیە پشتیوانیی حیزبی خۆیان واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بن، لە ماوەی ئەم خەباتە دوورو درێژو خوێناوی‌یەدا، دەبێ بڵێم حیزبی دێموکرات بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران هێزی سەرەکی بووە، بۆیە داوا دەکەم زیاتر لە جاران پشتگیری لە حیزبی دێموکرات‌و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەن.

# پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## بۆ کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد لە ستۆکهۆڵم

پێکهێنەران‌و بەشدارانی بەڕێزی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد لە ستۆکهۆڵم!

بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین‌و هاوکات دەنگی یەکسانی‌و عەداڵەتخوازیی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئێوەو هەموو ئەو لایەن‌و دەوڵەت‌و ڕێکخراوانەی کە بۆ ئازادی‌و دێموکراسی‌و مافی یەکسانیی مرۆڤ خەبات دەکەن.

**بەڕێزان!**

پیرۆزباییتان لێ دەکەین کە مەبەستێکی هەرە گرنگی کێشەی جیهانی بەگشتی‌و کۆمەڵگای کوردەواری بەتایبەتی دەخەنە بەر باس‌و لێدوان‌و خوازیاران بە شێوەیەکی زانستی مەسەلەکە هەڵسەنگێنن‌و لێکۆڵینەوەیەکی پسپۆڕانەی لەسەر بکەن.

بێگومان ئەو هەنگاوە بە لەبەرچاوگرتنی لۆژیك‌و دیالۆگ‌و لێکۆڵینەوە، دەبێتە دەستپێکێکی بەنرخ بۆ هەر هەنگاو گۆڕانکاری‌یەکی گرنگ لە داڕۆژدا.

حیزبی ئێمە هەر لە یەکەم بەرەبەیانی لە دایکبوون‌و سەرکەوتنی‌دا، هەستی بەو مەسەلە گرنگە ئینسانی‌یەی نێو کۆمەڵگا کردوەو بە ئیمانەوە هەوڵی چارەسەرکردن‌و چاکسازیی داوە.

لە بەرنامەی حیزبماندا پێگەیاندن‌و دیفاع لە مافی ژن‌و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی پڕ لە عەداڵەت‌و ئازادی‌و بەختیاری، یەکێك لە خاڵە هەر گرنگەکانی حیزبمان بووەو هەیە. پێشەوای کورد قازی محەممەد نەمر، یەکەم کەس بووە کە ٦٠ ساڵ بەر لە ئێستا، بە کردەوە ژن‌و کچی کوردستانی ژێر ئاڵای کۆماری، شانبەشانی پیاوان‌و کوڕان بەشداری قوتابخانەو کارو ئەرکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی کردوە.

هاوڕێیانی بەڕێز!

بەشدارانی کۆنفرانس!

دەبێ هەمووما باش بزانین کە لەسەر کێشەیەکی هەرە گرنگی کۆمەڵگای کوردستان دەدوێین‌و بۆ گەیشتن بەو ئامانج‌و ئەرکە پیرۆزە، پێویستیمان بە هاوخەباتی‌و هاوکاری‌و هاودەنگی هەموو لایەکەوە هەیە. چونکە تێپەڕبوون‌و ڕزگاربوون لە یاسا دواکەوتووەکانی جێگیربوو لە ناو کۆمەڵگاو، دەسەڵاتی حاکم بەسەر ناوچەداو، گەیشتن بە یاساکانی پێشکەوتووو دێموکراتیك‌و گونجاو لەگەڵ مافی مرۆڤدا، دەسپێکی پرۆسەی دابینکردنی مافی یەکسانیی ژن‌و پیاوە.

بێگومان لایەنی گرنگ بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم پرۆسەیە، پێکهێنانی زەمینەیەکی لەبار، بۆ بەڕێوەبردنی یاساکانی پێشکەوتوویە کە دەست بۆ کولتوورو نۆرمەکانی دژی ژن کە لە ناو کۆمەڵگادا سەقامگیر بوون، ڕاکێشێ.

بۆ ئەو مەبەستەش خەباتی شانبەشانی ژنان‌و پیاوان هاوکات پێویستەو دەبێ بۆ سێ ئامانجی سەرەکی هەوڵ بدەن:

١ـ پەرەپێدانی ڕۆشنگەری‌و زانیاری لە ناو کۆمەڵگادا

٢ـ شوێندانان‌و کارتێکەری لە یاساکانی دەسەڵاتدارانی نێو سیستمی پیاوسالاری

٣ـ پێکهێنانی ڕێکخراوو سەندیکاو ئەنجومەنەکانی مەدەنی بۆ خەباتی فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی

هەروەها هەوڵ بدرێ کە ئەو کێشەیە ببێتە پەرۆشێکی گرنگی جیهانی، بۆیە پێویستە مەسەلەی ژنانی کورد لەگەڵ ئەم مەسەلە جیهانی‌یە گرێ بدەین‌و وەك ویستی نەتەوەی کوردمان کە ئەمڕۆکە بۆتە ویست‌و مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی‌و دنیا بە دەنگی بانگەوازی عەداڵەتخوازی‌و ڕزگاری‌و دێموکراسی‌یەوە هاتوە، ببێتە جاڕێکی جیهانی.

**خوشك‌و برایانانی بەڕێز!**

**دۆستانی ئازیز!**

بۆ ئەوە مەسەلەی مافی ژنان، یان هەر دیاردەیەکی دیکەی گرنگی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێ، پێویستە بە تێڕوانینێکی هەمەلایەنەو وردبینی‌یەکی ژیرانەوە سەیری دیاردەکە بکرێ. دەبێ بزانین هەتا حکوومەت‌و سیستمێکی دێموکراتی‌و عەداڵەتخواز لە وڵات دانەمەزرێ‌و سیستمی کۆمەڵایەتی‌و دەزگاکانی پەروەردەو بارهێنان‌و ڕاگەیاندن، لەسەر بناخەی یاساکانی مەدەنی‌و ئەساسی فۆرم‌و مۆدێلەکانی پێشکەوتووی دێموکراتیکی جیهانی نەیەنە دامەزراندن، ناکرێ ئەم مەسەلەیەو گیروگرفتە ئینسانی‌یەکان کە ڕیشەیان لە فەرهەنگ‌و کولتووری کۆنی کۆمەڵایەتی‌و مەزهەبی دایە، چارەسەر بکرێن.

بۆیە دەبێ بە بیرێکی ئینساندۆستانەو هەڵوێستێکی سەردەمیانەو عەقڵانیەوە، هاوشان لەگەڵ بردنەپێشی ڕەوتی کۆمەڵگا، شانبەشانی بزووتنەوەکانی دێموکراتیك‌و کۆڕو کۆمەڵە ئازادیخوازو مرۆڤ دۆستەکان، بۆ چارەسەریی کێشەکان‌و گەیشتن بە داخوازەکانمان هەوڵ بدەین.

**بەڕێزان!**

هەروەها حەز دەکەین هاوکات لەگەڵ دەستخۆشی لە ئێوەی بەڕێزو پیرۆزبایی لە نەتەوەی کوردمان بۆ دەسکەوتەکانی ئەو دواییانەو بوونی بەڕێز مام جەلال بە سەرکۆماری عێراق، وەبیریان بهێنینەوە کە ئەمڕۆکە ئەرکێکی گرنگی مێژوویی‌یان لە ڕاست مەسەلەی ڕەوای کوردو دامەزراندنی بناخەی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی پێشکەوتنخواز، لە کوردستان‌و عێراقدا دەکەوێتە سەرشان‌و، جیهانی دێموکراتخوازو نەتەوەی کوردمان چاوەڕوانیی هەڵوێست‌و کردەوەکانیان دەکەن.

ئێمە دڵنیاتان دەکەین، وەك هەمیشە پشتگیری لە داخوازە ڕەواکان‌و مافی ئینسانیی کورد بەگشتی‌و ژنان بە تایبەتی‌و هەموو نەتەوەکانی جیهان دەکەین‌و بە کردەوەش بۆ یەکگرتوویی‌و هاوخەباتی‌و ئازادیی گەلی کوردمان‌و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی پڕ لە ئازادی‌و بەختیاری تێدەکۆشین.

لەگەڵ سوپاس بۆ پێکهێنەرانی کۆنفرانس‌و دەستخۆشی لە بەڕێوەبەران‌و بەشداران.

**سەرکەوتنی هەموو لایەکتان بە ئاوات دەخوازین**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٠٠٥/٤/٨**

## شاییەکی نهێنی

د.مارف عومەرگوڵ

پێشکەش بە بووکێکی مەهابادی

**هەڵمەپەڕن !**
**دیوار،**
**دەنگ دەدزێ**
**هەوا، دەنگ دەدزێ**
**دەرگا لەسەر خۆتان داخەن**
**پەڕۆ بنێن بە پەنجەرە و دەرگاوە**
**پەڕۆ بنێن بە بنمیچ و بەر هەواوە**
**با لە سەدای دەنگی یەکدا، کەڕ و کاس بن**
**چەپڵە و گۆرانی و پێکەنین**
**هەر دۆزەخن بۆ سەر زەمین !**

***

**کە بارانی خوێن دەباری**
**کەس چاوەڕێی بەهارێکی ڕەشپۆش**
**نەبوو**
**کە لافاوی خوێن ڕێی دەگرت**
**کەس چاوەڕێی تەمەنێکی خەمپۆش نەبوو**
**یاسی تازە، سەرەو خوارە**
**هەر سینگ کوتان دیاری دەستی ڕاپەڕینی ئەم**
**چەرخە بوو !**

* * *

**بووکێ خانم،**
**بۆ ئەم شووەت هەڵگرتووە بۆ زەمانی وشک و**
**قاقڕ؟**
**جاران تازە نەمامێک بووم،**
**گەڵای پرچم دەدایە بەر بایی بەهاران**
**خەونی خۆشیم لێ دەئاڵا**
**کێ دەیزانی، خەونم دەبێتە مۆتەکە؟!**
**کێ دەیزانی،**
**پرچم دەبڕن، عەبایەکی زوخاڵیم بەسەردا**
**دەدەن؟!**
**خۆم هەڵنەگرت بۆ زەمانێک درۆ یاسا و**
**دەسەڵات بێ**
**خۆم هەڵنەگرت بۆ زەمانێک، گریان و شین پڕ**
**وڵات بێ**
**زوو نەمزانی دەمی چەقۆ**
**لە ڕۆژێکا هەزاران جار**
**بۆ گەردنی خەڵکی ڕاستگۆ**
**لە کاڵانی نامەردەوە، لێم دێتە گۆ !**

* * *

**ئەم وڵاتە،**
**کاروانسەرای فیرعەونەکانی زەمانە**
**هەر لەدایک بوونەوە تا، ڕۆژی مردن**
**بارانبڕان، وەرزی قیژە و شەڕگەی مەرگ و**
**سینگ کوتانە**
**کێ شوو بکا، بە ڕەشپۆشی**
**بە چیەچپ دەیکەن بە بووک**
**کێ ژن بێنێ،**
**خێرا سەری پاک دەتاشن،**
**بووکە خانی پێ دەسپێرن !**

# گیر و گرفتەکانی جیهانی عەرەب لە شێعری نزار قەبانیدا

ئامادە کردنی: حەسەن هاشمیان
وەرگێڕانی: قادر وریا

"نزار قبانی" شاعیری گەورەی جیهانی عەرەب ٣٠ی ئاوریلی ١٩٩٨(١٠ی بانەمەری ١٣٧٧) لە تەمەنی ٧٥ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد و لە بواری شێعردا زۆر بەرهەمی بەنرخی لەدوای خۆی بەجێ هێشت. ئەو بۆ هەموو شتێك شێعری گوتوە. بۆ ژن، شۆرش، فەلەستین، منداڵی، ئەوین، ئەفسانەکان، خورافات، شێتی و دیکتاتوری. نزار هەموو شوێنێکی جیهانی عەرەبی گەڕاوە و شێعری لێ خوێندوتەوە، لە هەندێك جێ ڕاویان نا، چوون بۆ هیندێك جێی لێ مەنع کرا، شوێنی وا هەبوو بە کافریان دانا، جێی واش هەبوو وەك کەسێکی پیرۆز لێیان ڕوانی.

"نزار" لە ٢١ی مارسی ١٩٢٣ لە یەکێك لە ماڵە کونەکانی شاری دیمەشق دا لەدایك بوو. "توفیق قبانی"ی باوکی خەریکی کاری شیرینی دروست کردن بوو و، سەر بە چینی زەحمەتکێش بوو. نزار لە لقی حوقووق (ماف)دا ملی لە خوێندن نا بەڵام هیچ کات کاری حوقووقیی ئەنجام نەدا. نزار زۆری خۆ بە فێربوونی فەرهەنگی میللەتانەوە خەریك دەکرد. هەر بۆیە بەسەر زۆر لە زمانە گرنگەکانی دنیا بۆ وێنە فەرانسە، ئینگلیسی و ئیسپانیۆلیدا، بەتەواوی زاڵ بوو. "نزار قبانی" شێعر دانانی لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە دەست پێ کرد. سەرەتا هەر شێعری دڵداریی دەگوت. پارچە شێعری "کچە ڕەش ئەسمەرەکە پێی گوتم" سەرەتای ناوبانگ دەرکردنی بوو. بەڵام دوایە خۆی هەر بەو چوارچێوەیە نەبەستەوە و پێی نایە مەیدانەکانی دیکەی ژیان. سەردەمێك سەری لە مەیدانی سیاسەت وەدەرنا و، لە ڕاستیدا بۆ ماوەیەك بوو بە دیپلۆمات. پاشان وازی لە سیاسەت هێنا و بنکەیەکی چاپ و بڵاو کردنەوەی پێکەوە نا و بەهۆی ئەوەوە شێعرەکانی خۆی بڵاو کردەوە. "نزار قبانی" لە سەردەمێك دا دەژیا کە خەبات و تێکوشان، شەڕ و پێکهاتنی ئاڵۆگۆر لە دیارە هەرە بەرچاوەکانی بوون. ئەو کاتەی ئەو لەدایك بوو، سووریە لەژێر دەسەڵاتی فەرانسەیی‌یەکان دا بوو. هەربۆیە بوونی بێگانەکانی لەسەر خاکی وڵاتی خۆی بە هەموو وجوودییەوە هەست پێ کردبوو. ئەو، خەبات و تێکوشانی لە وجوودی باوکی خۆیدا کاتێك کە لەگەڵ ڕێکخستنی نهێنی لە ماڵەوە دانیشتن و پێوەندیی دەبوو، دیتبوو. پێشێڵ کردنی مافە ئینسانی‌یەکانی ئەو سەردەمە کە سەربازە سێنێگالی‌یەکانی بەکرێگیراوی فەرانسە بە زۆر و زۆرداری و بە زەبری چەك لە ماڵەکانیان وەژوور دەکەوتن، بەچاوی خۆی بینی‌بوو. شەڕی دووهەمی جیهانی کەمێك بەرلە هۆنینەوەی یەکەم شێعرەکانی دەستی پێ کرد. هەر بۆیە وێرانی‌یەکانی شۆرشی بەچاوی خۆی دیت. "نزار قبانی" دەنگی ئینسانی سەرگەردانی عەرەبە کە قەیرانی جۆراوجۆری بەسەر هاتوون و دەیەوێ هەر لەو کاتەدا کە ببێتە مرۆڤی سەدەی بیستەم، بگەڕێتەوە سەر ڕەسەنی خۆی. بگەڕێتەوە بۆ شارستانەتیی "هارون الرشید" و وتەکانی "المتنبی" و سەرکەوتنەکانی "صلاح الدین ایوبی". هەر لەو کاتەشدا مرۆڤێکی ئازاد بیری کراوە و خاوەنی میتۆدە پێشکەوتووە زانستی‌یەکان بە مەبەستی کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوە خودا داوەکان بێ. نزار قبانی دەیەوێ ئاوێنەی مێژووی ژیانی مرۆڤی عەرەب بسڕێتەوە کە تۆزی چەوسانەوە و ئیستیعمار بەهۆی بێگانەکانی لێ نیشتوە، تا مرۆڤی عەرەب بتوانێ خۆی بەم جۆرە کە هەیە، لەو دا ببینێ.

چەمکی زۆرداری یا سەرەڕۆیی (استبداد) لە شێعری نزار قبانی دا چەمکێکی سەرەکی‌یە کە هەموو قەیرانە ئینسانی‌یەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن. نزار زۆرجار لە وتووێژەکان و لە شێعرەکانی‌دا بەراشکاوی پێی لەسەر ئەم مەسەلەیە داگرتوە. لەم وتووێژەی خوارەوەدا کە هاوێنی ١٣٧٠(١٩٩١) و کەمێك دوای شکانی عێراق لە شەڕی کووەیت دا کراوە، زۆر بە ڕوونی باسی ئەم مەسەلەیە دەکا:

پ: بەڕێز نزار قبانی! هیندێك کارەسات لە جیهانی عەرەب دا هەن کە ساڵانێکی دوور و درێژ یەك بەدوای یەکدا هەر هاتوون و دووپات بوونەوە و، جاری وا هەبووە ئەوەندە توند و کاریگەر بوون کە ڕووح و گیانی مرۆڤی عەرەبیان خستۆتە ژێر شوێنەواری خۆیان. تۆ وەك شاعیرێك بەو ڕوانینە شێعری‌یە لەتیف و پڕ هەستەی خۆت، چۆن دەروانی‌یە بارودۆخی دەروونیی ئینسانی عەرەب و پێت وایە هۆیەکانی ئەم بارودۆخە چین؟

نزار قبانی: نەخۆشی‌یە ڕۆحی‌یەکانی ئینسانی عەرەب زۆرن کە ئەوە سەرچاوەی هەموو تراژیدی‌یەکان و کارەساتی ئەم دوو سێ دەیەی دوایین کە بەسەر ئێمە هاتوون. یەکێك لەم نەخۆشی‌یە ڕۆحی‌یانە نەبوونی توانای "ڕەخنە لەخۆ گرتن" و بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ "خۆی ڕەخنە لێ گیراو"و، هەروەها زیاد لەرادەی پێویست هەڵگوتن بە "ڕابردوو"ی خۆمانە بەجۆرێك کە ئێستا و داهاتووی خۆمان نەبینین و بەردەوام ئەو بۆچوونە پەرە پێ بدەین کە هیچ شتێکی لەوە باشتر کە هەبووە، دروست نابێ. ڕیشەی ئەم نەخۆشیانە لە دەسەڵاتدارەتیی دیکتاتور و سەرکوتکەر دایە کە بە دمکوت کردنی خەڵك و ئاگر تێبەردانی پاپۆرەکانی ڕزگار کردنی ئەوان، بەسەریاندا زاڵ بووە. ئاکامەکەی پەرەگرتنی ئەم پەندە نارەوا و هەلپەرستانەیەی پێشینیانە کە دەڵێ: "ئەوەی دایکم شووی پێ بکاتەوە مامۆمە". ئەوە لە دزێوترین پەندەکانە کە نیشاندەری هەلپەرستیی ئێمەیە. دیکتاتۆری "نهێنی‌کاری" لە سیاسەت، لە ڕەفتار، لە نووسین و لە پێوەندیەکۆمەڵایەتی‌یەکان دا پەرە پێ دەدا. وای لێ دێ مرۆڤ شتێکی بەزماندا دێ کە لەگەڵ ئەوەی لە دڵی‌دایە زۆر جیاوازە. دەمامکی هەڵخەلەتاندن بەسەر سەری خۆیدا هەڵ دەکێشێ و حەقیقەت دەشارێتەوە و یاری بە وشەکان دەکا. ئێمە گەورەو مەزنی ئەوتۆمان هەبوون کە لە تاریف نایەن، شایەدیمان بۆ قارەمانەتیی ئەوتۆ دا کە خوڵقاوی دەستی ئێمە نەبوون، سەرکەوتنی ئەوتۆمان کرد بە جێژن کە هیچ خێرێکیان بۆ ئێمە تێدا نەبوو و سەرئەنجامەکەشی (بێ ئەوەی ئەم داستانە درێژە کۆتایی پێ هاتبێ) هەڵکورمان لەسەر گڵکۆی "ڕابردوو" و هاودەم بوون لەگەڵ مردووەکان و سەردانەواندن بەرامبەر حکوومەتی مردووانە. بەراستی نەخۆشی کوشەندەی ئێمە لە بڕوای پتەومان بەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئێمە باشترین ئۆممەتێك بووین کە لەنێو ئەو خەڵکە هەڵ کەوتین. ئەوەش لەحاڵێك دایە کە ئێستا لەباری نەزانی و وەدووی ئەم یان ئەو دستەو تاقم کەوتنەوە (فرقەگرایی)، لە خراپترین حالەتەکان داین.

پ: لەنێو قەسیدەکانت دا، یەکیان کە ویژدانی عەرەبی هەژاند قەسیدەیەك بووە بە ناوی "شەخسییەتی ڕاستەقینەی فەرمانڕەوایەکی عەرەبی" کە تۆ بە ڕاشکاوی و بێ پەردە هۆنیوتەوە. ئایا لەو قەسیدەیەدا تایبەتمەندی‌یە ڕاستەقینەکانی دیکتاتۆریت دەست نیشان کردوون؟

نزار: قەسیدەی "شەخسییەتی ڕاستەقینەی فەرمانڕەوایەکی عەرەبی" هەوڵ دەدا سروشت و زاتی دیکتاتور و دیکتاتوری نیشان بدا، هەروەها هەوڵ دەدا سیمای دیکتاتور لەسەر بناغەی ڕوانینێکی دەروونناسانە، بکێشێتەوە. بە پێچەوانەی هەموو بۆچوونە زاڵەکان کە پێیان وایە دیکتاتور بەرهەم و ئاکامی پێشهاتێکی مێژوویی و دیاردەیەکی نەخۆشانەیە، من هەوڵم داوە لەو قەسیدەیەم دا بڵێم کە دیکتاتورەکان لە "عەدەم"ەوە دروست نابن و لە بۆشایی (خلاء) دا پێك نایەن، بەڵکوو ئەوان بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی، مێژوویی، بیۆلۆژیکی و شیمیایی کۆمەڵن و وەك هیندێك ڕووەك و گیای ژاراوی کە لە وەرزی خۆیان و لە هەل ومەرجێکی تایبەتی‌دا دەڕوێن، ئەوانیش هەر لە کۆمەڵدا هەر بەم جۆرە دەڕوێن. هەرلە درێژەی ئەو قسەیەدا دەبێ بڵێم دیکتاتور بەرهەم و خوڵقاوی ئەو هەل ومەرجە سیاسی، فیکری، فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی‌یەیە کە تێی دا دەژی و میللەتان بە مەیدان دان بەو، بە بێدەنگیان، بە دووبەرەکیان، بە هەلپەرستی‌یەکانیان و بە فرمانبردنی کوێرکوێرانەیان لەو، یارمەتیی دروست بوونی دیکتاتور و خۆقایم کردن و درێژ بوونەوەی ماوەی ژیانی، دەدەن.

***

نزار قبانی لە قەسیدەی "شەخسییەتی ڕاستەقینەی فەرمانڕەوایەکی عەرەبی"ی خۆیدا، دیکتاتورێکت پێ نیشان دەدا کە هەر ئەوەندە جڵەوی دەسەڵاتی کەوتە دەست، دەیەوێ هەموو مێژووی پێش خۆی توورِ بدا و، لەسەر بناغەی ئەو کارانەی خۆی کردوونی، مێژووی تازە بنووسێتەوە. دیکتاتور هەوڵ دەدا کە هەموو بتەکانی پێش خۆی بشکێنێ و، داوا لە خەڵك دەکا تەنیا ئەو بپەرستن، تەنیا لەو ڕابمێنن، تەنیا بۆ ئەو چەپڵە لێ بدەن. پیاوەکان دەبێ منالانیان بەبێ نان و ژنانیان بەبێ هاوژیان بەجێ بێڵن و بەدوای ویدا بڕۆن. ئەو میراتگری هەموو تایبەتمەندی‌یە باشەکانی پاشاکانی پێش خۆیەتی، کەس نابێ گۆمانی لەوەدا هەبێ کە ئەو لە هەمووان جوانتر و لە هەمووان دادپەروەرترە. ئەو لەو نەریتەدا کە دەبێ باشترین ژنەکان بەهۆی ئەوەوە سکیان پڕ بێ تا خوێنی جەنابی فەرمانڕەوا لە دەماریان دا بگەڕێ، وەپێش پێشینیانی خۆی دەکەوێتەوە.

دیکتاتور پێی وایە لە ئەویندارى‌دا مەجنوونە و سەبارەت بە مەجنوون بوونەکەی دەبێ پێی هەڵ بگوترێ. خەڵك دەبێ بە شانازیی بزانن ئەگەر جارێك لە جاران دەستیان وەدەستی ئەو کەوت، ئەوەش هەر شانازیە کە ئەگەر نانی گەنمی ئەو وڵاتە بخۆن کە ئەو فەرمانڕەوایەتی. بۆ خەڵك شانازیە کە وەك ئەو هەڵس و کەوت بکەن و وەك ئەویان لێ بێ.

دیکتاتور فەرمانڕەوایی بۆیە دەوێ چونکە کەسێکی دیکەی وەك ئەو پەیدا نابێ بەسەر ئینسانەکاندا حکوومەت بکا. بۆیە ئەم کارە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ. کێ هەیە وەك ئەو مردووەکان زیندوو بکاتەوە؟! شەفای نەخۆشەکان بدا؟! کێ هەیە وەك ئەو ڕێ نیشانی نابینایان بدا؟ کێ هەیە وەك ئەو لە کۆشکی نوورانیی خۆی بێتە دەر و دەستی بۆ خەڵك ڕاوەشێنێ؟! ئەو نەبێ کێ هەیە باران بۆ خەڵکی ببارێنێ؟! هەر ئەوە کەماڵ و تەواوی هەموو شتێکە.

**دیکتاتور هەروەها کە خۆی بە خاوەنی ماڵ و ئەسب دەزانێ، هەر ئاواش خۆی بە خاوەنی خەڵك دەزانێ، دەبێ سوژدەی بۆ بەرن، زۆر وریای خۆیان بن دڵی نەرەنجێنن و ڕقی هەڵ نەستێنن. نابێ بێ ئیزنی ئەو هیچ کتێبێك بخوێننەوە، بێ ئیجازەی ئەو هەق نیە هیچ قسەیەك بکرێ. دیکتاتور سیاسەتێکی زۆر ڕوونی هەیە دەکوژێ هەتا نەکوژرێ و قەڵاچۆ دەکا تا کەس نەتوانێ لەدژی ڕاپەڕێ.**

**دیکتاتور شاعیران ونووسەرانیشی خۆش دەوێن، بەڵام نەك سەبارەت بە هونەرەکەیان، بەڵکوو بۆ ئەوەی پێی هەڵ بڵێن.** ئەو پێی خۆشە لەو ساتەدا کە سوفرەی خواردنی لە هەموو کاتێك ڕەنگینترە، شاعیرێك لە تەنیشت ئەو سوفرەیە بێ و شێعرێك بڵێ تا خۆشی و تام و چێژی ئەو خواردنە بگەیەنێتە چڵەپۆپە. پێی وایە لە سەردەمی ئەو دا هەموو شتێك بۆ کڕین و فرۆشتن دەبێ. تەنانەت ئەگەر ئەو شتە قامکەکانی شاعیرێك یان نووسەرێك بن!

دیکتاتور خۆی بە ڕزگاری دەری خەڵك و پاك کەرەوەی تۆز و گەردی سەردەمی نەزانی لەوان، دەزانێ. دەنگی ئەو، زایەڵەی برایەتی و پێشکەوتنە! هەر بۆیە ئەم دەنگە دەبێ تۆمار بکرێ و بپارێزرێ. هەموو شتێکی ئەو تایبەتی‌یەو لەسەرووی هی هەمووانە. بزەی ئەو لە زەردەخەنەی "ژۆکۆند"یش جوانترە! پاکی و بێ تاوانیی ئەو لە هی مریەمیش ئاشکراترە! و ...

دیکتاتور خۆی بە بەرپرسی هەموو شتێك دەزانێ. بەرپرسی خەون دیتنیان، بەرپرسی نان خواردنیان و بەرپرسی شێعر خوێندنەوەشیانە. ئەو هەموو شتێکی لەژێر چاوەدێری‌دایە. ئاگای لە هەموو شتێکە، سەربازەکانی هەموو شتێکی بە ئاگاداری دەگەیەنن، لە دەنگی بولبولەکانی دارستانەوە بگرە، تا ئەوەی لە سکی دایکانی دووگیان دا ڕوو دەدا.

ڕەفتارێکی ئەوتۆ لەلایەن شەخسییەتی فەرمانڕەواوە لەڕوانگەی نزار قەبانی‌یەوە ئاکامێکی خراپی بەدواوە دەبێ. چونکە دیکتاتور سەرئەنجام دەگاتە ئەو ئاکامە کە خەڵك زیندانی و، ئەویش بەندی‌یەوانە و، پێویستە ئاگای لەو بەندییانە بێ. هیچ ڕێگایەکی دیکە نیە جگە لە درێژەدانی ئەو شێوە فەرمانڕەوایەتی‌یە. ئەو لەنێو کۆشکەکەی‌دا، خۆی وەك گوڵی دوور ئاوایی دێتە بەرچاو، نە هەتاوێك، نە ئەستێرەیەك و نە پشکوتنی خونچەیەك نابینێ. دنیای ئەو کۆشك و دانیشتوانیەتی. پیاوەکانی هەر وەك ئەکتەرانی سیرك، کلکەسووتەی لەدەوری دەکەن. قەت گوێی لە "نا" نەبووە. ڕاوێژکارانی کۆشگی وی هەرگیز "نا"یان پێ نەگوتوە. وەزیرەکانی قەت "نا"یان لەزاری دەرنەهاتوە. باڵوێزەکانی لەهەر کوێیەکی ئەم دنیایە بووبن، قەت هیچ "نا"یەکیان بە ئاگاداری نەگەیاندوە.

ئەوان فێریان کردوە خۆی لێ ببێتە "خودا"یەك و خەڵکی زەندەق چوو لە هێزە سەرکوتکەرەکانی، وەك گاشە بەردێکی بێ‌گیان و بێ جوولە لەسەر زەوی سەیر بکا.

***

## سێ کورتیلە چیرۆك

# تــــــارا

کەماڵ حەسۆ

حیلەحیلی ئەسپێکی کوێت لە پشت حەساری ماڵەوە هەوای لە شایەران تێك دا. لاقی شـایی گێـڕان تێك هاڵا. دوستانی زاوا بە پڕتاو هەڵاتنە پشت حەساریٚ تا ئەسپی کوێتیٚ ڕاگوێزن.
کۆترێکی سپی خاڵی سووری ورد لە مل، بەسەر حەساریٚدا هەڵدەفڕی، دەستی کرد بە تەقڵە لێـدان. سێوی سوور لەدەست زاوا بەربۆوە. بووك لەبن تارای سوورەوە سەری هـەڵێنا و چـاوی لـە زاوا بـڕی، حەشیمەتیش نیگایان ڕەگەڵ نیگای بووکیٚ دا. نیگـای زاوا بـەدووی کـۆتری سـپیدا بـاڵی لێـدەدا. بووکیان دابەزاند...

***

بەیانی پێش مەلابانگدانیٚ حیلەی ئەسپی کوێت دوو ئامێزی لێك ترازاند.
بووك بەگوێی زاوایدا چرپان:
کۆتر شومی پیسە.
زاوا وەدەر کەوت کۆتری سپی لـە گوێسـانە هـەڵکوورمابوو. حیلـەی ئەسـپی کوێـت ڕیٚـیە ڕۆژێـك دەڕۆیشت. زاوا سواری ئەسپە کوێت بوو.
کۆتر فڕی و ئەسپ بە دوایدا بە غار ڕێگای بڕی. بووك لە سەربان دا دەڕوانییە سوار و لەبەر خۆیەوە دەیبۆڵاند:
ـ کۆتر شومی پیسە.
دەهۆڵ و زوڕنا هەروا دەنگی دەهات. کۆتر و سوار لە بستووی "سوڵتان" ئاوا بوون ... هەوای دهـۆڵ و زوڕنا گۆڕا.
ڕەنگی تارای بووکیٚ سپی هەڵگەڕا!

# ســــــەودا

سـەروبەندی نـەرۆز، لـە مەیـدانی دیٚ، لـەبن دیـواری مزگـەوت دا، لاو و مێرمنـداڵ مێشـێن و هێلکەشکێنەیان دەکرد. پیکابێکی سووری چەپرەك لە مەیدانی دیٚ دا ڕایگرت. هەیتەیەکی شـەپکە لەسەر لێی دابەزی. پڕی ددانی زێڕ بوو. ئەنگوستیلە زێوینەکەی قامکی جارێك سـووڕاند و دەسـتی دایە بڵیندگۆکە: شیرنی، غوڕابی، ماڵی بەزازی، ماڵی خەڕازی، حاجەت بـۆ سـەری سـاڵی کـوردی، ددانی مار، شیری وشتر، گیانی ئادەمیزاد، دەیگۆڕینەوە بە نان بە ... پێخۆر ...
قریوە قریو لەنێو خەڵکی دیٚ پەیدا بوو. ژن و منداڵ هەرکەس بە سەتڵ و پریسکەیەکەوە ڕوویان کردە مەیدانی دیٚ. مێرمنداڵێکی ڕیوەڵە کە لە قەراغ مێشـێن دانیشـتبوو و ئێسـتا بـە هـاتنی چەرچـی دەورەی چۆڵ ببو، چاوی لە هات و چۆی خەڵك و سەودای چەرچی بـڕی. هەسـتایە سـەرپیٚ و بـۆ لای ماڵیٚ وەڕیٚ کەوت. لەپڕ ڕاوەستا: "نا، سەودای لەگـەڵ ناکـەم" ئـاوڕی داوە، چـاوێکی لـە خـەڵك و چەرچی و پیکابە سوورەکە کرد. دیسان هەنگاوی هەڵێناوە:
ـ "شتێکی بۆ دێنم. بە نوغڵ و غوڕابی دەدەم".
گەیشتەوە بەر دەرکەی ماڵ: چی بۆ بەرم؟ خۆ چی وامان لە مـاڵیٚدا نیـە. حـەزی نـوغڵ و غـوڕابی تەنگی پیٚ هەڵچنی، بە لەز خۆی دە ژووریٚ کوتا، هەرای کرد:
ـ دایە، دایە!
چیە ڕۆڵە؟
ـ کوا کاڵە ئاسنەکەی باپیرم؟
میراتی باپیرت دەکەیە پیٚ کوڕم؟
ـ نا دایە، چەرچی هاتووە.
دایکی زەرد هەڵگەڕا و کەوتە سەر چۆك.

# شەیـــــدا

فێنکی ئێواریٚ چوومە قاوەخانەی مام مینە هەتا دەستە دامەیەکی لەگەڵ بکەم. لەپڕ هەرا ساز بوو. وەدەر کەوتم بزانم چ خەبەرە، عەلی چەتە، دڕندانە برایمە شێتی دەکوتا. خەڵك برایمیان لەبـەر دەسـتی عەلی دەرهێنا، برایم دەم و لووتی پڕ ببو لە خوێن.
پیرێژنیك برێك دوورتر، لەبن دیوار دانیشتبوو. هەموو بەرۆکی خۆی دادڕیبوو و بە ئارامی دەگریا.
برایم بە لۆژەلۆژ بۆ لای پیرەژنەکە ڕۆیی و لە تەنیشتی دانیشت. مام مینە تێی کوتام:
ـ دایکی‌یەتی.
خەڵك بڵاوەیان کرد و من چوومە لایان.
دایك بە لێچکەی سەری دەم و لووتی پاك دەکـردەوە بـرایمیش بـە سەردەسـتەی فرمێسـکی دایکـی دەسڕیەوە.
برایم قیت بۆوە و بەجێی هێشتن. پیرێژن مـەمکی چرچ و سـینگی پڕداخـی داپۆشـی و لێچـکەکەی لەسەری ناوە.
ـ کوڕم شێت نیە ... بە منداڵی دایمە یا سەری بەسەر کتێبان ڕۆ دەگرت یان ڕادیۆیەکی بە گوێیـەوە بوو. دەنا لەسەر گازی پشـتیٚ درێـژ دەبـوو و ئـاڵووداری دەژمـاردن. بـەخوا شـێت نیـە... دەسـت ناوەشێنیٚ، تەنیا ئاوێنەیەکی پیٚیەو تیشکی دەچاوی خەڵك دەگریٚ. ئەدی بۆ کویٚ چوو؟
هەموو ڕۆژیٚ مەلابانگدانیٚ دەچێتە سوڵتان بایەقووبی. زۆر جار خۆمان لیٚ گرتووە، ئاوردوویەکی زۆر کۆ دەکاتەوە، ئاگرێك دادەگیرسێنیٚ و لەپەنای دادەنیشیٚ.
چاو لە ئاسمانیٚ دەبڕیٚ. هەرکات ئەستێرەیەك ڕابخوشیٚ مووڕەدارێك بـە ئاورەکـەوە دەنـیٚ و خۆشـتری دەکا.

***

شەوێك لە "سوڵتان" ئاگرێکی خۆش دایسا. ئەو شەوە خەڵکی شـار هـەموو هاتنـە سـەر بانیـژە و هەورەبان و پێش پەنجەران. پاش چەند ڕۆژان، تاقمێك گەنجی قۆچاغ چووین خەڵووزی بـرایم مـان لـە سوڵتان هێنایەوە ...

سەرچاوە لە ئارشیوی ئەدەب و هونەر دا پارێزراوە

# شەوەژانی ئەستێرەیەك

ڕەسووڵ سوڵتانی

شـەوە ژانـی ئەسـتێرەیەك دووهـەمین بەرهـەمی شـێعری ئـەمین گەردیگلانی‌یە،هەوڵەکانی شاعیر بۆ گەیشتن بە زمانێکی پوخت و تۆکمە لە شێعرەکانی ئەو کتێبەدا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەیە. شاعیر لـەو بەشە لە شێعرەکانی‌دا، خاوەنی زمـان و ڕێبازێکـە کـە دەکـریٚ بڵـێن و مۆرك و ئیمزای خۆی پێوەیە. شەوەژانی ئەسـتێرەیەك دنیایەکـە پـڕ لـە وێنەی جووڵاو. لێرەدا شتە بیٚ گیانەکانیش، بوونەتە خـاوەنی هەسـت و رووح و بە شـێوەیەکی زینـدوو ڕۆڵـی بوونـەوەرێکی زینـدوو دەگێـڕن و خاوەنی هێندیٚ تایبەتمەندین کە لە بوونەوەرەکانـدا بەتایبـەت مـرۆڤ دا هەیە کە پێی دەوتریٚ، کەسایەتی و گیان بەخشین(تشخیص).

**دەنگی کسپەی زامی قووڵی کێوی بیٚ هەتوانەوا**
**دەمهەژێنێت و قەڵەم ڕادەچڵەکیٚ بەو ژانەوا**
**لێرە وەك جەرگی زڵەیخا لەت لەتن جەرگی چیا**
**بۆیە دۆڵی پڕ چەمەی خوێن و زنەی گریانە وا**

لەو شێعرەدا "کێو" وەك مرۆڤێکی زیندوو زامێکـی قـووڵی هەیـە و کسپەی زامە شاعیر دەهەژێنیٚ و قەڵەمەکەی ڕادەچڵەکێنیٚ. ڕاچڵەکین لە تایبەتمەندی‌یەکانی بوونەوەری گیاندار بەتایبەت مرۆڤـە. لێـرەدا قەڵـەم ڕادەچڵەکیٚ. بەڵام ڕاچڵەکین کەی و چۆن دروست دەبیٚ؟ ڕاچڵەکان حاڵەتی ئەو کاتە سڕ و ئاڵۆزانەیە کە مرۆڤ یـا بوونـەوەری زینـدوو دەوروبـەریی خۆی تەواو فەرامۆش دەکات، لێرەدا کە پێنووس چ پێنووسی شاعیر یـا قەڵەمی چارەنووس وا دیارە لە زامی قووڵی چیا بـیٚ خەبـەرە بۆیـە بـە دەنگی کسپەی زامێکی کێو ڕادەچڵەکیٚ.

شاعیر بەو زمانە خـەملاوە پێمـان دەڵـیٚ ئەگـەر ڕوانینـی ئاسـایی و ڕۆژانەمان وەلانێین و لە چرکە ساتەکان ورد بینـەوە، هەسـت بـە زامـی قووڵ و بە ژانی چیا و کسپەی برینەکانی دەکەین و بۆمـان دەردەکـەویٚ ئەو هەڵاڵە سوورانەی شێو دۆڵەکان گوڵێکی ئاسایی نین بەڵکو شەپۆلی چەمی خوێن و زنەی گریانن.

شاعیر لە جیٚیەکی تر دا گیان وکردەی مرۆڤانە بە دارستان دەبەخشـیٚ و وێنەیەکی زیندوومان بۆ دەخوڵقێنیٚ کـە وەبیر گشـت ناتەباییـەکانی مرۆڤمان دەخاتەوە: ئەو کاتەی کە مرۆڤ، قەسابخانە بـۆ هاورەگەزەکـەی وەگەڕ دەخا و بەردەبێتە کوشتاری بـیٚ بەزەییانـەی ئـەو کەسـانەی وەك خۆی تاکێکی کۆمەڵن. لەو کاتەدایە هەلپەرستەکان بسکەیان دیٚ و....

**کە باخ تەورداس و چەقۆی لەداری خۆی دەکێشا**
**خەزان چرۆو پەلکی بەرەو هەواری خۆی دەکێشا**
**زەمانە باهۆزی گڕەی لە بەژنی خۆی دەپێچا**
**سروشت چزووی پاییزی بۆ بەهاری خۆی دەکێشا**
**شەپۆلی چۆم زیندەوەری بەلۆدە ڕادەماڵی**
**هەمووی بەرەو قوڕگی دڕی کەناری خۆی دەکێشا**

شێعری شەوەژان شێعری وێنەیـە، وێنـەی شـێعری شـەوەژان ئەوەنـدە بەرجەستە و بیٚوێنەن کە زۆربەی زۆریان بۆوە دەبن تابلۆیەکی ڕەنگینیان لیٚ بکێشریتەوە.

**"گڕ بسکی تەری سوورەگوڵی زۆری پڕووزاند**
**هەر ڕۆژە بە داسیٚ مل و پەنجەی گوڵ ئەدروێن**
**شاخ و شەوەزەنگ پێکەوە زۆر دەستەملان بوون**
**زۆرجار پەڵەشی داوە لە داوێنی چیا، خوێن"**

ئەم شێعرە دنیا دەباتە دنیایەك کە تێیدا گڕ سەرو بسـکی سـوورەگوڵ دەپڕووزێنیٚ و پەنجەی شلك و گەردن و ملی ناسکی گوڵ درووێنە دەکـرێن و شەوەزەنگ و شاخ دەستەملانن و خوێن لەداوێنی چیا پەڵەی داوە.

وێنەی لەو چەشنە لە شێعر ئـەمین دا زۆرن. هەربۆیـەش ئەگـەر بڵـێین ئەمین شاعیری وێنەکێش و شێوەکارێکی نێو دنیـای زمانـە، بـە هەڵـە نەچووین.

وەك وتمان: زمان لەو شێعرەدا دنیایەکی پڕ لە جووڵەو دەنگی جیاوازە. زمانی ئەو شێعرانە لە خزمەتی جەوهەری زمان و شێعردان. زمان لێرەدا ئامانجێکە لە دەروونی خۆیدا. ئیتر ئەو زمانە پراکتیکی‌یە نیـە کـە لـە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا وەك کەرەسەیەك کەڵکی لیٚ وەردەگیریٚ:

**ڕۆحی شەق کردم بە چەخماخەی تەڕی فرمێسکەکەی**
**شێعری عەشقی پێوە بوو، کولمەی تەڕی فرمێسکەکەی**
**تاڵە تیرێژیٚ لە ئاسۆی چاوەکانی دەرکەوت**
**وەك خڕۆکەی سوور بە ڕەگما تێپەڕی فرمێسکەکەی.**

لێرەدا ئەگەر پرسیار بکریٚ، چەخماخەی فرمێسـك چـی‌یە و چـۆن ڕوح شەق دەکا؟ یا شێعری عەشق چی‌یە کە لە کولمەی تەڕی فرمێسـکەکەی بۆوە؟ یا چۆن فرمێسکی وەك خڕۆکەی سوور بە ڕەگدا تێدەپـەڕیٚ؟ ئـیتر هیچ کەس، نە شاعیر و نە کەسێکی تـر ناتوانـیٚ وڵامێکـی لـۆژیکی و ڕەها بۆ ئەم پرسیارانە بداتەوە. چوونکە ئـەوەی گـوزارە و ڕسـتەی ئـەم شێعرە ئاماژەی پێدەکا، تەنیا خوڵقاندنی دنیایەکە پـڕ لـە وێنـەی چـێژ بەخش لە زماندا. لێرەدایە لەو قسەیەی هێگل نزیك دەبینەوە کە دەڵیٚ: "هونەر لە ڕاستی‌دا هیچ شتیٚ بەیان ناکـا". گەرچـی قـالبی شـێعری و کێش و سەروا شاعیر لە فەزایەکی بەرتەسك دا دەهێڵنەوە، بەڵام شـاعیر بەهۆی زاڵ بوون بەسەر گەنجینەی زمان دا ئەو فەزا بەرتەسکە دەشکێنیٚ بە کەڵك وەرگرتنی شاعیرانە و هونەریی لە زمان قەرەبووی ئـەم کـەم و کووڕی‌یە دەکاتەوە. ئەوەتا لە شێعری"باران"دا فەزایەك دەخوڵقێنیٚ کـە تا ئێستا لە هیچ دەقێکی شێعری‌دا ئاوا بـاس لـە بـاران و دنیـای ژێـر ڕێژنەی باران نەکراوە. لەو شێعرەدا بـاران وەك منالێکـە بـزۆز، هەسـت دەکا لە باوەشی بەرتەسکی هەوردا جێی نابێتەوە و خۆ دەخاتە باوەشـی "با" و ڕەگەڵ خێڵی باران ڕێی سەفەر دەگریٚ....

**"ئامێزی هەوری بەردا، دڵۆپی وێڵی باران**
**خۆی خستە باوەشی ـ با ـ و کاروان و خێڵی باران"**

سەفەری باران لە ئامێزی هەورەوە بۆ ئامێزی خاك، بـە مەبەسـتی دیدارێکی نویٚ دەگەڵ گوڵ خونچە و شـۆڕ بوونـەوە بـۆ نێـو سـینگی گوڵاڵە و ....

**شەوبا کە ڕادەژێنیٚ بێشکەی هەور بە نەرمی**
**تۆ، زوو لەسەر بەرۆکی شەوبۆ ڕەهێڵی باران.**

بارانی عاشق لە بێشکەی هەورەوە دەچێتە ژوانی گەنمەجاڕ و بسکی تەڕی گەنم ماچ دەکا و لە تاسەباریدا، بە نووکی برژۆڵ عەرزی ڕێگەی ژوان دەکێڵیٚ:

**ڕەنگە حەزت لە ماچی بسکی تەڕی گەنم بیٚ**
**کەوا بە نووکی برژۆڵ عەرزی دەکێڵیٚ باران**

ئـەو "تـۆ"یـەی بـەر دەنگـی شـێعری گردیگلانی‌یـە، هـەموو جوانی‌یەکانی نێو دنیای "ئۆبژێکتیو"و"سوبژێکتیو"ە. هەر دیمەنێکی کە بتوانـیٚ دەروونـی شـاعیر بهـەژێنیٚ دەبێتـە "تـۆ"ی بـەردەنگی شێعرەکانی:

**"خۆزگە لە باخی لێوتا واژەی ئەوین دەڕسکا**
**پڕ بە شەوی نیازت، پڕشنگی ژین دەڕسکا**
**بۆ وردە پێڵی تاسەم عەشقت دەبوو بە ڕێباز**
**لەسەر نیگای زوڵاڵی، سەد پێکەنین دەڕسکا"**

یا:

تۆ کە باڵات و بزەکەت خۆر و چیا پێکەوە شەرمەندە دەکا
بۆ بە خۆتا هەڵەواسی زەمەر و خشڵ و گوڵ و ڕیحانە.

وێنەی شێعری لەو کتێبەدا ئەو ڕاستی‌یەمان بۆ دەسەلمێنن کە شێعر بەهۆی وێنەی شێعری و هێما و کەڵك وەرگـرتن لـە دنیـای بـەرین و فرەمانای زمان، دەتوانیٚ ساتەوەختەکان وەك پەیکـەرێکی هەمیشـە زینـدوو ڕاگـریٚ و لـە مـەرگ ڕزگاریـان بکـا. کەواتـە شـێعر زیندوویەتی‌یەکی هەمیشەیی بە ساتەکان دەبەخشیٚ:

**" شاعیر کە بە بیر و چەمی ڕووناکەوە هەستا**
**پێنووس بە دڵێکی گەش و بیٚ باکەوە هەستا"**

شاعیر لێرەدا ئەو ساتەوەختە پیرۆزەمان بۆ تۆمار دەکا و گیانی پیٚ دەبەخشیٚ کـە لـە دڵـی ڕووناکی‌یـەوە ڕادەپـەڕیٚ و هاوکـات دەگـەڵ ڕاپەڕینی ئەو، پێنووسەکەشی بەدوور لە هەر چەشنە دڵە ڕاوکیٚیەك و بە هیچ ترسـێك لـە دژەقەڵەمـەکان و گوتـارە ڕەشـە دژ بـە بیرۆکـە ئازادەکان، خۆی داوێتە نێو پەنجەی شاعیرەوە.

بڵێی ئەو ساتە پیرۆزە کە شـاعیر تێـدا هەسـتاوەتە سـەرپیٚ کـەی بووبیٚ؟ ئەم پرسـیارە دەمانباتـەوە بـۆو زەمەنـەی کـە دزێوی‌یـەکان ڕوخساری جوانی‌یەکان دەسڕنەوە. لە وەها ساتەوەختێکی ناسك دایـە کە شاعیر بە دڵی پڕ لە تیشك و گزینگەوە و بە قەڵەمێکی دڵپـاك و گەشـەوە ڕادەپـەڕیٚ و بـۆ سـەرلەنویٚ خوڵقاندنـەوەی جوانی‌یـەکان و بەرجەستە کردنەوەو زیندوو کردنەوەی بـەو بـەهاو بایەخانـەی لـەژێر تەپ و تۆزی عادەتەکاندا، لەبیر مرۆڤ چوونەتەوە.

لەوانەیە مرۆڤی سەردەم قەت بیر لەوانە نەکاتـەوە کـە ئـەم بـەرزە چنارانەی ئێستا سەر لە ئاسمان دەسوێن سەدەمێك خەڵفێکی ناسـکی نێو جەلە و باداك بووبێن لە مەترسیی خنکاندا...

**ئەو بەرزە چنارەی کە دەمی نایەتە دەمی خۆر**
**خەلفیٚ بوو لە پێچ و قەفی باداکەوە هەستا.**

لێرەدایە کە دەگەینە مانای دەروەسـت بـوونی شـێعر (ئیلتیـزام) و دەروەست بوون لەو مانا ئایدۆلۆژیکی و سیاسی‌یەی جیـا دەکرێتـەوە کە پێی وایـە شـێعری دەروەسـت ئـەو شـێعرەیە لـە خزمـەت بـیر و بۆچوونی حیزبێك یا لایەنێکی سیاسی یا مەزهەبی‌دا بیٚ. بەڵام بەڕای من دەروەست بوونی شێعر وەك لە نـاوەڕۆك و بیچم و فـۆرمی ئـەو شێعرانەوە دەردەکەویٚ بە مانای دەروەسـت بـوونێکی شـێعری‌یە کـە شێعر لە بەرامبەر شێعری‌یەتی خۆیـدا هەیـەتی و ناڕاسـتەوخۆ ئـەو دەروەست بوونە دەگوازرێتەوە بـۆ نـاو واقیعـەکانی دنیـای خوێنـەر. چونکە گوتاری شێعری (ئەدەبی) مرۆڤ تووشی بیرکردنەوەیەکی قـووڵ و وردبوونەوەیـەکی نـویٚ دەکاتـەوە و تـۆزی عـادەتیی ڕۆژرانـە لـە تێڕوانینـەکان دەتـەکێنیٚ و لـە جیهـانی وێنـە و هێمـا دا تووشـی سەرسوڕمانی دەکات بە چەشنێك وەك بڵێی یـەکم جـارە پـیٚ دنێتـە جیهان.

شاعیر لەو شێعرەدا نـا ڕاسـتەوخۆ ئـەوەشمان پـیٚ دەڵـیٚ کـە: ئـەو شاعیرەی بە پێنووسی بیٚ باك و دڵی پاکەوە دەدویٚ هەتا ئێسـتا لـە هەزاران مەترسی ڕزگاری بووە و ئەگەر ڕزگـار نەبوایـە: ئێسـتا کـیٚ هەبوو جیهانێکی شێعریی ئەو جۆرەی کە هەیە بخوڵقێنیٚ، هـەر بۆیـە بە ڕاپـەڕینی ئـەو شـاعیرە و پێنووسـەکەی، زەماوەنـدی زمـان لـە پێدەشتی غەزەل دا دەست پیٚ دەکا....

**"شایی دەگرن واژە لە پێدەشتی غەزەل دا**
**شاعیر کە بە بیری چەم و ڕووناکەوە هەستا"**

ئەوەمان لەبیر نەچیٚ کە شێعری ئەمین گەردیگلانی وێڕای ئەوەی کە لە قاڵبەی کلاسـیك دا نووسـراون و وەك کلاسـیك ناویـان دەبـردریٚ خاوەنی بەشێکی زۆر لە تایبەتمەندی‌یـەکانی ئـەدەبیاتی ڕۆمانتیـك و تەنانەت سەمبولیکن.

سەرچاوە:
شەوەژانی وەستێرەیەك
حقیقت و زیبایی: ترجمە ب.احمدی

# ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟

**سەرکاو**

**بەشی دوازدەهەم**

بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی مۆدێڕنی کوردی بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تا پێش سەرکەوتنی شۆڕش، خاوەنی پتر لە سێ دەیە مێژینەی خەبات لە پێناوی مافی نەتەوایەتی، دێموکراسی، ئازادی، یەکسانیخوازی، حەقخوازی بوو. ئەم بزووتنەوەیە دوای ماوەیەکی کەم لە سەرهەڵدانی خۆی، کۆماری کوردستانی لە ساڵی ١٣٢٤دا دامەزراند کە نەك هەر لە مێژووی ئێراندا، بەڵکوو لە مێژووی ئەوکاتی ناوچەکەشدا مۆدێلێکی کەم وێنە بوو، چونکە لە کورتترین ماوەدا زۆرترین دەسکەوتی لە زۆربەی بوارەکاندا بۆ نەتەوەی کورد بە دواوە بوو. هەروەها لەو ماوەیەدا کە دەوڵەتەکەی (د. محەمەد موسەددیق)یش لەسەر کار بوو، ئەندامانی حیزبی دێموکرات و ناسیۆنالیستانی کورد بە تەواوی پشتیوانییان لە ناوبراوو سیاسەتەکانی کرد. بۆیە لە پاش ڕووخاندنی دەوڵەتەکەی موسەددیق، خەباتگێڕانی کورد کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، بە جۆرێك کە لە سییەکاندا دووجار ڕێکخستنەکانی حیزب دەستیان لێ وەشێندرا.

خەباتی چەکدارانەی ساڵانی ٤٦ ـ ٤٧یش بە نۆگەی خۆی لە هەلومەرجێکدا کە لە سۆنگەی زەبروزەنگی ڕێژیمەوە، تەنایی‌یەکی درۆزنانەی بەسەر فەزای ئێراندا سەپێندرابوو، گومی ئەو بێدەنگی‌یەی شڵەقاندو لە ڕاستیدا سەلماندی کە ئەوە تەنایی پێش گەردەلوولە. زێدەباری ئەوە کە لەم جووڵانەوە چەکداری‌یەی حیزبی دێموکراتدا کە بۆ ماوەی ١٨ مانگ درێژەی هەبوو، کۆمەڵێك کادری پێشکەوتوو، بەوەج و بە ئەزموون شەهید بوون و کۆمەڵێکی دیکەشی کە هەر لە سی‌یەکانەوە لەلایەن ڕێژیمی پاشایەتی‌یەوە حوکمی قورس درابوون، هەتا سەرکەوتنی شۆڕش لە زیندانەکاندا مانەوە. سەرەڕای ئەو زەبرە قورسەش کە وێی کەوتبوو، بەڵام، بەو حاڵەش بزاڤی کوردی هەتا ڕووخانی ڕێژیم هەدای نەدا. لە پێش ڕووخانی ڕێژیمیشەوە واتە هەر لە کۆنفرانسی سێیەمەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی لەسەر پێویستیی هاوکاری و هاوخەباتیی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پەهلەوی داگرت، بۆیە ئەوکاتەی کە خومەینی لە نەجەف بوو، ڕێبەرایەتیی بۆ باسکردنی ویست و داخوازە نەتەوایەتی‌یەکانی خەڵکی کوردستان و سیاسەتەکانی حیزب لەو پێوەندی‌یەداو بیستنی بیروڕای خومەینی، دوو نوێنەری خۆی ناردنە لای ناوبراو، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو بۆخۆی لەگەڵ نوێنەرانی حیزبدا دانیشێ و گوێ لە بۆچوونەکانی حیزب ڕاگرێ و هەڵوێستەکانی خۆی لەو پێوەندی‌یەدا ڕوون بکاتەوە، تەنیا کەسێکی بە نوێنەرایەتیی خۆیەوە بۆ بیستنی بیروڕای شاندی حیزبی ناردبوو کە چ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو. لە "نوفل لوشاتو"ی پاریسیش د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری حیزب سەردانی خومەینی کرد، کەچی ناوبراو ئامادە نەبوو بە تەنیا لەگەڵیدا دابنیشێ.

### ١ـ خەبات بۆ لێكگەیشتن

دوای سەرکەوتنی شۆڕش، ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ لێكگەیشتن و ئاشنابوون لە ڕوانگەی سەرانی شۆڕش و بەتایبەت خومەینی بەشێوەی جۆراوجۆر کەوتە هەوڵ و تێکۆشان، چونکە سەرکەوتنی شۆڕشی بە بەرهەمی تێکۆشان، خوێن و فیداکاریی سەرجەم تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و نەتەوەکان ئێران دەزانی کە لەو نێوەدا خەباتی نەتەوایەتیی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی، دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی لە کەس شاراوە نەبوو. بۆیە تێکڕای جەهدو تێکۆشینی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بۆ ئەوە بوو کە بۆ هەتا هەتایە کۆتایی بە سیاسەتی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتیی نەتەوەکانی ئێران بێ و یەکسانی‌یەکی تەواوی قانوونی لە نێو ئەواندا بچەسپێ و هیچ نەتەوەیەك یان کەسێك وەك ئینسانی پلە دوو سەیر نەکرێ. چونکە لە سۆنگەی جێبەجێکردنی مێتۆدەکانی ئینکاری ناسنامەی نەتەوەیی‌یە لەلایەن ڕێژیمی پەهلەوییەوە، ئەم نەتەوانە لە ژێر هەڕەشەی ئاسیمیلاسیۆندا بوون و لەڕاستیدا لەو ماوەیەدا تەنیا بە زەبری چەك کۆنترۆڵ کرابوون. بۆیە هاندەری سەرەکیی ڕاپەڕینی نەتەوەکانی ئێران لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمە بۆ دەستەبەرکردنی دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی بوو. نموونەی ڕوونی ئەم ویستانەش ئەو نەتەوەخوازی و دێموکراسیخوازی‌یە بوو کە لە دروشمی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕەنگی دابۆوەو ئەم بزووتنەوەیە لە سایەی ئەزموونی بەنرخی خۆیەوە بۆی دەرکەوتبوو کە بەبێ دابینبوونی دێموکراسی و مافی میللی، کۆتایی بە زوڵم و چەوساندنەوە نایەو ئەگەر شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران نەتوانێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکا، لەڕاستیدا ویستە دێموکراتیکەکانی گەلانی ئێرانی جێبەجێ نەکردوەو سەرکەوتوو نەبووە.

ناسیۆنالیسمی کوردی وەك ناسیۆنالیزمێکی ڕەسەن کە بۆ وەڵامدانەوە بەو ویستە مۆدێڕن و یەکسانیخوازانەیەی خەڵکی کوردستان سەری هەڵداوە، بە هیچ جۆرێك نەدەبوو لەو کاتە هەستیارەدا چاوپۆشی لە ئامانجەکان و داواکانی خۆی بکا. بۆیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتیخوازانەی گرتە بەرو بە خستنەڕووی سیاسەتەکانی خۆی و پێداگرتن لە سەریان، هەوڵی دا مافە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد لە قانوونی نوێدا بچەسپێنێ. لێرەدا بۆ ڕوونبوونەوەی هەرچی باشتری هەڵوێستەکانی حیزب لەو قۆناغەدا، ئاماژە بە هەندێك ڕاگەیەندراوو بەڵگەنامە دەکەین تا لە ڕادەی لێکدانەوەی ڕاست و دروستی دەستوداری ئەوکات لەلایەن حیزبەوە تێ بگەین و وەڵامێکی لۆژیکی بە ئیددیعای بێ بناخەو هێرشی نازانستیی کەسانی وەك جەلایی‌پوور بدەینەوە:

### ٢ـ هەنگاوو هەڵوێستەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە ڕۆژی ٨ی بەفرانباری ساڵی ١٣٥٧دا سەبارەت بە ڕەوشی ئەوکات بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێ:

"پاش تێکشکاندنی ڕێژیمی شا، گەلانی ئێران لە ریفراندۆمێکی سەرتاسەریدا بڕیار لەسەر سەڵتەنەت و قانوونی بنەڕەتی دەدەن. گومان لەوەدا نیە کە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی ئێران، ڕێژیمێکی دێموکراتیك هەڵدەبژێرن کە لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا ویستە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکانی چین و توێژە دێموکراتیکەکان و ویستە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلانی ئێران وەدی دێن."[١] سەبارەت بە هاتنەسەرکانی دەوڵەتی شاپووری بەختیاریش، لە ڕاگەیەندراوێکدا لە ڕێکەوتی ٥٧/١٠/١٧دا نووسیی: "شۆڕشی خەڵکی ئێران دەبێ پەڵەی شوورەیی دیکتاتۆریی سەڵتەنەتی لە داوێنی گەلانی وڵاتەکەمان بسڕێتەوەو حکوومەتێکی دێموکراتیك لە ئێراندا جێگیر بکا تا تێکڕای ئامانجە دێموکراتیکەکانی وەدی بێنێ."[٢] لە شوێنێکی دیکەی ئەم ڕاگەیەندراوەدا هاتوە کە: "تەنیا پاش ڕووخانی ڕێژیمی نگریسی سەڵتەنەتی و جێگیربوونی ڕێژیمێکی دێموکراتیکە کە ڕێگا بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کوردو دروشمی سەرەکیی حیزبی دێموکرات ـ دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان ـ خۆش دەبێ."[٣]

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نامەیەکدا کە ڕۆژی ١٩ی ڕێبەندانی ٥٧ بۆ ئایەتوڵڵا خومەینیی ناردوە، دەنووسێ: "ئەزموونی زۆربەی وڵاتان و هەروەها وڵاتی ئێمە پیشانی داوە کە هەر چەشنە بەرتەسککردنەوەیەکی ئازادیی تێکۆشانی هێزەکان لە ڕەوتی شۆڕشدا، بە هەر بیانوویەکەوە بێ، درەنگ یا زوو دیکتاتۆریی لێ دەکەوێتەوە. گەرەنتیکردنی بێ شەرت و مەرجی دێموکراسی بۆ سەرجەم حیزب و گرووپە سیاسی‌یەکان، مەرجی بنگەهیی پێکهێنانی کەشوهەوایەکی سالم و دێموکراتیکە کە مزگێنیدەری پاشەڕۆژێکی باشترە بۆ خەڵکی ئێران بەگشتی و بەتایبەت بۆ خەڵکی زەحمەتکێشی وڵاتەکەمان."[٤] و هەروەها لە درێژەی ئەم نامەیەدا هاتوە کە: "ئێمە باوەڕێکی قووڵمان بەوە هەیە کە هیچ ڕێژیمێك لە ئێراندا نابیتە ڕێژیمێکی ڕاستەقینەی گەلی، دادپەروەرو دێموکراتیك، ئەگەر نەتوانێ کێشەی نەتەوایەتی وەك کێشەی سەرەکیی وڵاتەکەمان، چارەسەر بکا. ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە پتر لە نیوەی ئێران لە گەلانی زۆرلێکراو پێك هاتوە. خوێندن بە زمانی زگماکی، پاراستن و گەشەپێدانی کولتووری نەتەوایەتی، نەهێشتنی دووچاوەکی‌یە ئابووری و سیاسی‌یەکان و لەمانەش گرنگتر، مافی بڕیاردانی چارەنووس لە مافە بێ ئەملاو ئەولاکانی ئەم گەلانەیە... هیچ چەشنە پشتگوێخستن و چاوپۆشی‌کردنێك لە گرنگایەتی‌یەکەی کەم ناکاتەوە."[٥]

بە پێشقەچوونی ڕەوتی ڕووداوەکان و کاتێکە هەلومەرجێکی لەبار بۆ ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە ٥٧/١٢/١١دا پێك هات، سکرتێری گشتیی حیزب د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە پەیامێك کە بەو بۆنەیەوە کە لە میتینگی مێژوویی شاری مەهاباددا خوێندیەوە، پاش ئاماژە بە تێکۆشان و فیدارکایی دەیان ساڵەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و هەروەها بەشداریی چالاکانە و نەخشی کاریگەری خەڵکی کوردستان لە سەرکەوتنی شۆڕش و ڕووخاندنی ڕێژیمی دیکتاتۆریی پاشایەتی‌دا، تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە "پاراستنی ئازادی‌یە دێموکراتیکەکان و پتەوکردنی بنەماکانی ڕێژیمێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە لە سەرانسەری ئێراندا، گەرەنتیی سەرەکیی پێشقەچوونی شۆڕش و وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی هەموو گەلانی ئێرانە. بە بێ دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە، مافەکانی گەلی کورد دەستەبەر نابن و بە بێ دابینبوونی مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردیش، ڕێژیم نابێتە ڕێژیمێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە. گەلی کورد بە تەواوی توانای خۆیەوە بەشدار بووە لە شۆڕشداو ئێستاش ئامادەیە بۆ پتەوکردنی بنەماکانی شۆڕش و پاراستنی دەسکەوتەکانی تێ بکۆشێ. گەلی کورد چاوەڕوانیی ئەوە لە ڕێبەری شۆڕشی ئێران ئیمام خومەینی دەکا، کە ڕاشکاوانە داکۆکی بکا لە مافەکانی هەموو گەلانی ئێران."[٦]

لە درێژەی پەیامەکەی سکرتێری گشتیی حیزبدا هاتوە کە: "مافی نەتەوایەتی، وەك ئازادی، لەو مافە سەرەکییانەیە کە شۆڕشی ئێران لە پێناویدا بەرپا کراوە. بۆیە بە فەرمی ناسینی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ سەرجەم گەلانی ئێران کارێکی لۆژیکی و هەنووکەیی‌یە. لەبەر هەندێ پێویستە کە حکوومەتی شۆڕشگێڕی مەهدیی بازرگان، ڕاشکاوانە بۆچوونی خۆی لەمەڕ کێشە نەتەوایەتی و مافەکانی گەلی کورد کە لە دۆزە بنگەهی‌یەکانی شۆڕشی ئێرانە، دەربڕێ. میللەتی کورد، وەك باقیی گەلانی دیکەی ئێران، مافی ئەوەی هەیە کە لەوە دڵنیا بێ کە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی واتە میراتی نگریسی ڕێژیمی پاشقەڕۆی شا، لە نێو چووەو شوێنەوارەکەی بە تەواوی سڕاوەتەوە. دەبێ نوێنەرانی گەلی کورد لە ئەنجومەنی دامەزرێنان و لە داڕشتنی قانوونی بنەڕەتیی نوێی ئێراندا بەشدار بن هەتا بتوانن مافی ڕەوای گەلانی ئێران لەو قانوونەدا بچەسپێنن."[٧] لە پەیامەکەی حیزبدا پێ لەسەر وەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووس و خەبات لەو پێناوەدا کراوەتەوە، لەم پێوەندی‌یەدا گوتراوە کە: "ئێمە خوازیاری مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆمانین و بۆ وەدەستیهێنانیشی بەوپەڕی تواناوە تێ دەکۆشین."[٨]



د. قاسملوو

میتینگی مێژوویی مەهاباد

**ئێمە باوەڕێکی قووڵمان بەوە هەیە کە هیچ ڕێژیمێك لە ئێران‌دا نابیتە ڕێژیمێکی ڕاستەقینەی گەلی، دادپەروەرو دێموکراتیك، ئەگەر نەتوانێ کێشەی نەتەوایەتی وەك کێشەی سەرەکیی وڵاتەکەمان، چارەسەر بکا**

◆◆◆

**ئێمە خوازیاری مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆمانین و بۆ وەدەستیهێنانیشی بەوپەڕی تواناوە تێ‌دەکۆشین**

لە کۆتایی ئەم پەیامەدا ژمارەیەك خاڵی هاوبەش بۆ تۆکمەکردنی هاوکاری لە نێوان هێزە پێشکەوتنخوازو نیشتمانپەروەرەکانی بە پێی هەلومەرجی ئەوکات گەڵاڵە کراون کە لێرەدا ئاماژە بە چەند دانەیەکیان دەکەین: ١)ساوکەکردنی سیستمێکی دێموکراتیك لە ئێراندا“ ٢)دابینکردنی مافی خودموختاری بۆ سەرپاکی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی ئێراندا“ ٣) دابینکردنی ئازادی‌یە دێموکراتیکەکان بۆ سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یە میللی‌یەکان بەبێ جیاوازی“ ٤) داڕشتنی سیاسەتێکی ئابووری لە قازانجی خەڵك و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی زەحمەتکێشان“ ٥) پشتیوانیکردن لە بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی سەرجەم میللەتانی جیهان و داکۆکی‌کردن لە ئەسڵی مافی نەتەوایەتی لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیاندا“ ٦) دامەزراندنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ تێکڕای وڵاتاندا بە پێی ڕێزگرتنی دوو لایەنە و بەڕەسمی‌ناسینی مافی حاکمییەتی نەتەوایەتی و دەسوەرنەدان لە کاروباری یەکدی."[٩]

ئەمانە وەك بەشێك لە داواکانی ناسیۆنالیزمێکی کوردی ئێستاکەش گرنگایەتیی خۆیان هەیە. نەك هەر تۆزقاڵێکیش لە بایەخیان کەم نەبۆتەوە، بەڵکوو نیشانەی لێکدانەوەی لۆژیکیانەی کێشە سەرەکی‌یەکانی ئەوکاتی ئێرانی فرەنەتەوە بوون کە وەك ویستگەلێکی دێموکراتیك بەهۆی پشتگوێخرانیان لەلایەن خومەینی و دەستو پێوەندی‌یەکانی‌یەوە، نێوەرۆکی دژی دێموکراتیکی‌ئەو ڕێژیمەیان دەرخست. ئاماژەکردن و هێنانەوەی ئەم چەند ڕستەیە لە بەڵگەنامەو ڕاگەیەندراوەکان‌داو هەروەها هەڵوێستەکانی بزووتنەوەی کوردی بۆ دێموکراتیزەکردن و چەسپاندنی مافی یەکسانیی نەتەوەکانی ئێران، دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوانیان‌داو بەشداریی‌کردنیان لە دەسەڵات‌دا، بەسن بۆ ئەوەی کە ئاستی وشیاری و پەرۆشی ڕێبەرانی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ ڕەتکردنەوەی ئیقتیدارگەری و دیکتاتۆری بسەلمێندرێ و نێوەرۆکی بە تەواوی نادێموکراتیك و سوننەتیی کۆماری ئیسلامی وەدەر بخرێ.

سەرچاوەکان:

١ـ تلاش در راه تفاهم، مجموعه اسناد حزب دمکرات کردستان ایران، جلد ١، گردآوری و تنظیم: ناصر، اسفندماه ١٣٥٩

٢ـ کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی چاپ، ١٣٨١

٣ـ سەردەشتی، د. یاسین، کوردستانی ئێران، سلێمانی ٢٠٠٣

پەراوێزەکان:

١ـ تلاش در راه تفاهم ل ١٢
٢ـ هەمان سەرچاوە ل ١٦
٣ـ هەمان سەرچاوە ل ١٧
٤ـ هەمان سەرچاوە ل ٢٦
٥ـ هەمان سەرچاوە ل ٢٦
٦ـ هەمان سەرچاوە ل ٣٣
٧ـ هەمان سەرچاوە ل ٣٤
٨ـ هەمان سەرچاوە ل ٣٥
٩ـ هەمان سەرچاوە ل ٣٦و ٣٧

# رووناکبیرو دەسەڵات

## بەشی دووهەم: ڕۆڵو بەشداریی رووناکبیران لە سیاسەتدا

رامبود لوتفپووری

وەك لە بەشی یەکەمی وتارەکەدا باسمان کرد، رووناکبیر ئەو مرۆڤە بیر مەندەیە کە بەردەوام لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی مەعریفەو تیۆریزەو بە پراکتیك کردنیداچالاکەو خاوەنی کاراکتەرێکی رەخنەگرە سەبارەت بە کۆمەڵگاو کێشەکانی. لای رووناکبیری مۆدێرن هیچ حەقیقەتێکی نەگۆڕو ڕەها بوونی نیە، ڕێگاکانی گەیشتن بە حەقیقەتیش جیاوازن‌و هزرو زانستیش کەرەستە سەرەکییەکانی گەیشتن بە حەقیقەتن. رووناکبیر بڕوای بە فرەیی بەهاکان‌و ڕێژەیی بوونیان هەیە، بە باوەڕی ئەو دژایەتی‌و ناتەبایی بەهاکان ڕێگا بۆ ڕەخنە لێگرتنیان دەکەنەوە. هەروەها ئاماژەمان کرد کە جیاوازیی بیریارو رووناکبیر لە گیانی یاخی‌و ڕەخنەگرانەی دەروەستبوون بە پراکتیزەکردنی تیۆرەکاندایە. بە کورتی رووناکبیر ئەو مرۆڤەیە کە بە هۆی رووناکبیرییەوە هوشیارە، رووناکبیرییش هوشیارییە سەبارەت بە دنیاو کۆمەڵگا. لە ڕاستیدا رووناکبیری هوشیارییەکی تیۆرییە بە واقیعی پراکتیکی کۆمەڵگاو دەروەست بوونە بە پراکتیزەکردنی مەعریفە تیۆرییەکانەوە، بۆیە دەتوانیین بڵێین رووناکبیر پێوەندیی نێوان تیۆرو پراکتیکەو کێشەکانی هزرو کۆمەڵگا پێکەوە گرێ دەدا.

بەڵام ئەوەی کە لێرەدا تەوەری سەرەکیی ئەم بابەتە پێكدێنێ چۆنیەتیی پەیوەندی رووناکبیرە بە بواری سیاسەت‌و دەسەڵات‌و هەروەها وڵامدانەوە بەو پرسیارە کە ئایا رووناکبیر دەتوانێ تێکەڵ بە دەسەڵات ببێ یا نا؟

گیانی ڕەخنەگرانەی رووناکبیرو دەروەستبوونی بە پراکتیزە کردنی تیۆرییەکان دەبنە هۆی بەرەورووبوونەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی‌و تێکەڵبوونی بە کێشە سیاسییەکانەوە. رووناکبیری لە واقیعی خۆیدا کێشەیەکی سیاسییەو رووناکبیریش مرۆڤێکی سیاسی.

ناسین‌و تێگەیشتن لای رووناکبیر کردەوەیەکە بە مەبەستی ئازاد بوونی خودو دەربازبوون لە چووکەیی، کە وابوو هەر پرۆسەیەکی ناسین‌و مەعریفی واتای ڕەد کردنەوەی هەر چەشنە هێژمۆنی‌و ئۆتوریتەخوازییەکی بۆی هەیە.

لە ڕوانگەی سیاسییەوە رووناکبیران لە لایەکەوە بە هۆی ڕەخنە گرتنیان لە باری ئارایی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و هەروەها بەزاندن‌و شکاندنی سنوورو نەریتە باوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا دەچنە خانەی بەرەی چەپ، نوێخوازو ڕادیکاڵی کۆمەڵگاوە. لە لایەکی دیکەش بە پێی بڕوایان بە فرەیی‌و ڕێژەی بوونی بەهاکان‌و نەبوونی حەقیقەتێکی ڕەهاو نەگۆڕ دەکەونە بەرەی دێموکراسیخوازی‌و لاینگری لە پلورالیزمی سیاسییەوە. زۆرجار رووناکبیران بە داهێنانی ڕێبازو ئایدۆلۆژیاکانەوە ڕۆڵی تیۆریسیەن‌و ئیدئۆلۆگی ڕێکخراوو بزاڤو شۆڕشە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕن.

**رووناکبیران‌و بەشداریی سیاسی:**

بە گشتی رووناکبیران بە پێی شێوازی بەشدارییان لە سیاسەتدا لە سێ دەستەی سەرەکیدا پۆلێن دەکرێن:

**١ـ ڕەخنە گرتن لە سیستمی سیاسی:**

هەندێك لە رووناکبیران بڕوایان بە بەشداریی ڕاستەوخۆ لە سیستمی سیاسیدا نیە بەڵکوو پێیان وایە کە دەبێ لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدا بمێننەوەو بە کاریگەریدانان لەسەر بیروڕای گشتی‌و پێکهێنانی بزاوت‌و ڕێکخراوی سیاسی ڕۆڵی ڕەخنەگری‌و چاوەدێریی دەسەڵاتیان هەبێ. بە تایبەت لەسەردەمی سەرهەڵدانی قەیرانە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکاندا ڕۆڵی رووناکبیران پەرەدەستێنێ. زۆرجار ئەم چەشنە رووناکبیرانە بە تەواوەتی هاوڕێکیی ئارایی ڕەد دەکەنەوەو وەك شۆڕشگێڕێك هەنگاو بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی سیاسیی ئارایی هەڵدەگرن. زۆربەی ڕێبەران‌و بیردۆزانی شۆڕشەکانی جیهان وەك شۆڕشی فەرانسە یان ڕووسیا سەر بەم دەستەیەن. تەنانەت مارکسیستە نوێیەکانیش (١٩٦٠ بەم لاوە) ئێستە بە جێگای کرێکاران رووناکبیران بە هێزی ڕزگاریدەرو هەوێنی شۆڕش دەزانن.

بە بۆچوونی بیریارێکی وەك "لاوروف" پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەرهەمی بوونی ئەو کەسانەیەکە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر دەکەنەوو ڕاستییەکانی کۆمەڵگا هەڵدەسەنگێنن.

لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا کە

**رووناکبیر ئەو مرۆڤەیە کە بە هۆی رووناکبیرییەوە هوشیارە،**
**رووناکبیریش هوشیارییە سەبارەت بە دنیاو کۆمەڵگا**

◆◆◆

**رووناکبیران بە داهێنانی ڕێبازو ئایدۆلۆژیاکانەوە ڕۆڵی تیۆریسیەن‌و**
**ئیدئۆلۆگی ڕێکخراوو بزاڤو شۆڕشە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕن**

خەریکی تێپەربوون لە قۆناغی نەریتەوە بۆ مۆدێرنەن رووناکبیران ڕەخنەگرانی کۆمەڵگای نەریتین، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆریان نەریت بە تەواوەتی ڕەد ناکەنەوە بەڵکوو هەوڵی دارشتنەوەو گونجاندنی نەریتەکان لەگەڵ مۆدێرنە دەدەن‌و بانگەشە بۆ هێندێك ڕێبازو ئایدۆلۆژیای وەك لیبرالیزم، ناسیۆنالیزم، سۆسیالیزم‌و پۆپۆلیزم یا تێکەڵکێشێك لە دوو یا چەندانە یەکیان دەکەن.

هەندێك فاکتەری وەك، ناهاوسەنگیی نێوان پێگەی کۆمەڵایەتی یا ڕادەی دەسەڵاتی رووناکبیران لەگەڵ لێهاتووی‌و شایستەییەکانیان، هەڵکشانی ڕادەی چاوەڕوانییەکانیان، ڕەچاونەکردنی تواناییەکانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە

هەندێك لە ئینتیما عەقڵانییەکانی سەرچاوە گرتوو لە خوێندن‌و لێکۆڵینەوەو پەرتەوازە بوون‌و تەریك کەوتنەوەیان لە بەستێنی سەرەکیی کۆمەڵگا، لەسەرهەڵدانی نارەزایەتی لە رووناکبیران‌و چالاك بوونەوەیاندا ڕۆڵی کاریگەریان هەیە.

**٢ـ بەشداری لە سیستمی سیاسیدا:**

ئەگەرچی رووناکبیران بەردەوام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باندۆریان لەسەر ژیانی سیاسی کۆمەڵگادا هەیەن بەڵام زۆرجاریش بەشێك لە رووناکبیران ڕاستەوخۆ دێنە نێو گۆڕەپانی سیاسەت‌و ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن. ئەم چەشنە رووناکبیرانە هەوڵ دەدەن بە هەندێك پلەو پایەی سیاسی بگەن‌و بوونی خۆیان لە دەسەڵات بۆ چاکسازی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە پێویست دەزانن، بەشداریی سەرکەوتوانەی ئەم رووناکبیرانە لە سیاسەتدا پێوەندی بە لاوازی یا بە هێزی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە هەیە، لە کۆمەڵگا گەلێکدا کە تاقم‌و توێژە نەریتییەکانی وەك زەویندارەکان، دەرەبەگەکان یا پیاوانی ئایینی ڕۆڵ‌و دەسەڵاتی سەرەکییان هەبێ ڕێگای چالاکیی رووناکبیران بەرتەسك دەبێتەوە، بەڵام ئەم کێشەیە لە کۆمەڵگا مۆدێرن‌و پێشکەوتووەکاندا بە پێچەوانەیە، بۆ وێنە لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، رووناکبیران ٥٧٪ نوێنەرانی پەرلەمانی فەرانسە، ٢٣٪ نوێنەرانی پەرلەمانی ئیتالیاو ٦٨٪ نوێنەرانی پەرلەمانی بەریتانیایان پێك دەهێنا. رووناکبیرانێکی وەك، ئیدمۆند برێك، لامارتین، دۆتۆکۆڤیل، جان ئێستوارت میل، ئاندرێ مالرۆ، ماکیا ڤیلی، لێنین، ترۆتسکی‌و پارێتۆ کەسانێکن کە هەرکام بە جۆرێك خاوەنی پۆستێکی پەرلەمانی، دەوڵەتی، بەرێوەبەرایەتی یا دیپلۆماسی بوونەو ڕاستەوخۆ لە کاروباری سیاسیدا بەشدار بوون.

**٣ـ دووره پەرێزی**
**لە سیستمی سیاسی:**

هەندێك جار رووناکبیران بە تەواوەتی لە سیاسەت دەکێشێنەوەو شێوازی خەمساری‌و بێ هەڵوێستی لەبەرامبەر دەسەڵات‌و کێشە سیاسییەکاندا دەگرنە بەر. لەم کاتەدا رووناکبیران هەست بە نەگۆڕی کێشەکان دەکەن، تووشی بێوازی، سەرلێشێواوی‌و خەیاڵپڵاوی دەبن‌و ئینتیمای پراکتیزەکردنی لۆژێك‌و تیۆریاکانیان لەدەست دەدەن‌و تەنیا خۆیان بە کارێکی هزری‌و دەرهەستەوە خەریك دەکەن.

لە ڕوانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە ئەم دووره پەرێزییە هەم بەرهەم‌و هەم بەدیهێنەری هەندێك دیاردەی وەك ترس، ژاکاوی، ڕەشبینی‌و هەستی چووکەبوونە.

بە شێوەیەکی دیکە دەتوانین سێ هۆکاری سەرەکی بۆ خەمساردیی رووناکبیران دەستنیشان بکەین:

١ـ نەبوونیهانەی پێویست بۆ بەشداری لە ژیانی سیاسیدا (هۆکارە دەروونناسانەو کولتورییەکان)٢ـ نەبوونی پێداویستی پێویست (لاوازی لە سیستمی پەروەدەو فێر کردن، زانیاری، پێوەندییەکان، ڕێکخستن‌و ڕێکخراوەدا)

**٣ـ نەبوونی هەل‌و دەرەتانی پێویست**
**(داخراوی پێکهاتەی دەسەڵات)**

هۆکاری سێهەم سەرەکیترین فاکتەرە لە خەمساردیی رووناکبیراندا. خەمساردی‌و بێ هەڵوێستی رووناکبیران لە دەسەڵاتە داخراو ئۆتۆریتە خوازەکاندا زیاتر وەبەرچاو دەکەوێ کە هەندێك لە بیریاران ناوی کۆچ کردنی ناوەکی یان دەروونییان لەسەر داناوە.

**شێوازەکانی بەرەورووبوونەوەی**
**رووناکبیران‌و دەسەڵاتە ئۆتۆریتە**
**خوازەکان:**

دەسەڵاتە ئۆتوریتەخوازو داخراوەکان بە شێوەگەلی جیاواز بەرەوروی رووناکبیران‌و ڕەخنەکانیان دەبنەوە، یا بە شێوەیەکی هەست پێنەکراوو بە ناچاری تەحەمولیان دەکەن، یا هەوڵی ڕاکێشان‌و هاریکاری کردنیان دەدەن، یا ئەوەی کە بە ئاشکراو بە نهێنی سەرکوتیان دەکەن‌و ڕێگای هەرچەشنە ڕادەربڕینێکیان لێ دەگرن، بە پێی هەڵوێستی دەسەڵاتەکان‌و ڕادەی کراوەیی‌و نەرمیکێشانیان رووناکبیران شێوازو ڕێگای جۆراوجۆر دەگرنەبەر، بۆ وێنە لەبەرامبەر سەرکوتی دەسەڵاتدا هەندێکجار خەمساردی‌و بێلایەنی هەڵدەبژێرن، هەندێك جاریش بە گرتنەبەری شێوازێکی شۆڕشگێڕانە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ بەرەورووی دەسەڵات دەبنەوە، زۆر جاریش هانا دەبنە بەر ڕەخنە گرتنێکی سیمبۆلیك‌و ناڕاستەوخۆ.

ئەوەی تا ئێرە باس کرا لێکدانەوەیەکی کورتی ڕۆڵ‌و شێوەی بەشداریی رووناکبیران بوو لە سیاسەتدا، دواییش دێینەسەر باسی شێوەکانی پێوەندیی رووناکبیر بە دەسەڵات‌و چۆنیەتیی بەشداریکردنی لە دەسەڵاتدا.

***

# راپۆرتی ١٦هەمین کۆنگرەی حیزبی سۆسیالیستی چەپی نورویژ

## و بەشداریی چالاکانەی نوێنەری حیزب لەو کۆنگرەیەدا

حیزبی سوسیالیستی چەپ ١٦هەمین کۆنگرەی لە ڕۆژەکانی ٣١ی مارس تا ٣ی ئاپریل لە شاری کریستیاناند لە باشووری نورویژ بەڕێوە برد.

٣٠ساڵ لە تەمەنی ئەو حیزبە تێدەپەڕێ، باوەڕی بە خەباتی چینایەتی هەیەو هەوڵ دەدا بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەك کە تێیدا فەرق‌و جیاوازی نەبێ‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لێ وەدیبێ، حیزبی سۆسیالیستی چەپ لە دوایین هەڵبژاردنەکانی پارلمانیدا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناو ئێستا ٢٣ نوێنەری هەیە لە پارلمانی نورویژدا. کۆنگرەی حیزبی سۆسیالیستی چەپ لە ماوەی چوار ڕۆژ کاری بەردەوامدا توانای دانانی پلاتفۆرمی هاوکاری لەگەڵ حیزبی کار (گەورەترین حیزبی سیاسیی نۆرویژ)و حیزبی سەنتەر (ناوەڕاست یا پارێزەری کشتوکاڵ) بۆ دانانی حکوومەتی هاوبەش لە دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی سێپتامبری داهاتوو (بەمەرجێك ئەو ٣حیزبە بەیەکەوە بتوانن زیاتر لە نیوەی کورسییەکانی پارلمان وەدەست بێنن) پەسند بکا.

لە کۆنگرەی حیزبی سوسیالیستی چەپدا ٢٩٣ نوێنەر بە مافی دەنگدانەوە بەشدار بوون. هەروەها ٢٦ ڕێکخراو ناوەندی نورویژی، ١٨حیزب‌و ڕێکخراوی سیاسیی وڵاتانی جۆراوجۆرو ١١ باڵوێز وەك میوان بانگهێشتن کرابوون. لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەڕێز ئەحمەد جەهانگیری بەشداری کۆنگرەی حیزبی سوسیالیستی چەپ بوو. نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بەشەی کاری کۆنگرەدا کە بۆ میوانەکان دیاری کرابوو وێڕای باس لەسەر مێژووی خەباتی گەلی کورد، سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و کردەوە دژی ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر گەلانی ئەو وڵاتە بەتایبەت گەلی کورد، داوای کرد کۆنگرە بڕیارنامەی پێشتر ئامادە کراو بۆ پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای گەلی کوردو مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران پەسند بکا. لە بەشی هەڵوێستە نێو نەتەوەییەکانی کاری کۆنگرەدابە زۆربەی دەنگ بڕیارنامە لە ژێر ناوی پشتیوانی لە مافی مرۆڤو دێموکراسی لە ئێران‌و هەروەها پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد پەسند کرا کە هەردووکیان جێگای سەرنجن:

### لەسەر ئێران

بڕیارنامەی کۆنگرەی حیزبی سۆسیالیستی چەپ لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا پەسندی کردوە کە ڕێژیمی ئێران ڕێژیمێکی دیکتاتۆرییە، وەزعییەت لەو ساڵانەی دواییدا خراپتر بووە، قانوونی ئەساسی‌و هەڵبژاردن شتێکی فۆرمالیتەیە، مافی مرۆڤ ژێر پێ دەنرێ، ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم زیندانی‌و ئێعدام دەکرێ. ڕۆژنامەکان دادەخرێن. ژن بەردباران دەکرێ. هەوڵو داوای کەمایەتییەکانی وەکو کوردەکان، بەلووچەکان‌و ئازەرییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی زمان‌و کولتووری خۆیان لە لایەن ڕێژیمەوە لەگەڵ ئەزییەت‌و ئازار ڕووبەروو دەبێ. لە کوردستانی ئێراندا ئاستی ژیان‌و ئاسایش دابەزیوەو بێکاری زۆرتر بووە.

ڕێژیم بۆ بەرەو پێشبردنی سیاسەتەکانی خۆی بەهانەی مەزهەبی بەدەستەوەیە. ڕۆژبەرۆژ دەردەکەوێ کە ئاخوندەکان، بنەماڵەکانیان‌و دەوروبەریان ئیمکاناتی ئەسڵیی وڵاتیان لەدەست دایە. شیرکەتە دەوڵەتییەکانی پێشوو ئێستا کراونەتە شەخسی‌و لە لایەن ڕێکخراوە نیزامییە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە دەستیان بەسەردا گیراوە.

لە بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمدا زۆر ستراتیژی هەبووە کە بە ئاکام نەگەیشتوون. ئەو هێزانەی کە هەوڵیان داوە لە نێوخۆی ڕێژیم گۆڕانکاری پێك بێنن وەلا خراون‌و پشتیوانیی جەماوەریشیان لەدەست داوە. سیاسەتی وڵاتانی هاوبەشی ئورووپاو وڵاتی نورویژ دیالۆگی ڕەخنەگرانە نەیتوانیوە پێش بە ژێرپێنانی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمەوە بگرێ. خەڵکیش نایانەوێ وڵاتەکەیان لە لایەن ئامریکاوە داگیر بکرێ.

هیوادارین هێزەکانی دێموکراتیکی ئۆپۆزیسیۆن یەکگرتوویی بەدەست بێنن‌و سەرنجی جەماوەری نێوخۆی وڵاتیش کە لاوەکان بەشێکی بەرچاوین بەرەو خۆیان ڕاکێشن. ئەو شیرکەتە نۆروێژیانەی لە ئێراندا سەرمایەگوزارییان کردوە باشترە بە جێگای تەنیا قازانج‌و مەسڵەحەتی خۆیان لە بیری بەرەو پێشبردنی ئەو کۆمەڵگایەش‌دا بن‌و هەوڵ بۆ دامەزراندنی سەندیکای کرێکاری تێیدا بدەن.

حیزبی سوسیالیستی چەپ هەوڵ دەدا لە پێوەندی بەردەوامدا بێ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆو دەرەوەی وڵات. هەوڵ دەدەین زۆرتر سەرنج بدەین لەسەر کێشەی مافی مرۆڤ، حیزبی سۆسیالیستی چەپ داوا دەکا دەوڵەتی نۆروێژ هەیئەتێکی پێکهاتوو لە سیاسەتمەدارو مافزان بۆ ئێران بەڕێ بکا، هەروەها کۆمپانیی نوروێژی نەوتی ستاتئویل کە لە ئێران ناوەندێکی کردۆتەوە، سەندیکای کرێکاری دامەزرێنێ‌و ژێرپێنانی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیی ئێرانەوە لەقاو دا.

حیزبی سۆسیالیستی چەپ ڕادەگەیەنێ کە ناردنەوەی ئەو پەنابەرە ئێرانیانەی کە تێکۆشانی سیاسییان لە دژی ڕێژیم بووە بۆ ئێران ژیان‌و ئاسایشیان دەخاتە مەترسییەوە.

### لەسەر کوردستان

### بڕیارنامەی پشتیوانی

### لە داواکانی گەلی کورد

کوردەکان گەورەترین نەتەوەی سەر زەوین کە دەوڵەتی سەربەخۆیان نیەو مافیان لە لایەن ئەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین ژێرپێ دەکرێ. حیزبی سۆسیالیستی چەپ چەندین ساڵە داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد دەکاو بە ئەرکی خۆی دەزانێ هەروا پشتیوانییان لێ بکا.

زۆر گرینگە مافی مرۆڤ لەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی زەق کەینەوە. تورکیا برێك ریفۆرمی لە نێوخۆیدا کردوە، بەڵام زۆری ماوە هەموو مافەکانی کوردی تێدا وەدیبێن. هیوادارین لەو بەشەدا هەر دوولا واز لە چارەسەری نیزامی بێنن، لێبوردنی گشتی بۆ هەموو گریلاکان‌و تێکرای کوردە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان دەرچێ. دەوڵەتی نورویژ دەبێ مەرجی پشتیوانی لە مافە سەرەتاییەکانی گەلی کورد لەگەڵ هەموو ئەو شیرکەتە سەرمایەگوزاریانەی کە داهاتی نەوتی نورویژ لە ناوچەکەدا دابین دەکەن، ببەستێ. وەزعییەتی کوردی تورکیە دەبێ بهێندرێتە نێو ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکانەوەو هەر دوو وڵاتی نورویژو تورکیەش تێیدا بەشدار بکرێن. لە پێوەندی بە ئێرانەوە دەبێ پێشگیری بکرێ لە زیندانیکردن، ئەشکەنجەدان‌و لە سێدارەدانی کوردەکان، هەروەها پشتیوانیکردن لە مافی مرۆڤی کوردو پەرەپێدانی کولتوورەکەی.

لە عێراق زۆر گرینگە ئەو ڕێکخراوانەی لە ناوچە کوردنشینەکاندا یارمەتیدەری مافی ژنانی کوردن پشتیوانییان لێ بکرێ.

کوردە بێ ناسنامەکانی سووریە دەبێ مافی هاوولاتییان پێ بدرێ هەموو حوقووقێکیان لە خوێندنگەو شوێنەکانی دیکە بپارێزرێ‌و زیندانییە سیاسییەکان ئازاد بکرێن.

سەرەنجامی ئەو پرۆژە سیاسییە دەبێ ببێتە هۆی دێموکراتیزەبوونی ئەو دەوڵەتانە، لە تورکیەو سووریەدا دەبێ مافی ئەو کەمایەتییانە لە سیستمێکی گونجاوی نێوخۆیدا بە شێوەی قانوونی‌و عەمەلی وەدی بێ. بە نیسبەت ئێران‌و عێراقەوە شێوەی فیدراڵی چارەسەری کێشەکە دەکا. حیزبی سۆسیالیستی چەپ پشتیوانی لە شێوەی بەڕێوەبردنی نێوخۆی عێراق دەکا. بە هەر شێوە بۆچوونێك کە ئێستا سەیری بەڕێوە بردنی عێراق دەکەین زۆر ناعادڵانە دەبێ ئەگەر شێعەکان کە زۆرایەتی عێراقن بێن قانوونی شەریعە بەسەر ناوچەکانی دیکەشدا بسەپێنن بۆ نموونە کوردستان.

دیارە سیستمی فیدراڵی برێك گرفتی وەکوو سنوورەکان، مافی کەمایەتییەکان، دابەشکردنی کار لە نێو ناوچە ئیدارییە ئەسڵییەکان، هاوبەشەکان‌و هەروەها پایە سەرەکییەکانی داهاتی وڵاتدا هەن کە دەبێ بە دروستی چارەسەر بکرێن‌و مکانیزمی گونجاویان بۆ ببینرێتەوە.

حیزبی سۆسیالیستی چەپ پێی وایە دەبێ وڵاتانی دیکە یارمەتی ماڵی بکەن بۆ گواستنەوەی ئەو کەسانەی لە لایەن ڕێژیمی پێشووەوە هێندرابوونە سەر ماڵ‌و زەمینی کوردەکانی ناوچە کوردنشینەکان.

ئێستا کە بە میلیارد خەرجی شەڕ کراوە، بەو ئەندازەش سەرفی دابینکردنی ئاشتی‌و هێمنی بکرێ.

حیزبی سۆسیالیستی چەپ بەهۆی ئەو هەلومەرجەی کە ئێستا لە ناوچەدا هەیە پشتیوانی لە ویست‌و داوای پەنابەرانی دەرکراو لە ئێران‌و عێراقدا دەکا.

***

# پەڵەیەکی ڕەشتر بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامییەوە

عەلی بداغی

**دەفتەری سەرکۆماری**

**بەڕێز سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی بەرنامەوبووجە، جەنابی دوکتور نەجەفی**

**بە سڵاو!**

**بەپێی سیاسەتی ڕەچاوکراوو پەسندکراوەکانی شووڕای ئەمنییەتی میللی لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕینی پێکهاتەی حەشیمەتیی عەرەبەکانی خووزستانو دابەشکردنی گونجاوی ئەوان بەسەر ناوچەکانی دیکەی وڵاتدا پێویستە ئەم خاڵە پەسندکراوانەی کە لە خوارەوە هاتوون، بە لایەنە پێوەندیدارەکان ڕابگەیەندرێ:**

**١ـ ڕێوشوێنێك بگرنە پێش کە حەشیمەتی عەرەبی خووزستان بە پێی فارس زمانە خۆجێییەکانو ئەوانەی لە لاوە هاتون، بە لانی زۆر لە ماوەی ١٠ ساڵدا ببێتە یەك لە سێی حەشیمەتی ناوچەکە.**

**2ـ بۆ هەرچی زیاتر مانەوەو نیشتەجێبوونی "قەوم"ەکانی دیکەو بەتایبەت ئازەرییەکان لە پارێزگای خووزستاندا جگە لە دابینکردنی ئیمکاناتو کارهاسانییەکانی پەسندکراوی بەخشنامەی ٤١٦ ـ ٣ ـ ب ـ ٢/٩٧١/٥ـ٧، ڕێکەوتی ١٣٧١/٤/١٤ ئیمکاناتو کارهاسانیی زیاتر لەبەرچاو گیراوە کە دواتر ڕادەگەیەندرێ.**


**(پێویستە جۆرێك بەرنامەکە بەڕێوەبچێ کە دیاردەی کۆچی توێژی خوێندەوارو ئاکادمیی ئەوان بۆ پارێزگاکانی دیکەو بەتایبەت تاران، ئیسفەهانو تەورێز پتر پەرەبستێنێو ڕێژەکەی بچێتە سەرێ.**

**(4هەوڵ بدرێ بۆ سڕینەوەی هەر جۆرە هێماو بەڵگەیەکی سەلمێنەری بوونی ئەم "قەوم"ە وەك گۆڕینی ناوی پاشماوەی گەڕەك، دێهات، شەقامو کۆڵانەکانو بەکارهێنانی دەستەواژەی فارسی لە جێگای ئەوان.**

**(5لەگەڵ پێداگرتن لەسەر نهێنیبوونی ئەو باسە، پێویستە بۆ جێبەجێبوونی هەرچی زیاتری پەسندکراوەکان لە کەسانی جێی متمانەی عەرەب زمان وەك کەرەستە کەڵك وەربگیردرێ.**

**(6سەرجەم پەسندکراوە نوێیەکان لە پێوەندی لەگەڵ دابەشکردنی خوێندکار، کارمەند، مامۆستای قوتابخانە، هێزە نیزامیو ئینتیزامیو جووتیارەکان لە پارێزگاکانی دیکەدا هاوپێچی بەخشنامەکەیە.**

**سەید محەممەدی ئەبتەحی ١٣٧٧/٧/٦**



ئەوەی لە سەرەوەدا هاتوە دەقی بەڵگەیەکی زۆر نهێنیی دەفتەری سەرکۆماریی ڕێژیمە کە لەم دواییانەدا ئاشکراو لە زۆربەی ماڵپەڕە ئینتێرنێتیو ڕۆژنامەکانو یەك لەوان لە ژمارەی پێشووی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا چاپو بڵاو بۆتەوە. ئەم دیکۆمێنتە بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ سەلماندنی ژینۆسایدی سیاسیو نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێران لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە. چەمکی ژینۆسایدمان لەم ڕووەوە بەکار هێناوە کە بەپێی بڕیارو پەسندکراوی کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕۆژی نۆهەمی نوامبری ١٩٤٦ "ژینۆساید بریتییە لە نکۆڵیکردن لە مافی هەبوونی گرووپە مرۆڤییەکان"و ئاکامەکەشی بێبەشی خەڵکێکە لە هەموو مافو بەشدارییەکی کولتووریو سیاسیو مافی ژیان لە نیشتمانو زێدی باپیرانیانو لە لایەن نەتەوەی باڵادەست ڕا لە دەسەڵاتو بەڕێوەبەریی خۆیانو وڵاتدا پەراوێز دەخرێنو وەلا دەنرێن. ئەو پرۆسەیەش پێچەوانەو دژی هەموو ڕێوشوێنو بنەما ئەخلاقیو ڕۆحییەکانەو ناتەبایە لەگەڵ هەموو ئامانجە مرۆڤدۆستانەو پێشکەوتنخوازەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو کۆمەڵە فەرمییەکانی مافی مرۆڤ، ئەوەی کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە دارشتنی بەرنامەی وردو کردەکیکردنی پرۆژە دژەئینسانییەکانی هەوڵی جێبەجێکردنی داوە.

ئەو بەڵگە ئاشکراو لەقاودراوەو کردەوەکانی ڕێژیم لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا سەلمێنەری دەکارکردنی شێوازو میتۆدگەلی جۆراوجۆر بە مەبەستی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەییو کلتووریی نەتەوەکانی ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەن، میتۆدگەلێکی وەك دابەشکردنو پرشو بڵاوکردن، ڕاگواستن، ئاسمیلەو دژایەتیکردن لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانی غەیرەفارسو ئەویش بەخێراییو بەربڵاویو لە توندترین شێوەدا، بەردەوان کەڵکیان لێوەرگیراوە.

یەکەم خاڵی سەرنجڕاکێشی ئەو بەڵگەیە، ڕێکەوت، شوێنو سەرچاوەی دەرکردنی بڕیارەکەیە، هەرچەند لە مێژووی ئێرانو بەتایبەت لە مێژووی هاوچەرخی ئەم وڵاتەدا گەلێك فاکتی حاشاهەڵنەگرو کردەوەمان دەست دەکەوێ کە بە مەبەستی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێرانو تواندنەوەیان لە کولتوورو نەتەوەی فارسدا ئەنجام دراون، ئەویش بە مەبەستی پێکهێنانی نەتەوەیەکی یەکدەستو یەکڕەنگ لە ژێر ناوی نەتەوەی ئێرانی. کردەوەو کارنامەی ٢٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئیسلامیو شێوەی هەڵسوکەوتو ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ نەتەوە غەیرەفارسەکان لە ژێر سێبەری دروشمە مەزهەبییەکاندا سەلمێنەری ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەیە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم ئەمانەتدارترین میراتگرانی شۆڤینیسمی ڕەزاخانن‌و ئەگەر ڕەزاخان بە زەبری سەرکوتو زۆرەملیو توندوتیژی بۆ تواندنەوەی نەتەوەکانی ئێران لە نێو نەتەوەی فارسدا هەنگاوی هەڵدەگرت، ئەوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە گەڵاڵەو بەرنامەی وردو دارێژراوو بە شێوەیەکی هێمنانەو پێکهێنانی هەلومەرجی لەبار بۆ جێبەجێکردنی پیلانو نەخشەکانیان لە بێدەنگییەکی قڕکەرانەدا دەستی ڕەگەزپەرستییان لەوان ئەستاندوەو ڕووی باپیرە شۆڤینیستەکانیان سپی کردۆتەوە.

دەرکردنی ئەو بڕیارو دەستوورانە لەو بەڵگەیەدا، ئەویش لە دەفتەری سەرکۆمارییەوەو ئیمزاکرانی لە لایەن خودی بەناو میعماری چەمکی "وتووێژی شارستانییەتەکان!!!"ەوە پەردەی لەسەر گەلێك ڕاستیی حاشالێکراو لاداوە.

ڕاستیگەلێك کە ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناتوانن خۆیان لێیان ببوێرن، بەڵام تۆقیون لەوەی دانی پێدابنێنو بەجێی ئەوەی بێن بە شێوەی گونجاوو شیاو لەگەڵیان بەرەوڕوو ببنەوە، هەوڵی گۆڕینو چەواشەکردنی دەدەن.

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. ڕاستییەك کە گەورەبەرپرسانی ڕێژیم زراویان لێی چووەو وای لێکردون تا بەجێی دەکارکردنی ئەم فاکتۆرە پۆزەتیڤەو کردنی بە هەوێنی یەکگرتوویییەکی بنیاتنەرو گەشەخواز وێڕای ڕێزگرتن لە مافی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێران، بێنو ڕێچکەی تواندنەوەیان بگرنەبەرو قۆڵ بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانی غەیرەفارس هەڵماڵن. ئەو هەوڵەی کە لە سەردەمی ڕەزاشادا لە ژێر ناوی دژایەتیی کۆنەپەرستیو دواکەوتوویی بەڕێوەدەچوو، ئێستا ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی لە ژێر تیشکی دروشمە مەزهەبییەکاندا بەڕێوەی دەبەن.

وردبوونەوە لە دەقی ئەو بڕیارنامەیە بە زۆر خاڵی گرینگو جێی سەرنجمان دەگەیەنێ. یەکەم ئەوەی هەنگاوە سەرەتاییەکانی ڕێژیم بۆ گۆڕینی دێمۆگرافیی خووزستان بۆ کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ دەگەڕێنەوە. هەر لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان عێراقو ئێرانو دوای ئەوەی ئەو شەڕەماڵوێرانکەرە زۆرترین زیانو کارەساتی لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران بۆ وێنە لە ئوستانی خووزستان لێکەوتەوەو خەڵکی ئەو بەشە لە ئێران زۆرترین خەسارو زیانی گیانیو ماڵیی قەرەبوونەکراوەیان وێ کەوت، ڕێبەرانی ڕێژیم بەجێی هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانو دواکەوتووییو کاولکاریی شارەکانو یارمەتیدانی قوربانیانو زیان وێکەوتووانی شەڕ لەو بەشەی ئێران گەڵاڵەی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەییو نامۆکردن لەگەڵ فەرهەنگو کلتووری نەتەوەییان بۆ بە دیاری هێناوو بە توندترین شێوە بۆ جێبەجێکردنو دابەزاندنیان هەنگاویان ناوە. لە لایەك بە تەرخانکردنی بودجە بۆ هاندانی خەڵکانی دی بۆ کۆچکردن ڕووە ئەم ئوستانەو دابینکردنی ئیمکاناتو کارهاسانی بۆ فارس زمانەکانی غەیرەبومیو دابەشکردنی کارمەندو فەرمانبەرانی ئیدارە دەوڵەتییەکان بەپێی بەرنامە داڕێژراوەکانیان جگە لە گۆڕینی دیمۆگرافیو ڕێژەی حەشیمەتی، زەمینەیەکی لەبارو گونجاویان بۆ نیشتەجێبوونو مانەوەی جەماوەرە هێنراوەکان بۆ ئەو ئوستانە ڕەخساندوەو لە لایەکی دیکەشەوە بە خولقاندنی قەیرانی ئابووری، بژێوو بێکاری ڕێخۆشکەربوون بۆ کۆچی بەکۆمەڵی بێکارانو ڕووکردنیان لە شارە پیشەییەکانو لە شوێنی خۆیان دووریان خستوونەتەوە. بەتایبەت بە کۆچکردنی توێژی خوێندەوارو ئاکادیمی بۆ شارەکانی ناوەندی ئێران. جگە لە هاتنەدیی ویستو جێبەجێکرانی بەرنامەکانی ڕێژیم، خەڵکی ناوچەش بێبەش دەبوون لە بوونو ئامادەیی توێژە ئاکتیو، پرسیارکەرو شوێندانەرەکان لەسەر ڕەوتە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان.

ڕێژیمیش وێڕای ڕووتاندنەوەو پێچۆڵکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان لە کۆمەڵگای خۆیانو ڕامالینی هێزە ئینسانییەکانی شوێندانەر لەسەر ڕەوتی بزووتنەوە نەتەوەییەکان بە جیاکردنەوەی ئەو بەشە لە کۆمەڵگاکەیان بە کردەوە ئەوانیان لە شارە پیشەییەکان گرفتارو سەرقاڵی کاری ڕۆژانە دەکاو پێشهاتەکانی ئەو مەترسییەشی لە خۆی دوور دەخاتەوە.

ئەسپاردنی ئەرکەکەش بە کەسانی ساویلکەی خۆجێیو بەکرێگیراو بۆ هەرچی باشتر جێبەجێکرانی پرۆسەکە بە مەبەستی نەورووژاندنی خەڵكو ڕاکردنو خۆدزینەوە لە بەرپرسیارەتی لە پیلانو فێڵو تەڵەکەکانی دیکەی ڕێبەرانی ڕێژیمە کە ئێستاش لە زۆر کاری دیکەدا دەکاریان دەکا. وەك ئەوەی ئێستا بۆ نێڵدانی تەندووری هەڵبژاردنی نۆهەمین دەورەی سەرکۆماری وێڕای هێنانەبەرباسی پرسی کێشەی نەتەوەکانی ئێران هێزە خۆجێییەکانیان وەك باشترین ئامراز بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان هەڵبژاردوە.

دەبێ بڵێین کە هەوڵو سیاسەتەکانی ڕێژیم بۆ گۆڕینی دێموگرافیی ناوچەکانو پێکهاتەی حەشیمەتی وڵات تەنیا تایبەت بە ئوستانی خووزستان نەبووەو ئەو پرۆسەیە زۆر زووتر لە هەمبەر کوردەکانو لە کوردستاندا پێڕەو کراوەو مێژووەکەی لە شێوازی مۆدێرنو بە گەڵاڵەوە بۆ سەردەمی ڕەزاشا دەگەڕێتەوەو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر هەمان سیاسەتی بەکەڵك وەرگرتن لە میتۆدە نوێیەکان چڕتر ڕەچاو کردوە. بەوحاڵەش پەلەقاژەو هەوڵە داماوانەکەی ڕێژیم تەنانەت لە چوارچێوەی گەڵاڵە یاساییو بەرنامە نهێنییەکانیشدا ئاکامێکی ئەوتۆی بۆ ڕێژیم لێناکەوێتەوە.

نەتەوەکانی ئێران خۆیانو مافە نەتەوەییەکانی خۆیان ناسیوە. بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانیان خەباتیان چڕتر کردۆتەوەو پتر لە هەر کاتێکیش لە سیاسەتە چەپەڵەکانی ڕێژیم بە مەبەستی تواندنەوەو سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتیی نەتەوەکانی ئێران گەیشتون. هەڵبژاردنی بەردەم ئێستای گەلانی ئێران بۆ هەڵبژێران نۆهەمین سەرکۆمارو هێنانەگۆڕی پرسی نەتەوەیی لەگەڵ ئەوەی بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ دووروویيو وەدەرخستنی ڕوخسارە دزێوو ڕاستەقینەکەی کۆماری ئیسلامی، لە هەمان کاتیشدا سەرنەکەوتنیان لە ڕاکێشانی سەرنجی خەڵك نیشانەی وشیاریی سیاسیی ئەو خەڵکە چەوساوەیەیە.

ئێستا هاوکات لەگەڵ لاچوونی پەردە لەسەر ڕوخسارە دزێوو قیزەونی کۆماری ئیسلامی نەتەوەکانی ئێران واتە کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمەنو ئازەری بەرەو یەکگرتوویییەکی سەقامگیرو هاوخەباتییەکی جێگیر هەنگاو دەنێن. هاوخەباتییەك کە گۆڕینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لێی دەکەوێتەوەو هێمای بنیاتنانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵە، پێکهاتەیەکی سیاسی کە تێیدا ڕێز لە مافی نەتەوەیی هەموو نەتەوەکانی ئێران دەگیردرێو دەسەڵات دەرەنجامی ئیرادەی هاوبەشی هەموو گەلانی ئێرانە.

❊❊❊

# ڕاگەیەندراوی هاوبەشی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو حیزبی سەوزەکانی فەرانسە بە بۆنەی سەفەری خاتەمی، سەرکۆماری ئێران بۆ وڵاتی فەرانسە

ڕێکەوتی چواری ئاڤریلی ٢٠٠٥،کۆبوونەوەیەك لە نێوان هەیئەتێك لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب و هەیئەتێك لە حیزبی سەوزەکانی فەرانسە بە سەرپەرەستیی بەڕێز"ویرلەنگ" سکرتێری گشتی حیزبی ناوبراو پێك هات. لەو کۆبوونەوەیەدا، دیدوبۆچوونی هەر دوو لا سەبارەت بە ڕاڤەی ڕەوشی ناوچەکە زۆر لێك نزیك بوون. لەو دیدارە دا هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جەختی لەوە کردەوە کە ئەم حیزبە لە دوایین کۆنگرەی خۆیدا، دروشمەکەی گۆڕیوەو لەمەو دا بۆ سەقامگیرکردنی سیستمێکی دیموکراتیك فیدراڵ لە ئێران دا خەبات دەکا، سیستمێك کە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێران دا دەستە بەر بکا.

ئێستا کە نزیکەی مانگێکی ماوە بۆ دەستپێکردنەوەی وتووێژی دووبارە سەبارەت بە پەیمانی پەرەنەدان بە چەکی ناوکی، هەر دوو هەیئەت پێ لە سەر پێویستی ئاشکراکردنی بەرنامەی چەکی ناوکی لە ئێراندا دەگرنەوەو لەم پێوەندییەدا، ڕۆڵی دیپلۆماسیی ئورووپا بۆ فشار هێنانی پێویست بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بە گرنگ هەڵدەسەنگێنن.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی سەوزەکانی فەرانسە بە بۆنەی سەفەری خاتەمی سەرکۆماریی ئێران بۆ فەرانسە، بە پێویستی دەزانن کە ڕابگەیەنن کە ڕێژیمی ئێران وەك ڕابردوو، درێژە دەدا بە پێشێلکردنی توندو ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ و دۆخەکە لەم پێوەندییەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێ. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بکەین بە ئیعدام لە بەرچاوی جەماوەری خەڵكدا، ئیعدامی لاوانی کەم تەمەن،سەرکوتی خوێندکاران، ڕۆژنامەڤانانو بەڕێوەبردنی سیاسەتی هەڵاواردنی جۆراوجۆر دژی نەتەوەکانیکورد، بەلووچ، تورکمەنو عەرەبو کەمایەتییە مەزهەبییەکانو پێشێلکردنی مافەکانی ژنان.

شیاوی باسە لە درێژەی هەشت ساڵ سەرکۆماریی ئاغای خاتەمیدا، چاك سازییەکی ئەوتۆ لە بواری سیاسیو مافەکانی مرۆڤدا نەهاتۆتە ئاراوە.

بەسەرنجدان بەو بارودۆخە، پێویستە کە هەم فەرانسە و هەم یەکیەتیی ئورووپا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی ئێران بکەنو پێ لەسەر پیادەکردن بڕیارنامەی ڕێکەوتی ٢٢ی سپتامبری ٢٠٠٤ی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو بڕیارنامەی ڕێکەوتی ١٣ی ژانویەی ٢٠٠٥ی پارلمانی ئورووپا دابگرن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**حیزبی سەوزەکانی فەرانسە**
**پاریس ٢٠٠٥/٤/٥**

# هـــەواڵە وەرزشـــی‌یەکان

ئا: ئەشکان



## سەرکەوتنەکانی فووتباڵی ئێران بە ڕاهێنەریی زوڵفەقارنەسەب

یاری‌یـــەکانی وەرزشـــیی وڵاتـــانی ئیسـلامی کـە لـە عەرەبسـتان دەستی پێ‌کردوە، گەیشتۆتە ڕۆژانی کۆتایی‌و لـە ئاستی فووتباڵدا، تیمی دووهەمی ئێـران (ئێرانـــی B) بـــە ڕاهێنـــەریی بیـــژەن زوڵفەقارنەســـەب، ڕاهێنـــەری ســـنەیی فووتباڵی ئێـران لـە گرووپـی دووهـەمی یاری‌یـــەکاندا لەگـــەڵ تاجیکســـتان، سوودان‌و عەمان بەرەوڕوو بـۆوە کـە ٩ ـ ٠ لە تاجیکسـتان، ٤ ـ ٠ لـە سـوودان‌و لەگەڵ عەمان ٠ ـ ٠ بەرابەر بـوون‌و وەك تیمی یەکەمی گرووپی خۆی دیاری کـراو لە قۆناغی پێش کۆتـایی‌دا دەبـێ لەگـەڵ تیمـی دووهـەمی گرووپـی یەکـەم واتـە ئەلجـەزایر بـەرەوڕوو بـێ تـا یـەکێك لـە تیمەکانی یاریی کۆتـایی دیـاری بکـرێ‌و لەگەڵ سەرکەوتووی یاریی عـەرەبسـتان ـ عـەمان بۆ وەدەستهێنانی پلـەی یەکـەمی یاری بکا.

❊❊❊

## پلەی دووهەمی زۆرانی لاوانی عێراق بۆ لاوانی حیزبی دێموکرات



ئاکامی بەڕێوەچوونی یاری‌یەکانی قارەمانیی زۆرانـی لاوانـی عێراق، تیمی لاوانـی حیزبـی دێمـوکرات کـە بـە نوێنەرایـەتیی پارێزگـای سـلێمانی لـەم یارییانـەدا بەشـداریی کردبـوو، پلـەی دووهەمی عێراقی وەدەست هێنا.

ئەم یارییانەدا ڕۆژی ١٨ی خاکەلێوەی ٨٤ دوسـتی پـێ‌کردو دوو ڕۆژی خایاند. ئاکامی زۆرانەوانانی حیزبـی لـە کێشـەکاندا بەم شێوەیە:

٥٠ کیلو، زاهیر یۆسفی، پلەی سێهەم
٥٥ کیلو، ئارام چەمەنگوڵی، پلەی سێهەم
٦٠ کیلو، سامان حەیدەری پلەی سێهەم
٦٦ کیلو، ئەنوەر میهماندوست، پلەی چوارەم
٧٦ کیلو، کامران فاتحی، پلەی سێهەم
٨٤ کیلو، هێرش ئەمجەدی، پلەی یەکەم
٩٦ کیلو، هێمن قادری پلەی دووهەم
١٢٠ کیلو، سەعید سەبزی، پلەی سێهەم

هەروەها لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئەم یارییانەوە، کـارۆ ڕەسـووڵی ڕاهێنەری تیمی لاوانی حیزب، وەك باشترین ڕاهێنەر دیـاری کـراو هێرش ئەمجەدی‌و هێمن قادری بۆ پێکهێنانی تیمی لاوانـی عێـراق بانگهێشتن کران.

❊❊❊

## یاری‌یە سەرەتایی‌یەکانی جامی جیهانیی ٢٠٠٦ لە ئاسیا

قۆناغی چوون (ڕفت)ی یاری‌یە سەرەتایی‌یەکانی فووتباڵی ئاسیا بۆ بەشداری لە یاری‌یەکانی جامی جیهانیی ٢٠٠٦ی ئاڵمان کۆتایی پێ‌هات‌و وڵاتانی بەشدار خۆیان بۆ یاری‌یـەکانی گەڕانەوە ئامادە دەکەن. لە گرووپی یەکەمی یاری‌یەکاندا تیمی ئێران لە سێ یاری‌دا ٧ خاڵی کۆ کردۆتەوەو لە سەرەوەی ڕیزبەندی دایەو ژاپـۆن ٦ خـاڵی هەیـە. گـرنگترین یـاریی ئـەم گرووپە یاریی ئێران ـ ژاپۆن بوو. ئەم یاری‌یە لە یاریگای ١٠٠ هەزار کەسیی تاران بەڕێوە چوو کە لە ئاکام‌دا ئێران سەرکەوتنی ٢ـ ١ وەدەست هێنا. شایانی باسە لە کـاتی هاتنـەدەری بینەرانی یاری‌یەکەدا، ٧ کەس کەوتنە ژێر لاقی حەشیمەتی زۆری یاریگاو گیانیان لە دەست دا. لێکۆڵینەوە لەسەر هۆیەکانی ئەم ڕووداوە هێشتا بەردەوامە.

لە گرووپی دووهەم‌دا کورەی باشووری ٦ خاڵی هەیەو لە سەرەوەی ڕیزبەندی دایەو عەرەبستان ٥ خاڵی هەیە. گرنگترین یاریی ئەم گرووپە لـە نێـوان کـورەی باشـوورو عـەرەبسـتان بەڕێوە چوو کە لە ئاکام‌دا عەرەبستان ٢ـ ٠ سەرکەوتنی وەدەست هێنا.


ڕیزبەندیی گرووپی یەکەم:

| ڕیز | تیم | یاری | بردنەوە | بەرابەر | دۆڕان | گوڵەکان | خاڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ـ | ئێران | ٣ | ٢ | ١ | ـ | ٤ ـ ١ | ٧ |
| ٢ـ | ژاپۆن | ٣ | ٢ | ـ | ١ | ٤ ـ ٣ | ٦ |
| ٣ـ | بەحرەین | ٣ | ١ | ١ | ١ | ٢ ـ ٢ | ٤ |
| ٤ـ | کورەی باکوور | ٣ | ـ | ـ | ٣ | ٢ـ ٦ | ـ |

ڕیزبەندیی گرووپی دووهەم:

| ڕیز | تیم | یاری | بردنەوە | بەرابەر | دۆڕان | گوڵەکان | خاڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ـ | کورەی باشوور | ٣ | ٢ | ـ | ١ | ٤ـ ٢ | ٦ |
| ٢ـ | عەرەبستان | ٣ | ١ | ـ | ـ | ٤ـ ٢ | ٥ |
| ٣ـ | کوێت | ٣ | ١ | ١ | ١ | ٣ـ ٣ | ٤ |
| ٤ـ | ئۆزبەکێستان | ٣ | ـ | ١ | ٢ | ١ـ ٥ | ١ |

یاری‌یەکانی گەڕانەوە (برگشت) لە مانگی جۆزەردان‌دا دەست پێ دەکاتەوە. پێویستە بگوترێ یەکەم‌و دووهـەمی گرووپـەکان ڕاسـتەوخۆ لـە جـامی جیهـانی‌دا بەشـداریی دەکـەن‌و سەرکەوتووی سێهەمەکانیش لەگەڵ تیمی چوارەی کۆنکاکاف یاری دەکا تا سەرکەوتووی ئەو یاری‌یە لە جامی جیهانیی ٢٠٠٦دا بەشداری بکا.



ماڵەکەمی چاوی دەربێنە، داوەر ئاگای لـێ نیە.

# ڕیفۆرمخوازی یان شەڕ لەگەڵ مێژوو؟

خاڵە

سەرنج:

**ماوەیەکە قۆڵی بە ڕواڵەت ریفۆرمخواز لە ڕێگای مۆرەکانی نێو دەسـەڵات‌و دەرەوەی دەسەڵاتەوە لە شارەکانی کوردستان، جموجـۆڵێکی بـەربڵاویان بـۆ کۆکردنـەوەی دەنگـی خەڵکی کوردستان دەست پێ کردوە. ئەم بەڕواڵەت ریفۆرمخوازانە کە بەشێکیان لە مـۆرە کوردەکـانی نێـو دەزگـای دەسـەڵاتدارەتین، دەیانهـەوێ بـە قسـەکردن لـە مافـە نەتەوایەتی‌یەکانی کوردو هەروەها هێنانەخواری ئاستی ویسـتە سیاسـی‌یەکانی خـەڵکی کوردستان‌و جێکردنەوەی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی‌دا، خـەڵکی کوردسـتان چەواشـە بکەن‌و بیانبەنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننـەوە سـەرنجێکی کورتە لەسەر ئەو دیاردەیە کە یەکێك لە لایەنگرانی حیزب لە کوردستان نوسیویەتی.**

١ــ ئـەو تاقمـە بـەو پێـیە کـە لـە بەرپرسانی نێو دەزگاکانی دەسـەڵاتن کـە لـــەو قۆناغـــەدا یـــا بەرپرســـارەتیی پۆسـتەکانیان لـە دەسـت دەدەن یـان لـە دەســـتیان داوە" تـــەنیا دەتـــوانن موعـامیلەیـــەك بـــێ لەگـــەڵ تـــاقمی ڕاستگەرا تـا بتـوانن لـە داهـاتوودا بـە وەدەستهێنانەوەی دەوڵـەت پۆسـتەکانیان وەدەسـت بێننـــەوە. هەڵبـــەت ئێســـتاش بەڕواڵەت دەوڵەت لە دەستیان دایە، بەڵام چـونکە هیچیـان لـە دەسـت نـەهاتوە، بۆغزی خۆیان هەڵدەڕێژن‌و دەیانهەوێ بـە خەڵکیش بڵێن کە ئەوان ڕاناوەستن.

٢ـ لە لایەکی دیکەوە ڕەوتـی مێـژوو بە قازانجی گەلی کورد لە جووڵانەوە دایە. ئەوانە دەیانهەوێ پێش مێژوو بگرن، بـەو جـۆرە کـە" ویسـتەکانی خـەڵکی کـورد ئەوەندە چووکەو بەرتەسك بکەنەوە کە لە چوارچێوەی یاسای کۆمـاری ئیسـلامی‌دا جێی بێتەوەو لـە نێـو بـیروڕای گشـتی‌دا خۆیـان وەك نوێنـەری خـەڵك بناسـێنن‌و دنیـــای دەرەوەش وا تێبگەیـــەنن کـــە ویستەکانی گەلی کـورد جێبـەجێ بـووە. لەڕاســـتی‌دا ئـــەوانیش وەك خـــەڕازی هەڵسوکەوت دەکەن کە لە ئیتالیا لەگـەڵ گیرانی ئۆجەلان‌دا بە ڕۆژنامەنووسانی وت لە ئێران کێشەیەك بەناوی کێشـەی کـورد نیە.

٣ـ ئەو تاقمە دەیانهـەوێ دەوڵـەتێك پێـــك بێـــنن لـــە دەوڵـــەتی خاتـــەمی ریفۆرمخـــوازتر بـــێ! بێگومـــان نـــاتوانن، چونکە دەوڵەتی خاتـەمی لانیکـەم چـوار ساڵ نوێنەرایەتیی خەڵکی لەگەڵ بوو، بـۆ خۆشـی هـەر جۆرێـك بـێ هەشـت سـاڵ سـەرکۆمار بـووو هیچیشـی بـۆ کـورد نـەکرد. ئـەو تەنانـەت نـەیتوانی یـا (نەی‌ویســـت) ئەســـڵی ١٥ی قـــانوونی ئەساســـی وەگـەڕبخا کـە لـە وڵاتـانی پێشکەوتوودا زۆر لە مێژە جێبەجێ بووە. هەڕەشەی نوێنەرانیش (نوێنـەرانی کـورد لـە مەجلیســی شــووڕای ئیســلامی‌دا) نەیتوانی لـە دانـانی ئوسـتانداری غـەیرە کـورد بـۆ ئۆسـتانی کوردسـتان پاشـگەز بکاتـەوە، لـە کاتێـك‌دا هـەر ئـەو ریفۆرمخوازانەی ئـەمڕۆ لەسـەرکار بـوون‌و پشتیوانی قاتعی بوون.

٤ـ ئایا هەتا ئێستا ئـەو دڵسـۆزانەی کوردســتان توانیویانــە باســێك لــە چارەســەری بنچـینەی مەسـەلەی کـورد بکەن؟ یان توانیویانە زەمینەیـەکی لـەبار بۆ دیالۆگ‌و وتووێژێکی جیددی لە نێـوان ڕێژیم‌و ئۆپۆزیسیۆن‌دا بڕەخسـێنن؟ ئەوانـە لە قسەکانیان‌دا باسی دێموکراسی دەکەن! مەگەر ئەوانـە نـازانن کـە لـە ڕێـژیمێکی ئیـدئۆلۆگی پشـتبەسـتوو بـە ویلایـەتی فەقیـهدا دێموکراسـی ڕاسـتەقینە بـێ مانایـەو داخوازی‌یـەکانی کوردیـان لـە چوارچـێوەی کۆمـاری ئیسـلامی‌دا بـۆ جێبـەجێ نابـێ‌و کۆمـاری ئیسـلامی هەڵگری ویستی کورد نیە؟ نەتەوەیەك کە لە سەرەتای سەدەی ٢١دا خۆی ناسـیوەو نایهەوێ لە نەتـەوەکانی دیکـە دواکـەوێ یان کەمتر بێ، ئەویش لـە کاتێـك‌دا کـە شـنەبای ئـازادی‌و سەربەسـتیی کـورد چەندین ساڵ بوو هەڵی کردبـوو، خەریکـە بەڕەسمی‌و لە یاسای بنەڕەتی‌دا مافـەکانی مسۆگەر دەکرێ.

٥ـ ڕێژیم بەو کارانە وا لەو ڕێخسـتنە دەیهـەوێ وا نیشـان بـدا کـە هـەموو ویسـتەکانی نەتـەوەکانی ئێـران لـەو چوارچێوەیەدا جێی دەبێتەوە. بەو چەشـنە دەیهەوێ ئابروویەك بۆخۆی بکڕێتەوە.

**ئەو تاقمە دەیانهەوێ دەوڵەتێك پێك بێنن لە دەوڵەتی خاتەمی ریفۆرمخوازتر بێ! بێگومان ناتوانن، چونکە دەوڵەتی خاتەمی لانیکەم چوار ساڵ نوێنەرایەتیی خەڵکی لەگەڵ بوو، بۆ خۆشی هەر جۆرێك بێ هەشت ساڵ سەرکۆمار بووو هیچیشی بۆ کورد نەکرد**

٦ــ بەشـدارانی ئـەو کارنەواڵانـە بـە خۆشی‌یەوە بۆ گەلی کورد ناسراون. ئەگەر وا نەبوایـە بۆچـی لـە هەڵبژاردنـەکانی مەجلیس‌و شووراکانی شارکان‌دا دەنگیـان نـەهێناوە؟ گەرچـی بـە تـەواوی هێـزەوە بەشدارییان کـرد، بـەڵام خـەڵك دەنگیـان نەدانێ.

٧ـ ئەو تاقمە لـە وتـەکانیان‌دا باسـی گرەنتی دەکەن! بەڕاستی گرەنتی لـە کـێ وەردەگرن؟ ئایا ئەو کەسەی دەیهەوێ بێتە سـەرکۆمار، لـە ئاغـای خاتـەمی بـۆ دەسـەڵاتدارانی ڕێـژیم خۆشەویسـتتـرە؟ دیارە وا نیە. جا کـەوابوو ئەگـەر هـاتوو یەکێك لەو پاڵێوراوانە گرەنتی دانێ، ئیتر مافی کورد دراوەو ئەوانـەش بـە ئامـانج گەیشتون؟ نا، ئەو جـۆرە گرەنتییانـە نـە تەنیا شتێکی بێ بنەمان، بەڵکوو جۆرێك بەکەم گرتنـە. لـە کۆتـایی‌دا دەڵـێین کـە خـــەڵکی کوردســـتان فریـــوی ئـــەو پڕوپاگەندەیە نـاخۆن‌و جـارێکی دیکـەش هەڵبژاردن پووچەڵ دەکاتەوە.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan


No: 411   20 Apr  2005

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com   http://www.pdk-iran.org   www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com   e- mail: pdkiran@club-internet.fr   e- mail: rdk_iran@yahoocom


## ناڕەزایەتیی کانوونی نووسەرانی ئێران لە داخستنی چاپەمەنی لە ئێران دا



دەروێشیان

کانوونی نووسەرانی ئێران لە بەیاننامەیەك دا داخستنی گۆڤارەکانی

"کارنامە"و "جامعە نو"ی مەحکووم کردو خوازیاری بڵاوبوونەوەی ئەو دوو گۆڤارەو دەیان گۆڤارو ڕۆژنامەی دیکە بوو کە لەم ساڵانەی دواییدا داخران.

عەلیئەشرەفی دەروێشیان نووسەری بەناوبانگو یەکێك لە ئەندامە لە مێژینەکانی کانوونی نووسەران لە بارەی ئەو بەیاننامەیەوە بە "ڕادیو فەردا"ی گوت: بەیاننامەی ئێمە لە بارەی داخستنی کاتیی گۆڤاری "کارنامە"وەیە. ئێمە لە بەیاننامەکەمان دا ناڕەزایەتیمان دژی ئەم مەسەلەیە دەربڕیوەو هەروەها وەبیرمان هێناوەتەوە کە ئەمە بە دوای داخستنی زۆر بڵاوکراوەی کەلتووری، ئەدەبیو هونەریی بەناوبانگ دایە. ژمارەی ئەو گۆڤارانە لەوانەیە بگاتە ١٥. ئێمە داوامان کردوە هەرچی زووتر ڕاوەستانی ئەم بڵاوکراوانە کۆتایی پێ بێ.

بڕیاری داخستنی گۆڤاری مانگانەی "کارنامە" ٢٤ی ڕەشەمەی ڕابردوو لەلایەن هەیئەتی چاوەدێری بەسەر چاپەمەنیدا، بەبیانووی بڵاوبوونەوەی بابەتی نەگونجاو لەگەڵ عفت عمومی(پاکیی گشتی) دەرچوو. ڕادیو فەردا

## زیاتر لە ٥٠٠کەس لە نەغەدە بەشداریی خولی فێرکاریی خوێندنو نووسینی کوردییان کردوە

**حەوتوونامەی سیاسی، ئابووری کەلتووریی مێرگژان:** یازدەهەمین خولی فێرکاریی خوێندنو نووسینی کوردی (سۆما) لە شاری نەغەدە کۆتایی هات. بەڕێز خدر بەهرام بەیگی نوێنەری سۆماو بەرپرسی ئەم کلاسانە لە لێدوانێك دا بۆ "مێرگژان"، ڕایگەیاند کە تا ئێستا زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە خوشکانو برایان لەم خولانەدا بەشدارییان بووەو بڕوانامەیان وەرگرتوە. هەروەها ناوبراو ڕای گەیاند کە خولی نوێی کلاسەکان پاش پشوودانی نەورۆزو سیزدەبەدەر دەست پێدەکا.

## حاکمانی "دارالسلام" سەگەکانی "نوگرە سەلمان"

بەرلەماڵاوایی

ع. وریا

چەند ڕۆژێکە بەرەژانی نووسینێك لە بارەی ئەنفال لە ١٧ ساڵەی ئەو کامڵترین بیرەوەرییەی گەلی کورد لە ژیان لە عێراقو لە بن سێبەری دەسەڵاتی ڕێژیمی بەعس دا، دەمهێنیو دەمبا. چەند ڕۆژێکە بیرۆکەی جۆراوجۆر لە بارەی هەوێنی نووسینی ئەو یادە، لە مێشکم دا ململانێیانە، بەڵام لە سەر هیچیان ساغ نابمەوە.

مرۆڤ، ئەگەر لە بەزەییو هەستو سۆزی ئینسانیو، لە ویژدانو ئەخلاقو شوعوورێکی ساغ نەسڕابێتەوە، تەنیا ئەم دیمەنەی بەسە بۆ ئەوەی تەمەنێك هەستو نەستو "شعور"و لاشعور"ی پێیەوە خەریك بن، لەگەڵی دا بژینو بە دەم تاڵیو ئێشو ئازارە قووڵەکانی بیستنو بینینو وێناکردنەوەی ئەم دیمەنەوە جینگڵ بدەن:

**"من خۆم سێ منداڵم مردن، دوو کوڕو کچێك. کچەکەم . . . شەونم، لە ترس، تووشی پەرکەم هات، شەش ساڵی بوو، ئەبووراوە. هەر داوای بەفری دەکرد، بەهاریش بوو، بەفر دەست نەدەکەوت. چوومە لای عەسکەرەکان. هیچ فایدەی نەبوو. جنێویان پێدام. هەر لە سەرەمەرگ دا داوای خەیاری دەکرد. خەیاریش نەبوو، زانیم نامێنێ. مامی هێندێ جلوبەرگی بۆ ناردبوون. هێندێکیانم کردە خێرو هێندێکم لەبەر منداڵەکانی خۆم کردبوو. پێڵاوێکی سەوزی تێدا بوو. کچەکەم گیانی نەدەدا . . . چارەم نەما . . . پێڵاوەکەم دا دەست، قەپی لێدا . . . مرد.**

**کە مردبوو قاچی چەمابوو، منیش هۆشم نەبوو. ئەوان دەهاتنو قەدیان دەگرت. قەبری چی . . . تۆزێك زەوییان هەڵ دەداو تێیان داویشتن. هیچ نەبوو تێیان پێچن . . . ئەگەر کەسێك شتێکی خاوێنی هەبا تێی دەپێچا . . . لە ئەژنۆڕا قەدیان گرتبوو، ئامۆژنی لەگەڵم هاتە قەبران . . . کە چووینە قەبران، کچەکەم دوو بست زیاد بوو. زۆریان جنێو پێدام. وتم سەعات ١٠ی شەو مردوە، ئێستا ١٠ی بەیانییە. هۆشم نەبووە کە قاچی چاك بکەم. . . هەروا چەپاندیانە ناو قەبرەکە . . . ماوە کچە گەورەکەم. جەحێڵ بوو. زۆر جوان بوو . . . بردیان . . . نەیانهێناوە . . . ناوی شارۆ بوو. . .." (١)**

***

دەبێ لە پرۆسەی هەڵقەندنی ئەو ١٨٢ هەزار ژنو منداڵو پیرو لاوە کوردە لە زێدی باب‌وباپیرانیان داو، لە ڕەوتی ڕاپێچ کردنیان بۆ مۆڵگەو مەعەسکەرەکانی ئەرتەشی سەددام حوسێنو هێشتنەوەیان لە قەڵا سەربازییەکانی وەك "نۆگرە سەلمان"و زیندە بەچاڵ کردنیان لە بیابانە ئەو سەر نادیارەکانی ئەم وڵاتی مەرگو خوێنو وەحشەتەدا، چەند نموونەی لە چەشنی ئەو دیمەنەی "نەبات فایەق ڕەحمان" دەیگێڕێتەوە، ڕوویان دابێ؟ هەزار؟ دەهەزار؟ سەد هەزار؟ میلیون . . .؟! چیرۆکی دابڕانی ئەو ١٨٢ هەزار مرۆڤە لە ژینگەو نیشتمانی خۆیان، چیرۆکی لەبرسانو لە تینووان مردنی هەزار هەزاری منداڵە مەعسوومەکانی گەرمیان، داستانی ترسو وەحشەتو وێرانبوونی ڕوحیی ئەو مرۆڤانەی بە چاوی خۆیان ڕەوانە کرانی مێردو براو و کوڕەکانیان بۆ توونی مەرگیان بینی، بەسەرهاتی ئاسایی بوونی دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتی دیلو، بینینی گۆشتو ئێسکی جگەر گۆشەکان لە نێو دەمی سەگە ڕەشەکانی "نوگرە سەلمان"دا بە میلیون دیمەن لە مەزلۆمییەتی مرۆڤی کوردو، لە دڕندەیی گورگەکانی پەروەردەبوو لە مەکتەبی حاکمانی "دارالسلام" یان تێدایە، با هیچ کامێرایەکیش نەبووبێ وێنەی ئەو دیمەنانەی گرتبێ. گوێ لە هەر شاهیدعەیانێکی ئەنفال بگری، بە دەیان دیمەنی لەو چەشنەت بۆ دەگێڕێتەوە.

***

دەمەویست جلەوبەدەستانی ڕێژیمی بەعس بە "سەگەکانی نوگرەسەلمان" بچووێنم. بەزەییم بەسەگەکان داهاتەوە. چونکە بە پێچەوانەی سیما ناسراوەکانی ڕێژیمی بەعس (سەددام، عەلیحەسەن مەجیدو . . . ) کە سەمبۆلی دڕندەیی، خوێنڕێژیو وێرانکارین، سەگ، تا ئێستاش لە ئەدەبیاتو فولکلوری ئێمەی کوردو نەتەوەکانی دەوروبەردا، نموونەی وەفاو ئەمەگناسییە. لە لایەکی دیکەوە، خۆ "سەگەکانی نوگرە سەلمان" تاوانێکیان نەکردوە ئەگەر لە برسان، گۆشتی ئەو منداڵانەیان خواردوە کە سەددام حوسێنو ڕێژیمەکەی هۆکاری کوشتنیانو فڕێدانیانن.

لە سەگەکانی نوگرە سەلمان دڕندەترو، تەنانەت لە گورگەکانی هەموو وڵاتێك وەحشیتر، زیندووخۆرتر، خوێنڕێژتر، حاکمانی بەغدای دوێنێ بوون. ئەو حاکمانەی ناوی "دارالسلام"یان لەسەر بەغدایەك دانابوو کە لە سێبەری حوکمڕانیی ئەوان دا، ساتێك "سلام" (ئاشتی)ی بە خۆوە نەدیو بێجگە لە ئازارو ئەشکەنجەو ئیعدامی ڕۆڵەکانی نەتەوەو ئایینە جۆراوجۆرەکانی عێراقو، ڕاگوێزانو ماڵوێرانیو بە کوشت چوونی بە خۆڕایی لە شەڕە یەك لە دوای یەکەکان دا، هیچ بیرەوەرییەکی دیکەی لە "پاڵەوانی ئاشتیو سەرکەوتن"(٢) نیە. ئەوەی ئەوان دەیانکرد، لە حکوومەت کردن بەولاوەتر بوو... ئەگەر لە دەقە ئایینییەکان دا دەخوێنینەوە کە "خواوەند هەرچی مەیلی لێبێ دەبێ"و هەر ئەوەندە بەسە بڵێ: "ببە، دەبێ"، سەددامو کوڕەکانیو عەلی حەسە مەجیدی ئامۆزاشی، لەسەر خاکی عێراق چیان پێخۆش باو هەرچییەکی ویستبایان، دەبوو جێبەجێ ببێ! ژیانی ئەفسانەیی سەددام لە نێو کۆشکە بێئەژمارەکانیدا، ڕەفتاری کوڕەکانی لەگەڵ سامانی وڵاتی عێراقو چۆنیەتیی جێبەجێکردنی حەزو ئارەزووە جینسیو ماڵییەکانیان، فەرمانەکانی عەلی حەسەن مەجید کە ئەمری دەکرد گیانی ٥ هەزار کەس لە هەڵەبجە بە چەند دەقیقەیەك بستێنرێ خەڵکی هەزاران گوندی کوردستان ئەنفال بکرێن، خۆ لەجێی خودای خەڵك دانان بوو، نەك حکوومەت کردن.

***

"ئەنفال"، برینێکی قووڵە لە هەناوی نەتەوەیەك دا، زۆر لەوە گەورەترە بە یادکردنەوەیەکی ساڵانە وازی لێ بهێنرێ. خوێندنەوەی ئەنفالو ڕەهەندو شوێنەوارە جۆراوجۆرەکانیو، چۆنیەتیی کارکردن لە لایەکەوە بۆ سڕینەوەی شوێنەوارە جۆراوجۆرەکانی لە ڕۆحو گیانی پاشماوەکانی ئەو کارەساتەو، لەولاشەوە بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئەو بەڵگە گەورەیەی مەزلومییەتی کوردو دڕندەیی دوژمنانی لە ویژدانی مرۆڤایەتیدا، هەنگاونان لە ئاستی نەتەوەیی دا پێویستە.

(١) ژنێك لە ئەنفال دەدوێ (کورتکراوەی وتووێژێکی یەکسەعاتەی ڤیدیۆیی لەلایەن شەهلا دەباغی لەگەڵ بەڕێز نەبات فایەق، یەکێك لە بەشدارانی کونفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد لە ستۆکهۆڵم) ماڵپەڕی دیمانە، ٢٠٠٥/٤/١٦

(٢ ) "بطل النصر والسلام" ناوێك کە سەددام لەسەر خۆی دانابوو!

## لە جیهانی عەرەب دا دەسەڵاتداران کۆسپی سەرەکیی پێشکەوتنی دێمۆکراسین




ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی خۆی لە بارەی گەشەو پەرەسەندنی مرۆیی لە جیهانی عەرەب دا کە سەرەتای ئەم مانگە بڵاوی کردەوە، دەسەڵاتداران وەك کۆسپی سەرەکیی پێشکەوتنی دیموکراسی لە جیهانی عەرەب دا، دەناسێنێ. لەو ڕاپۆرتەدا گوتراوە لە وڵاتانی عەرەبی دا، هەموو دەسەڵاتەکە لە دەست تاقە کەسێك دایە کە ڕەوایی خۆی لە ئایین یا بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان وەردەگرێ.

ڕاپۆرتەکە دەڵێ لە ئاکامی کردەوەکانی دەسەڵاتدارانی وڵاتی عەرەبی لە سەردەمی ئێستادا، نەبوونی ئازادی بووە بە سەرچاوەی زۆر لە گیروگرفتەکانی ئەو وڵاتانە بۆ وێنە گەشەی سستی سەرمایەدانانو لێنەهاتوویی لە زانستەکانو داهێنانەکان داو پێشێل کردنی مافی مرۆڤ.

هەر ئەوەندە بەسە بگوترێ کە لە ٢١ وڵاتی عەرەبی، لە ١٧ وڵات دا بڵاوکردنەوەی کتێب بێ وەرگرتنی ئیجازە، قەدەغەیەو، وەرگرتنی ئیجازەی بڵاوکردنەوەش، ڕێگایەکی زۆر سەختو دوورو درێژە. لە ٧ وڵات دا تێکۆشانی حیزبەکان قەدەغەیەو لە ٣ وڵاتیش دا لە مێژساڵە هەلومەرجی نائاسایی ڕاگەیەندراوە. زۆر لە دەسەڵاتدارانی عەرەب پێیان وایە ئەوان تەنیا کەسانێکن کە دەتوانن ئاسایشی هاونیشتمانانیان بپارێزن.

دوای یازدەی سێپتامبری ٢٠٠١و لەشکرکێشیی ئەمریکا بۆ عێراق، داوای ڕیفورم لە وڵاتانی عەرەبیدا پەرەی گرت. هێندێك وڵاتی وەك میسرو عەرەبستان هەوڵیان دا ڕۆڵێکی دیموکراتیك لەخۆیان نیشان بدەن. بەڵام پسپۆڕانو شارەزایان لەو بڕوایەدان کە ئەوەی ئەنجام دراوە تەنیا بۆ پێشاندانی ڕواڵەتێکی جوان بووەو دژکردەوەیەك بوون بەرامبەر بە فشاری دەرەوە.

شارەزایانی کاروباری ناوچە پێیان وایە تەنیا ڕێگای بەرەوپێشچوونی ئەو وڵاتانە، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕیفورمخوازی جەماوەرییە کە ئامادەی خەباتی درێژخایەنو ئاشتیخوازانە بۆ گەیشتن بە دیموکراسی بن. ئەگەرچی بە بوونی دەسەڵاتدارانی ئێستاوە ئەمە کارێکی زۆر دژوارو لە چاوەڕوانی بەدوورە.

ایران امروز

## بەرنامە بۆ سەرۆك کۆماری داهاتوو:

**وەرگیراو لە ستوونی "بڤە"ی ژمارە ٧ی "مێرگژان" ١ی خاکەلێوەی ١٣٨٤، نووسینی "شین شنۆیی"**

بە هزرو بۆچوونی بەڕێوەبەرانی وڵات، واباشە پاڵێوراوانی سەرۆك کۆماری باس لە مافی گەلانی ئێران نەکەن، نەوەك خوای نەخواستە ببێتە مایەی دڵخۆشیی دوژمنان. دیارە ئەم بڕیارە ئێمەی ڕیفورمخوازی کوردیش دەگرێتەوە. جاکەوابوو داوا لە هەموو لایەك دەکەین لە کۆڕو کۆبوونەوەکان دا باسی پلۆرالیسم دامەزرێننەوەو دەورەیەکی تری سەرۆك کۆماریش بەم پرسە رابوێرن. ئەگەر تێگیراوییەکیشمان هەبێت، ئەوا بە یارمەتیی ڕیفورمخوازانی ناوەندنشین جێبەجێی دەکەین.

**دەرەنجام**

ئەمە گۆرانیی سەردەمی منداڵییەو ئێستاش مانای هەرماوە:

داوەتی قەلانە دگ دگ  نەزمەکەی چەلانە لگ لگ

**بەرنامە بۆ ساڵانی داهاتوو:**

بڕگەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی دەخەینە ناوجۆلانەو لای لای بۆ دەڵێین:

هەی لایە لایە ڕۆڵە لای لایە     مات بە پێت بڵێم لەبەرچی وایە


قەڵەم دەس دەیە ببە مەکتەبی     زۆر شت بزانە، کوردی فێرنەبی

کوردی خراپە بۆ ئەم ژیانە     لەت لەتی دەکا ئەم نیشتمانە

سەرت بەردەوە ملت نەوی کە     ژیان مەشێوێنە لە خەڵکی دیکە

هەی لایە لایە ڕۆڵە لای لایە     کە بە قسەم نەکەی پێت دەڵێم لایە

## کوژرانی لاوێکی دیکە بەدەست هێزە بە ناو ئینتیزامییەکان




تۆفیق ڕەحمەتی

ڕۆژی چوارشەمە ٢٤ی خاکەلێوە، لاوێکی نەغەدەیی بە ناوی واحید ڕاك کە ماشێنێکی گالانتی پێ دەبێو بە گوندی خراپەی سەر بە شاری پیرانشاردا دەیهەوێ بگەڕێتەوە، لەگەڵ تەعقیبو ڕاوەدوونانی هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم بەرەوڕوو دەبێ. کاتێك ئەو هێزانە دەگەنە سەری، بێ پرسیار لێکردن دەیدەنە بەر دەسڕێژی گوللەو هەر لەوێ دەیکوژن. ئەوە چەندەمین جارە هێزە بە ناوی ئینتیزامییەکان لە چەند مانگی ڕابردوودا جینایەتی لەم چەشنە ئەنجام دەدەن.

بۆ وەبیر هێنانەوە، لە ١٣٨٣/٩/٢٢دا لاوێکی خوێندکار بە ناوی تۆفیق ڕەحمەتی خەڵکی پیرانشار کە بۆ دابینکردنی خەرجیو پێویستییەکانی زانکۆ، بە ئەسپی براکەی چووبوو بۆ کاروان، لە دۆڵی قزقەپان سەعات ٩/٣٠ی شەو کەوتە کەمینی ئەو هێزانەو گیانی لێ ئەستێنرا.

## فیلمی هێرشی ئەتۆمیی ئێران بۆ سەر ئەمریکا پێشان دەدرێ




ماڵپەڕی "وۆرڵد نێت دەیلی" هەواڵی کۆتاییهاتنی بەرنامەیەکی تەلەفزیونیی ڕاگەیاند

کە تەرخان کراوە بۆ وێناکردنی هێرشی ناوکیی ئێران بۆ سەر ئەمریکا.

ئەو بەرنامەیە کە ناوی "هێرشی ئەتۆمیی ١١ی سێپتامبر"ەو بە پێی فیلمنامەیەك بە ناوی "ئێرانی ئەتۆمی" دروست کراوە، لە ماوەی ٢ حەوتووی داهاتوودا لە ٢٠ ناوەندی بازرگانیی ئەمریکادا پێشان دەدرێ. پسپۆڕانی کاروباری ستراتیژیك لەسەر ئەو بڕوایەن کە بڵاوبوونەوەی ئەو فیلمنامەیە وێناکردنی، سەرەتایەکە بۆ زەقکردنەوەی مەترسیی دەستڕاگەیشتنی ئێران بە توانای ناوکی لە بیروڕای گشتیی ئەمریکادا، تا لە ئاکام دا دەستی سیاسەتمەدارانی ئەمریکا بۆ گرتنەپێشی سیاسەتی توندتر بە دژی ئێران ئاوەڵا بێ. بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی ناوبراو کە هەواڵە ئەمنییەتیو سوپاییەکانی ئەمریکا بڵاو دەکاتەوە، نووسەری فیلمنامەی "ئێرانی ناوکی" کەسێکە بە ناوی "جرۆم کورسی"و لە زانستگەی هاروارد خوێندنی تەواو کردوەو، کار بۆ نیویۆرك تایمزو I.B.C دەکا. ئەو کابرایە دەڵێ ئێران بەدوای وەدەستهێنانی چەکی کوشتاری بەکۆمەڵەوەیەو، کاتێك بتوانێ چەکی ئەتۆمی بەرهەم بێنێ، "هێرشی ئەتۆمیی ١١ی سێپتامبر" هەڕەشەیەکی حەتمییە.

فیلمنامەکە نیشان دەدا کە تەقینەوەی ١٥٠ هەزار تۆن ماددەی تەقینەوە لە نیویۆرك دەتوانێ ببێتە هۆی وێرانیی زۆر لە شارەکانو ١٥ میلیۆن کەس بکوژێو پاشان لە ماوەی چەند ڕۆژی دواتردا یەك میلیۆنو ٥٠٠ هەزار کەسی دیکەش لەنێو ببا. فیلمی تەلەفزیۆنیی "ئێرانی ئەتۆمی" بۆ ماوەی ١٣ ڕۆژو ڕۆژێ ٤ جار لە ٢٠ ناوەندی بازرگانی لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا وەك میسیسیپی، تێکزاس، کالیفۆرنیا، نیوجێرسی، ئالاباما، واشینگتۆن، پێنسیلوانیاو چەند شاری دیکە نیشان دەدرێ. فیلمنامەی "ئێرانی ئەتۆمی" لە زیاتر لە ٣٠٠ لاپەڕەدا وەك کتێب دەفرۆشرێو نرخەکەی ٢٧ دولارە. تا ئێستا زیاتر لە ٢٢٠٠ نوسخەی لە ڕێگای ئەنتێرنێتەوە فرۆشراوە.

ماڵپەڕی "پیك ایران"